# گۆڤاری
# گیرفان

وەرزە گۆڤارێکی رۆشنبیریی گشتی سەربەخۆیە
کۆمەڵێك روناکبیر لەگەرمیاندا دەریدەکەن
ژمارە )٥( ساڵی دووەم، مانگی نیسان ٢٠٠٧

**خاوەنی ئیمتیاز و سەرنوسەر**
مەلا تەحسین گەرمیانی
ژ. مۆبایل ( ٠٧٧٠١٥٧٥٤٩٢ )

**بەرێوەبەری نوسین**
ئومێد بەرزان برزۆ
ژ. مۆبایل ( ٠٧٧٠١٩٠٩٢٢٢

**دەستەی نوسەران**
ئیبراهیم سدیق سامان کەریم
کەریم ئەحمەد تایشەیی

**ماڵپەری ئینتەرنێت**
www.dengekan.com
E-mil govarigirfan@yahoo.com

**ناونیشان**
کەلار - کتێبخانەی بێدار

دیزاین: ئارام لوقمان
چاپ: چاپخانەی رەهەند-سلێمانی

## لەگۆڤاری گیرفانەوە..

بۆ ئەو نوسەرو رۆژنامەنوسە بەرێزانەی کەبابەتمان بۆ دەنێرن، داوایان لێدەکەین رەچاوی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بکەن:

١- بابەتی کورت و بە پێز.
٢- وێنەی نوسەر.
٣-ئەگەر بکرێت بابەتەکە تایپ کرابێت.
٤-بابەتی وەرگێڕان پێویستە وێنەی ئەو بابەتەی لەگەڵدا بێت کەلێیەوە وەرگێڕاوە.

## پێڕست

**پەیڤی گۆڤار** 5
نووسینی: سەرنوسەر

**ریپۆرتەری دادگا** 7
نوسینی:جف پریدمور وەرگێڕانی: مەجید ساڵح

**پێگەی رۆژنامەنووس لەئینتەرنێتدا کامەیە؟** 12
ئامادەکردنی: سامان عەزیز

**خەیاڵ لەلای گەورەو منداڵ.. نوسین بۆ منداڵ** 15
نووسینی: لەتیف هەڵمەت

**یەکەمین ترپە عاشقانەکانی دڵم..** 22
**(٥٧) نامەی فروغ فروخزاد بۆ شاپوری هاوسەری.**
نووسینی: ئەنوەر حسێن

**بیروباوەڕەکانی مرۆڤگەرایی و ولیام شکسپیر** 48
نووسینی: کەریم ئەحمەد تایشەیی

**زمانی شیعری لەشیعرەکانی شاعیر (شێخ ئەحمەد شاکەلی)دا** 57
نووسینی: م.ی.ئومێد بەرزان برزۆ

**زیندوو کردنەوەی شاعیرێکی میللی ناوچەی گەرمیان** 64
نووسینی: شکور محەمەد حەیدەر

**سۆز: عەشقە.. ئەوینە.. راستییە** 73
نووسینی: شێرکۆی حاجی محەمەد

**ئەو کچە عاشقەی جەستەی خۆیدایە بەر رێژنەی گولله!!** 79
نووسینی: مەلا تەحسین گەرمیانی

**شووکردنی سەر بەهەوێ خۆم بەخۆمم کرد** 83
نووسین و دارشتنەوەی: بەناز عومەر

**ژن لەنێوان ئەمڕۆو دوێنێدا** 89
وەرگێڕانی لەفارسیەوە هەڵکەوت وەلی

**کێ خاوەنی میدیایی ئەمرکییە؟** 93
نووسینی: کارا بینتلی وەرگێڕانی: ئاسۆ وەهاب

**وزەی خۆرو کۆدی و بۆماوەیی و ئەنتەرنێت کەرەستەکانی شۆڕشە زانستییەکانی داهاتوون** 99
نووسینی: پ. فریمن دایسن وەرگێڕانی: م.خالد مەحمود کەریم

**ڤینۆس فایەق لەدیدارێکی تایبەتی (گۆڤاری گیرفان)دا** 114
ئامادەکردنی: سامان کەریم

**دیدارێک لەگەڵ نووسەر عەتا قەرەداغی** 127
سازدانی: ئارام سدیق و خەڵەف غەفور بەشی دووەم و کۆتایی

**زانیاری زۆرێک لەلاوان سەبارەت بەئایدز هەڵەیە** 156
وەرگێڕانی: عومەر عبدولکەریم قادر

**بۆ ئەوانەی ئەیانەوێت ژیانی هاوسەرگیری پێکەوە بنێن** 162
نووسینی: شالاو

# پەیڤی گۆڤار

سەرنوسەر

مانگی نیسان لەبەردەم دوو بۆنەی گرنگداین، یەکەمیان.. ڕۆژی ١٤-٤ کەیادی گەورەترین‌و پڕ تراژیدیاترین کارەساتە، ئەویش کارەساتی ئەنفالە، ئەو ئەنفالەی کەتیایدا ١٨٢ هەزار مرۆڤی کورد لەگەورەو بچوک، لەژن‌و منداڵ، لەگەنج‌و پیرو پەکەوتەو..هتد کەوتنە ژێر چەپۆکی ڕژێمە گۆڕبەگۆڕەکەی بەعسەوە، ئەو بەعسەی کەسەدامی دیکتاتۆر دەسەڵاتی ڕەهای هەبوو بۆ کوشتو بڕی خەڵکی عێراق‌و کوردستان بەتایبەتی، ئەگەر چی یەك لەئاواتەکانی خەڵکی کوردستان ئەوەبوو خودی سەدام لەدادگایەکی ئاشکراداو لەسەر تاوانی ئەنفال لەسێدارە بدرابایە، بەڵام مەخابن، سەدام بەهەوڵی عەرەبی شیعە بەمەبەستی تۆڵە کردنەوەی خۆیان توانیان سەدام لەسێدارە بدەن‌و لەناوی بدەن. بۆیە شیعە توانیان بەبەردێك دوو نیشان بپێکن. یەکەم تۆڵەی باوکی خۆیان‌و کەمتر لەدووسەد کوژراوی دوجەیل بکەنە کێشەیەکی سیاسی گەورە بۆ خۆیان، دووەمیش نەیان هێشت سەدام



لەسەر کێشەی ئەنفال‌و هەڵەبجە لەسێدارە بدرێت، کەبۆ کورد زۆر گرنگ دەبوو کەلەتۆڵەی تاوانی ئەنفال لەسێدارە بدرابایە، واتە مافی ئەوەشمان فەوتا. بەڵام ئێستا هیوایەکی تر هەیە بۆ تاوانبارانی تری ئەنفال ئەویش عەلی کیمیاییە، کەلەسەردەستی ئەم تاوانبارەو یەکێکە لەکەسە سەرەکییەکانی هەڵسوڕێنەری پرۆسەی ئەنفال‌و شەهید کردنی شاری هەڵەبجە ئەمەش بەدادگاییکردنی ئەم‌و هاوڕێکانی هەندێك ئاسودەیی بەکەسوکاری قوربانییەکانی ئەنفال دەگەیەنێ. دەبێ ئەوەش بڵێین ئەنفال زامێکی سارێژ نەبووی هەتا هەتاییە لەجەستەی گەلی کورد دا، کەئەوەی تۆزێك هەستی مرۆڤایەتی بوونی هەبێ ناتوانێ بیری بچێتەوە.

دووەم یادی نێو مانگی نیسان، یادی ١٠٩ ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردییە، کەیادی ڕۆژێکی هەرە گرنگو پیرۆزە، یادی یەکەم چرۆی سەرهەڵدانی مێژوویەکی سەروەرییە لەبزوتنەوەی ڕۆژنامەگەری کوردیدا، کەخۆی لەیەکەم ڕۆژنامەی بەناوی (کوردستان) ڕاگەیاندو بووە بنەمایەکی بنەڕەتی‌و بینای ڕۆژنامەگەری کوردی لەسەر دروست بوو، هەر بۆیەش بنەماڵەی بەردخانییەکان بەم کارەیان بوونە خاوەنی سەروەرییەکی مێژوویی بۆ خۆیان‌و بۆ نەتەوەیەکان بەگشتی‌و لەسەرو هەمووشیەوە ( میقداد مەدحەت بەدرخان) بەتایبەتی. هەر بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی گەرمی پڕ لەپەیڤ‌و وشەی جوان دەکەینە دیاری خامە بەدەستانی کوردو تەواوی ڕۆژنامەنوسانی کورد لەهەر جێگەیەك بن، لەهەمان کاتدا جوانترکردن‌و پیرۆز ڕاگرتنی ئەم بوارە ئەرکی سەرشانی ڕۆژنامەنووسانی کوردە کەپێشی بخەن، لەپێناو بەدەستهێنانی ئازادییەکی زۆرتر لەبواری ڕۆژنامەنوسی لەکوردستان دا.



# ریپۆرتەری دادگا

نووسینی: جف پریدمور

وەرگێڕانی: لەفارسیەوە: مەجید ساڵح

لەم فەسڵەدا بەکورتی باس لەراپۆرتی شیکاری وداواکانی ناو دادگاکان دەکەین، بەڵام مەبەستمان ئەوە نییە روونکردنەوەیەکی تەواو کامڵ لەسەر ریپۆرتەری دادگاکان بخەینە روو. ئەو پەیامنێرانەی مەبەستیانە بەدواداچوون بۆ داواکانی دادگا بکەن، پێویستە لەتاقیکردنەوەیەکی تایبەتدا بەشداری بکات. لەبریتانیا ئەو تاقیکردنەوەیە پاش تەواوکردنی خولێکی فێربوون دەکرێت‌و لەژێر چاودێری ئەنجومەنی پەروەردەی پەیامنێرانی کەناڵەبیسراوو بینراوەکان یان ئەنجومەنی نیشتیمانی فێرکردنی پەیامنێراندا ئەنجام دەدرێت.

پەیامنێر و یاسا

پێویست ناکات پەیامنێرێك هێندەی پارێزەر یان یاساناسێك هەموو وردەکارییەکانی یاساو سزاکانی بزانێت، بەڵام دەبێت ئەو یاسایانە بزانێت کەوا پەیوەندی بەپیشەکەی ئەوەوە هەیە. بۆ نموونە دەکرێت راپۆرت لەسەر چی بکرێت‌و لەسەر چی نەکرێت.



لەبریتانیا پەیامنێران وەك هەر هاوڵاتییەکی تر ئەو مافەیان هەیە بچنە هەموو دادگاکانەوەو قۆناغەکانی دادگایکردن ببینن. ئامادەبوونی پەیامنێرو خەڵکی ئاسایی بۆ ئەوەیە دڵنیا بن لەوەی دادوەری بەشێوەیەکی باش پەیڕەو دەکرێت. لەم سەردەمەدا هەندێك جار ڕێگە لەهاتنە ژوورەوە دەگیرێت ئەویش لەحاڵەتی دادگایکردنی نەوجەوانان‌و مەسەلەپەیوەندی دارەکان بەکاروباری ناوخۆی وڵاتەوە.

پەیامنێران لەدادگاکاندا لەچاو خەڵکی ئاساییەوە دوو ئیمتیازیان هەیە. یەکەمیان ئەوەیە ڕێگەی پێدەدرێت هەموو ئەو تۆمەتانەی باس دەکرێن لەگەڵ ئەو بڕیارانەی دادگا دەری دەکات بکاتە ڕاپۆرت بێ ئەوەی تۆمەتی پێشێل کردنی یاسای بدرێتە پاڵ. ئەم ئیمتیازە سەبارەت بەو تۆمەتو بۆچوونانەی لەدەرەوەی هۆڵی دادگا باس دەکرێن بەسوود نییە. بەپێی ئەو یاساو ڕێسایانە، دەبێت پەیامنێر ڕاپۆرتەکەی بەشێوەیەکی وردو بێ هیچ زیاد کردنێك و لەماوەیەکی کورتدا واتە لەیەکەمین ژمارەی دوای دادگایەکە، بڵاوکاتەوە و هیچ بیانوویەك بۆ دواخستنی نەهێنرێتەوە.

ئیمتیازی دووەم ئەوەیە دادگا لەگۆشەیەکی هۆڵەکەدا شوێنێکی تایبەت بۆ پەیامنێران دیاری دەکات. هەندێك پەیامنێر نەك ئەمە بەئیمتیاز نازانن، بەڵکو پێیانوایە ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانن بەوردەکارییەکانی دادگا ببینن‌و ببیستن بەتایبەتی لەهۆڵەکۆنەکانی دادگاکاندا. هیچ سەرنووسەرو پەیامنێرێك کە هێشتا لەسەرەتای کارکردنیدایە بەتەنیا نانێرێت بۆ کۆکردنەوەی هەواڵی دادگاکان.

تەنانەت ئەگەر ئەو پەیامنێرە لەقۆناغی خوێندکاریشدا ئەو کارەی ئەنجامدابێت. ئەوە ئەو پەڕی گوێنەدانە. گەر بەڕێوەبەر شتێکی وا بکات. ئەو کارە مەترسییەکی زۆری بەدواوەیە. هیچ ڕۆژنامەیەك نایەوێت بەتۆمەتی پێشێلکردن یان سووکایەتی کردن بەدادگا سزا بدرێت. کۆکرنەوەی هەواڵەکانی دادگا بەهاوکاری کەسێکی شارەزا کۆمەڵێك خاڵی پۆزەتیڤی تێدایە. ئەو کاتەی لەگەڵ پەیامنێرێك کار دەکەی بۆت دەردەکەوێت ڕۆژنامەکان چۆن ئاگاداری ڕووداوەکانی دادگایکردنی داهاتوو دەبن.

هەندێك جار کاتی دانیشتنی دادگاییەکان لەبۆردی ئاگادارییەکانی دادگا هەڵدەواسرێت. لەبریتانیا سەرەڕای ئەو ڕێنمایانەی لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە بلاّو دەکرێنەوەو تێدا باس لەوە کراوە دەبێت دانیشتنی دادگاییەکان بخرێنە بەردەست ڕاگەیاندنەکان، بەلاّم هەمووجارێك کاری پێ ناکرێت. هەندێك لەو ڕۆژنامانەی کەوا هەواڵی ڕووداوەکانی تاوان و دۆسێی دەستگیرکردنی تۆمەتباران ئامادە دەکەن، مەزەندەی نزیك بوونەوەی دانیشتنی دادگاییەکان دەکەن. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت بوونی پەیوەندی لەگەڵ پۆلیسی ناوچەکە زۆر گرنگە، چونکە پۆلیس دەتوانێت ڕۆژنامەکان لەڕۆژی دەسپێکردنی دادگاییەکان ئاگادارکاتەوە. لەراستیدا ئاگادارکردنەوەی ڕۆژنامەکان لەبەرژەوەندی پۆلیسدایە، چونکە کاتێك ڕۆژنامەکان بەدواداچوون لەسەر ئەو کێشانە دەکەن یارمەتی لێکۆڵینەوەکانی ئەوان دەدەن.

سەبارەت بەدۆسیەی تاوانەکان لیستێکی تێدایە وردەکارییەکانی



پەیوەندیدار لەگەڵ تۆمەتبارو ئەو تۆمەتانەی بەپێی یاسا دراونەتەپاڵی دەخاتە ڕوو. هەروەها ناوی ئەو ئەفسەرەی تۆمەتبارەکەی دەستگیرکردووە نووسراوە. لەم حاڵەتانەدا تەنیا ناوی ئەفسەرەکە دەنووسرێت با تیمێکی پۆلیسیش بەشداری گرتنەکەیان کردبێت.

لەناو دادگاکەشدا دەبێت پەیامنێر وەك خەڵكانی ترو بەپێی یاسا هەڵسوکەوت بکات.، پێویستە بەدرێژایی دادگاکە بێدەنگ بێتو لەجێگەکەی خۆی هەڵنەسێت. ئەو کاتەی دادگاکە فەرمییە، پەیامنێر هیچ ئیمتیازێکی تایبەتی نییە. بەلاّم پاش کۆتایی هاتنی دادگاکە ئەتوانێت پرسیار لەسکرتێری دادوەرو پارێزەری کێشەکەو ئەو ئەفسەرانەی پۆلیس کە لەدادگاکەدان، بکات. پاش ئەوەی ماوەیەك لەم کارەتدا ئەزموونت پەیدا کرد، سکرتێری دادگا لەگەڵتدا ئاشنا دەبێتو لەکاتی پێویستدا یارمەتیت دەدات.

شێوەی ئامادەکردنی ڕاپۆرت بۆ دادگا هەمان شێوەی ئامادەکردنی ڕاپۆرتە لەسەر هەواڵو ڕووداوەکانی تر، واتە دەبێت زانیاری ورد لەسەر بابەتەکە کۆکەیتەوە. مەسەلەی کۆکردنەوەی زانیاری ڕاستو درووست گرنگییەکی زۆری هەیە. دەبێت ناوەکان، ئادرەسەکانو هەموو وردەکارییەکانی تر وەك خۆیانو بەکاملّی بنووسرێنەوە. نابێت تەنیا بنوسرێت تاوانبار "جون سمت" لەشەقامی "سمت" ولەشاری "سمت" دەژی، چونکە لەوانەیە زیاتر لەیەك کەس بەهەمان ناوو لەهەمان شەقامو لەهەمان شاردا بژی. بۆیە دەبێت ناوی تاوانبارو ئادرسەکەی بەوردیو بەئیملای ڕاستو درووست



بنووسرێت. تایبەتمەندییەکانی کەسەکان دووجار لەدەفتەرەکەت بنووسەرەوە، بۆ ئەوەی لەنووسینەوەی بەشێوەیەکی ڕاست دڵنیا بیت. بۆ دڵنیا بوون لەزانیارییەکانت داوای یارمەتی لەسکرتێری دادگا بکە.

لەبریتانیا ڕێگە بەبەکارهێنانی ریکۆردەرو مینی دیسك لەدادگا نادرێتو نابێت پەیامنێران هەوڵی ئەوە بدەن بەنهێنی ئەو کارە بکەن. لەکاتی نووسینەوەی یاداشتەکاندا مێژووەکەی بنووسەو مانشێتێکی بۆ دابنێ. هەموو یاداشتەکانی ناو دادگا بۆ ماوەی شەش مانگ لای خۆت هەڵگرە بۆ ئەوەی گەر سکالاّ لەدژی خۆت یان بلاّوکراوەکەت تۆمارکرا یان کێشەی تر سەری هەڵدا بگەڕێیتەوە سەری.

لەبەر ئەوەی تەنیا نوسخەی ئەسڵی یاداشتەکانت موعتەبەرە، بۆیە نووسینەوەیان لەکۆمپیوتەر یان تۆمارکردنی لەسەر کاسێت بەو مانایەیە چیتر بۆ بەڵگەی دادگا ناشێت.



# پێگەی ڕۆژنامەنووس لەئێنتەرنێتدا کامەیە؟

ئامادەکردنی:
سامان عەزیز

زۆر وتراوە دەربارەی ئەو گرنگییەی کە جیهانی دیجیتاڵی و بەتایبەت ئێنتەرنێت دەیگێڕێت لەبواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانیدا، ئەمڕۆ ڕۆژنامەنووس یەکێکە لەسوودمەندە هەرە باشەکانی دنیای ئێنتەرنێت، کە پێم وایە وەك کتێبخانەیەك وایە بۆ کاری زانیاری و ڕۆژنامەنووسی کە زۆر بەئاسانی لەڕێگەی لینکەکانەوە خۆ پڕ زانیاری دەکەین، لەبەرئەوەی ئێستا ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەڕێگای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانەوە کاری ڕۆژنامەوانی لەو ڕێگەیەوە ڕێکدەخرێت و لەهەمان کاتیشدا ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی جیهانییە و لەسایتی ڕەسمی ئەم سەندیکا نێو دەوڵەتییەدا شوێن و لینکی هەیە لەپێناو ڕێکخستنی کاروباری ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان، کە تیایدا وەك جێگایەکی تری دونیا مامەڵەی فەرمی بۆ کراوە و ئەمەش دەستکەوتێکی باشی ڕێکخراوەییە کە ئەنجامدراوە.

پێم وایە ڕۆژنامەنووسی کورد دەبێت

بەردەوام سایتی(www.IFj.org) بەسەر بکاتەوە، کە سایتی فەرمی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی نێو دەوڵەتییە ( lnternahonal Fadararion of jounalists) و یەکێکە لەهەرە پێگە دەوڵەمەندەکانی دنیای ئینتەرنێت، کە تایبەتە بە کاروباری ڕۆژنامەوانی و بڵاوکردنەوەوە، بەشێوەیەکی گشتی ماڵپەڕەکە دەیان لنکی سەرەکی و دەیان لنکی ناسەرەکی هەیە، کە لەڕێگەیەوە ڕۆژنامەنووس دەتوانێت گرنگترین هەواڵی ڕۆژنامەنووسانی جیهانی بزانێت لەباشووری ئاسیاوە بۆ ئەوروپا و باکووری ئەمریکا، کە ئەم گەڕانە جێی گرنگی خۆیەتی بۆ ڕۆژنامەنووسان کە ئاگاداری ڕەوشی دنیای پیشەی ڕۆژنامەوانی و هاوپیشەکانی خۆیان بن لەئینتەرنێت.

هەر لەڕێگەی لنکە سەرەکیەکانەوە ڕۆژنامەنووس دەتوانێت سوودمەند بێت لەدەیان بابەت و زانیاری، کە پەیوەندیدارە بە بواری پیشەکەیەوە وەك (مافی نووسەران، ئازادیی ڕۆژنامەنووسی، مافی کاری ڕۆژنامەنووسی، زامنکردنی ژیانی ڕۆژنامەنووسان، مافی مرۆڤ ، جیهانگیری، بڵاوکردنەوەی گشتی ـ Public publitio)، هەروەها زانیاریی تەواو دەربارەی خودی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی و ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە و نووسینگە سەرەکیەکانی سەندیکا و هەروەها چۆنیەتی پەیوەندیکردن بە نوێنەرانی سەندیکا لەهەموو جیهاندا، کە تەنانەت شوێن و ئیمەیلی نوێنەری ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیشی تیادا دیاری کراوە بە مەبەستی پەیوەندیکردنەوە، ئەو هەرێمانەی کە ئەم پێگەی ڕووپۆشی دەکات و پەیوەندیدارە بە (IFJ) بریتین لە(ئەفریقا، ئاسیا، ئاسیای هێمن، ئەوروپا، ئەمریکای لاتین، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، باکووری ئەفریقا)،



کە بۆ هەریەکە لەم شوێنانە چەندین سەندیکای ڕۆژنامەوانی هەیە و لەئاستێکی لۆکاڵی (ناوخۆیی) کاردەکات و لەکۆتاییدا ڕاستەوخۆ سەر بە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی جیهانییە (lFJ)، هەر لەناو سایتەکەدا جگە لەپەیڕەو و پرۆگرامی (دەستوری) سەندیکا دەیان بابەتی ڕۆژنامەوانی و سیاسی و هەمەڕەنگ لەخۆ دەگرێت، کە هەندێکیان تایبەتە بە ڕەوشی باروگوزەرانی ڕۆژنامەنووسان لەهەموو جیهاندا و بۆ هەر پێشێلکارییەك بۆ ئازادیی ڕۆژنامەنووسان لەهەموو جیهاندا (lFJ ) هەڵوێستی فەرمی خۆیان ڕادەگەیەنن، کە دواترینیان تایبەت بوو بە ئیدانەکردنی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووسی ناوداری ڕووسی ( Anna politkovskya)، کە ئەم هەڵوێستە بوو بەهۆی وروژاندنی چەندین گفتوگۆی سیاسی لەسەر سیاسەتی ڕووسیا، سەرەڕای ئەمانەی سەرەوە چەندین لنکی بەسوودی تر لەخۆ دەگرێت، پێگەی ئەم سەندیکایە کە کتێبخانەی دیجیتاڵی تێدایە و هەروەها چەندین بابەتی تر لەخۆ دەگرێت، کە ئامۆژگاری و وانەی گرنگە بۆ خودی ڕۆژنامەنووس کە ئاگاداری ئاکاری ڕۆژنامەوانی و چۆنیەتی پاراستنی سەرچاوەی زانیاری و هەواڵە بۆ ڕۆژنامەنووس، شایەنی باسە سەرجەم ئەم زانیارییانە بە چەندین زمانی جیهانی وەرگێڕدراوە و لەپێگەکەدا دەتوانرێت سوودی لێوەربگیرێت و هەر لەڕێگەی ئەم سایتەوە ڕۆژنامەنووسی کوردی دەتوانێت پەیوەندی بکات بە چەندین ڕۆژنامەنووسی ناوداری جیهانییەوە بۆ هەر بابەتێك کە لەخزمەتی دنیای ڕۆژنامەگەریدا بێت.

**★ زانیارییەکان لەسایتی IFJ بە زمانی ئینگلیزی وەرگیراوە.**



# خەیاڵ لەلای گەورە و منداڵ.. نووسین بۆ منداڵ

**لەتیف هەڵمەت**



خەیاڵ لەژیانی گەورە و منداڵدا هاوڕێیەکی هەمیشەییە و هەموو شتێك لەپێشدا خەیاڵەو دوایی بەرجەستە دەبێ، هەر بۆ نموونە یەکێك خەیاڵ دەکا پاسکیلێك بکڕێ.. لەپێشدا خەیاڵ دەکات، چۆن پارەی کڕینی پاسکیلەکە پاشەکەوت بکات، دوایی کە پاشەکەوتی کرد، دەچێ دەیکڕێ، کاتی خۆی کە هێشتا فڕۆکە و مانگی دەستکرد و کەشتی ئاسمانی دروستنەکرابوون، کوڕ و باوکێك بەناوی (ئیکاروسی و دیکاروسی) وەکو لەئەفسانەیەکی گریکییەوە هاتووە، خەیاڵ دەکەن بفڕن و ئەنجا خەیاڵ لەوە دەکەنەوە، بەچی دوو باڵی گەورە دروستبکەن و پێی بفڕن، وەکو سەرچاوە زانستییەکان ئاماژەی بۆ دەکەن، چەند هەزار ساڵێك دوای ئەم باوك و کوڕە مرۆڤ خەیاڵی دروستکردنی فڕۆکەی کەوتە سەر و فڕۆکەی دروستکرد و شایانی لەبیرنەکردنە، کە خەیاڵ و بیرۆکەی ئامێرێك، کە توانای فڕین و هەڵگرتنی



مرۆڤی هەبێ، لەچیرۆکی فۆلکلۆری کوردیدا پیرەژنێکی جادووباز چەرخ و فەلەکێك بەداروپەتك دروست دەکات و بەئاسماندا دەفڕێ و دەچێ لەشارێکی دوور کچە پاشایەك فڕیو دەدات و سواری چەرخ و فەلەکەکەی دەکات و بەئاسماندا دەفڕێ و دەیبات بۆ کوڕە پاشایەك، کە لەخەوندا ئەو کچە پاشایەی دیوە و عاشقی بووە.

هەروەها لەچیرۆکی گوێ ئاگردانی کوردەواریدا خەیاڵی باوباپیرانمان، هەر لەدێر زەمانەوە گەلێ ئەفسانەیان بۆ دروستکردووین و هەندێکیان هێشتا زارەکین و هەندێکیشیان چوونەتە تویێ بڵاوکراوەکانەوە و سەرنجی گەورە و منداڵی بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن، هەر بۆ نموونە لەهەندێ لەو چیرۆکانەدا سەری بڕاوی مرۆڤ قسەدەکات و سیمرخ کوڕە پاشایەك لەژێر زەویەوە لەسەر هەردوو باڵی خۆی هەڵدەگرێ بۆ ماڵی خۆیانی دەباتەوە، لەسەر زەوی و لەهەندێ چیرۆکی دیدا باڵندە ڕێنمایی مرۆڤ دەکات و دەرمان بۆ نەخۆشی پاشایەکی دادوەر دەدۆزێتەوە و گەلێ جاریش لەو دیرۆك و بەسەرهاتانە ئەفسانەوییانەدا، کچە پاشا کۆشکێك لەسەری لاوان دروست دەکات یا پیرەژنێکی جادووگەر دانیشتووی شارێك بەجادوو دەکات بەداروبەرد، یان باوەژنێك زڕمنداڵەکانی لەماڵ دەردەکات و ئەوانیش ئاوارەی دەشتودەر دەبن و لەپڕ بنچکە درەختێك لەبن هەڵدەکێشن، بۆ ئەوەی بیخۆن.... کاتێك دەزانن لەژێر بنچکەکەوە قالدرمەیەك هەیە بەرەو ژێر زەوی و ئیتر بەقالدرمەکەدا دەچنە خوارەوە و لەوێ ماڵێکی خۆش لەئامێزیان دەگرێ و بۆ خۆیان بەشادی تیادا دەژین .... هەروەها لەهەندێ



چیرۆکدا خەیاڵی ئەفسانەیی باوباپیرانمان بۆ ئەوە چوونە، کە لەژێر زەویدا شارو وڵات و مرۆڤ هەبێ و زۆرجار سەرچاوەی ئاوی ژیانی ئەو شارە ئەژدیهایەکی حەوت سەر داگیری دەکات و بۆ ئەوەی شار لەتینوویەتیدا نەخنکێ، خەڵکی شار هەموو ڕۆژێ کچێکی جوان دەرخواردی ئەژدیهاکە دەدەن و ئەویش نەختێ ئاویان دەداتێ و شار ئەوەندە بێ ئاوە خەڵکەکەی هەندێ جار میزی خۆیان دەخۆنەوە و تا بەرێکەوت پاڵەوانێکی سەر زەوی ڕێی دەکەوێتە ئەوێ و ئەژدیهاکە دەکوژێ و ئەوانیش کچی پادشای خۆیانی لێ مارە دەکەن و خزمایەتی لەنێوان خەڵکی ژێر زەوی و سەرزەویدا دروست دەبێ ... ئەم جۆرە خەیاڵ و بیرانەی کە لەئەفسانە و چیرۆکانەی



گوێ ئاگرداندا هەن، کەرەستە گەلێکی بنەمایی و ژێرخانێکی پێویستن، کە نووسەری بابەتی منداڵ لێیان وەربگرێ و بەشێوەیەکی نوێ دایانبڕێژێتەوە، بۆ ئەوەی منداڵان پەیوەست بن بەڕابوردووی شکۆداری باوباپیرانیانەوە ... دەبێ ئەوەش بزانیین، کە ئەو بیرۆکە و خەیاڵانەی لەچیرۆکدا هەن، زۆرجار ڕۆڵی باڵایان بینیوە لەژیانی زانایانی گەورەدا، هەر بۆ نموونە (ئەنیشتاین) گوتوویەتی ئەو خەیاڵانەی کە لەچیرۆکەکانی (دیستۆیفکی)دایە، کاریگەرییان لەسەرمن زیاترە لەئەزموونە زانستییەکانی (نیوتن)، بەڵام دەبێ ئەوەمان لەلا بەرجەستە بێ، کە خەیاڵ جۆری زۆرە، وەك (خەیاڵی ئاسایی ڕۆژانە ـ خەیاڵی جادوویی ـ خەیاڵی ئەفسانەیی ـ خەیاڵی زانستی بەهەموو جۆرەکانی زانستگەری کیمیا و فیزیا و زیندەوەری و فەلەکگەری و دەرمانسازی و دەریاگەری و ئاسمانگەرییەوە) ....

لەگەڵ فلیمی کارتۆن و فلیمی زانستیدا، کە بۆ منداڵ و گەورە هاتوونەتە بەرهەم، ئەم جۆرە خەیاڵ و بیرۆکە زانستییانە زۆر بەجوانی بەرجەستەکراون و منداڵ و گەورەش تاموچێژ لەسەیر و بینینیان دەبینن و هەر واهەست دەکەن، کە ئەو شتانە بەشێکن لەبارودۆخی ژیانی ڕۆژانەیان، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین، نووسین بۆ منداڵ ئاسان نییە و گوتەزایەك هەیە، دەڵێ نووسین بۆ منداڵ ناپاکییە، چونکە گەورە نازانێ منداڵ چیدەوێ و گەورەترین تاوان ئەوەیە، کە بەپێی شێوازێکی دیاریکراو و بەگوێرەی حەز و خواستی خۆمان بابەتێك بۆ منداڵ بنووسین و ئەم جۆرە نووسینە وەکو ئەوە وایە، خۆراکێك بدەی بەمنداڵێکی برسی کە حەزی لێ نەکات یاخود



چەترێکی دڕاوی لەژوورێکی باراناوی زستاندا بدەیتێ ... بەڵام ئێمە هەر چۆنێ بێ، هەر دەبێ بۆ منداڵ بنووسین بەپێوەدنگی هەلومەرجێك، کە منداڵ حەزی لێبکات، نەك بەشێوازێك خۆمان بمانەوێ و هەروەها نابێ بەپێی قاڵبی هیچ ئایدیایەك بۆ منداڵ بنووسین و تەمەنی منداڵیش بەچەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێ و هەر قۆناغەش لەوی دییان جیاکارە و منداڵ لەهەر قۆناغێکی ئەو قۆناغانە پێوەری تاموچێژی دەربارەی ناوەڕۆکی ئەو دەقانە دەگۆڕێ، کە بۆ ئەو نووسراون و ئەمەش ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە ئەو بابەتەی نووسەرێك بۆ منداڵانی باخچە دەینووسێ، دەبێ جیاوازبێ لەو بابەتەی کە بۆ منداڵی یەك و دوو سێی سەرەتایی یا چوار و پێنج و شەشی سەرەتایی دەنووسن ..... هتد.

ئەگەر سەرنج لەمنداڵ بدەین و لێکۆڵینەوە لەبارەیەوە بکەین، بۆمان دەردەکەوێ، کە منداڵ لەقۆناغەکانی تەمەنیدا حەزی لەهەموو جۆرە چیرۆکێکی ئەفسانەیی و زانستی و مێژوویی و جادوویی و زیاتریش حەزی لەو چیرۆکانەیە، کە پڕە لەڕووداوی سەیر و سەمەرە و فەنتازیایە، هەر بۆ نموونە چیرۆکێکی لەم جۆرە:

پشیلەکە پشیلەی ڕاستەقینە نەبوو، لەپەڕۆ و لۆکە دروستکرابوو، بەڵام میاومیاوی دەکرد و چرنووکی لەمنداڵ دەگرت و چۆلەکەی ئاسنینی دەخوارد و بەسواری پاسکیل دەچوو بۆ قەتابخانە و ئێواران ترکسۆدی لەپێ دەکرد و لەگەڵ کچە دراوسێکەیاندا یاری تۆپی پێی دەکرد و هەندێ جاریش کاتی دەست بەتاڵی خۆی بەیاری شەترەنج و کۆلارە دروستکردنەوە بەسەر دەبرد .. بەداخەوە لای نووسەرانی



کورد بابەتگەلی وادەگمەنە و زۆربەی ئەو نووسەرانەی کورد، کە بۆ منداڵ نووسیویانە و دەنووسن، بابەتگەلێکی فۆلکلۆری و کلتوورین و دوور لەهەموو فەنتازیاکارییەك و دوور لەهەموو بەها و چەرخی کردنێك، بابەتەکە بەشێوە کۆنەکەی خۆی دەخەنە سەر کاغەز بۆ منداڵان، من واهەست دەکەم، هەندێکیان تەنانەت سەیری فلیمی کارتۆنی ناکەن، تاکو بزانن هەندێ لەو فلیمانە چ جۆرە فەنتازیا و ئەفسانەکاری و خەیاڵێکی زانستی تیایە و چۆن سەرنجی منداڵان ڕادەکێشن، بەڕای من چیرۆکی (کاڵای باڵای پاشا) کە خوالێخۆشبوو (عەلادین سەجادی) لەکلتووری یابانییەوە بەکوردی دایڕشتۆتەوە، ئەگەرچی ئەو بۆ کەسانی گەورە دایڕشتۆتەوە، بەڵام چیرۆکێکە هەموو ئەو هەلومەرجانەی تیایە، کە لەو دەقانەدا هەیە، کە بەسەرکەوتوویی بۆ منداڵ نووسراون و خۆزگە دەخرایە کتێبی پۆلەسەرەتاییەکانی قوتابخانەوە و گرنگی ئەو چیرۆکە لەوەدایە، کە پاڵەوانی چیرۆکەکە منداڵێکە و ناترسێ و هاوار دەکات، هەی هەی خۆ ئەوە ئیمپراتۆر هیچی لەبەردا نییە و ڕووت و قووتە ... جگە لەم چیرۆکە لەگەڵ بابەت و دەقی تردا، کە بۆ منداڵ نووسراون پاڵەوانی سەرەکی لەدەقەکەدا منداڵن، هەر بۆ نموونە نووسەری ناسراو (مارك توین) دوو منداڵی بەناوی (تۆم سوێر و هك مەن) کردووە بەپاڵەوان و (تۆم) گوتاری ڕەوشتکاری نابەجێ و ناپەسەندی زۆرە و (هك)یش کۆمەڵێ کێشەی ڕەوشتکاری هەیە و مارك توین لەڕێگای دەقەکەوە دەروونی ئەم دوو منداڵەشیدەکاتەوە و زۆر بایەخ بەڕەوالەتیان نادات.

حەزدەکەم ئەوەش بڵێم، کە منداڵ زۆرجار حەزی لەکتێبی ڕەنگاوڕەنگە و یەکەم کتێب چاپکرا بۆ منداڵ، کە پڕبوو لەوێنەی جوان لەساڵی (١٦٥٩)دا بەناوی (گەردوونی ڕەنگدار) لەلایەن دایکێکەوە بەناوی (کۆمنیوس)، دوای ئەم کتێبەش کۆمەڵێ کتێبی ڕەنگاوڕەنگ و وێنەداری دی لەسەر ئاژەڵ و خێزانداری بڵاوکردەوە و لەو مێژووەش بەدواوە وردەوردە بایەخی زۆر گرنگی زیاتر بەو بابەتانە درا، کە بۆ منداڵ دەنووسران و ئێستا چاپکاری بواری منداڵ لەجیهاندا لەترۆپکی پێشکەوتندایە و جێی داخە لەجوگرافیای وێژەی کوردیدا ئەم بوارە ڕووبەرێکی کەمی گرتۆتەوە و بایەخی زۆر کەمی دەدرێتێ و ئەو میدیایانەی کە بۆ منداڵ فەراهەم کراون لەئاستی پێویستدا نین.



## یەکەمین ترپە عاشقانەکانی دڵم.. (٥٧) نامەی فروغ فروخزاد بۆ شاپوری هاوسەری

ئەنوەر حسێن



**"ئەگەر نەگریامایە دەخنکام، هیچ شتێك قەرەبووی تەنیایی ڕۆحم ناکاتەوە، لەدەفرێکی خاڵی دەچم و لەگۆماوەکاندا بەدوای نامەی گەوهەردا دەگەڕێم"**

***نامەی فروغ بۆ شاپور پاش جیابوونەوە***

من دەپرسم دەبێ چ سیحرێك لەپشت ئەهمیەت و گرنگی ئەم کتێبەو نامەکانی فروغەوە هەبێت، کە ئەسڵەن خەریکە ئەم فۆرم و نامە نووسینە ئەسەرێکی نامێنێت و تەلەفۆن و مەسج و ئیمێڵ و فاکس سیحری نهێنی و مانەوەی نامە عاشقانەکانیان تا ڕادەیەکی زۆر بێ کاریگەر کردووە.

ڕەنگە بەشێکی نهێنی ئەو سیحرە، عشقێکی جاویدانی بووبێت بەتایبەتی دەگمەنە و زۆریش دەگمەنە لەکۆمەڵگای خۆرهەڵاتیدا لەپاش جیابوونەوەی ژن و پیاوێك، ڕایەڵەیەکی پەیوەندی بمێنێت بۆ



عەشق و خۆشەویستی، تەنانەت بۆ هاوڕێیەتیش لەکاتێکدا لەناو بونیادی خێزانیشدا ئەم عەشقە دەست ناکەوێت، کە(فروغ) بۆ (شاپور)ی هاوسەری لێجیابوەوەی دەربڕیوە...

گەر ئەوەش بزانیین مومکین نییە، یەکێك لەنامەکان درۆ بێت یان بەدرۆ نووسرابن، ئەوەش بەو دەلیلەدەسەلمێنم، کە فروغ خۆی دەڵێ " هەرگیز ناکرێت ناوەڕۆکی شیعرێك و ناخی ئینسانەکە (شاعیرەکە) لێك جودابن، گەر وابوو بێگومان ڕاست نییە و درۆیەکی گەورەیە"، سەد دەرسەد ئەم دێڕەی سەرەوە پێدەچێت ڕوحی فروغ لەناو نامەکانیدا هەمیشە ئامادەگیان هەبێت، لەکاتێکدا وەکو نووسەری کتێبەکە دەڵێ ئەم نامانە هەندێکیشان پاش جیابوونەوەی (فروغ و شاپور) نووسراون، بێگومان ئەم نامانە زۆریان لەژێر ترس و لەرزێکی عاشقانەدا نووسراون و پێدەچێت توشی زۆر دەردەسەری بووبێت، ئەوەش شاراوە نییە، کە (سیحری گەورەیی عەشق لەنهێنەکانیدایە و وەکو بەختیار عەلی دەڵێ "هەندێك نهێنی ناوترێن، هەندێك نهێنی دەتکوژن..!)، بەڵام پێناچێت کەمترین نهێنی مابێت لای فروغ و تەنها ئەوەش کە فروغ دەکوژێت نهێنییەکانی ژیانە... بۆیە دەڵێت:"کاتێك دەبینم دەتوانم سەرچاوەی ئاسەوارێك بم و بوونێکی پووچم نییە، کاتێك هەست دەکەم بەشتێکەوە بەستراومەتەوە و زۆرم خۆش دەوێت، ئەو کاتە هەست بەژیان دەکەم"، عشقی ئەزەلی فروغ بۆ شاپور هێندە قوولەهەمیشە وایلێکردووە، فروغ لەنووسینی هەر نامەیەکدا چەندین وشەی جوان و پەخشان و شاعیرانە بنووسێت و بڵێیت:



"ئەو هونەرە بۆ دۆزەخ، کە بیەوێت من لەتۆ بکات، من هونەرم بێ بوونی تۆ ناوێت"، دەڵێ "حەز دەکەم ئەوەندە بچووك ببمەوە، هێندەی باڵندەیەك ئەوکات بفرم و بێم بۆلای تۆ..!".

یەکێکی تر لەجاویدانی نامەکانی فروغ ڕەنگە ئەوە بێت، هەمیشە هەوڵیداوە لەترادیسیۆن و دابونەریتە تەقلیدی و سوننەتیەکان دەرباز ببێت و بچێتەوە بەگژ ئەو عادات و نەریتە کۆنانەدا، ئەمەش وایکردووە، کە فروغ لەخێزانەکەی جیاوازتر و تەنانەت لەزۆر ڕووەوە لەو سەردەمەدا پێش کۆمەڵگاکەشی بکەوێت، ئەو خۆی دەڵێ "من چەندەم حەز بەوەیە بەپێچەوانەی بڕیار و نەریت یاسا و باوەڕی خەڵکییەوە ڕەفتاربکەم.. من هەمیشە بیر لەوە دەکەمەوە، کە هەرچۆنێکە دەبێت هەنگاوێك لەئاستی شتە ئاساییەکان بڵندتر بنێم، من ئەم ژیانە ماندووکەر و پڕ کۆت و بەندەم خۆشناوێت..!"

گەر لەخەباتی سیاسیدا و لەکاری نهێنیدا ناوی نهێنی بۆ ئاشکرانەبوونی شانەکانی ڕێکخستن ببێت، کە هەمیشە بەشێکە لەکلتوری ئێران و وڵاتانی تر، لەعیشقیشدا دەکرێت هەمان شۆڕش بەرپابکرێت، بەڵام لەژێر ئەو ناوە نهێنی و فۆرمە عاشقانەدا، کە فروغ پێشنیاری دەکات بۆ شاپور تا عەشقەکەیان ئاشکرا نەبێت، بۆیە لەنامەیەکدا دەڵێ: شاپور وەڵامی نامەکەم بەناونیشانی ماڵی خۆمان مەنووسە، چونکە منداڵەکان وەری دەگرن و دەیکەنەوە لەسەر زەرفەکە بنووسە (...) نیشانەی(X) دابنێ.

عشقی فروغ بۆ شاپور هێندە گەورەیە، ئەو شەوەی کە فروغ خەریکی نووسینی نامەکەیە بۆ شاپور، چراکە لەژێر دەستی

دەردێنن، بەڵام فروغ دەست لەنووسینی نامەکە هەڵناگرێت و لەتاریکیدا تەواوی دەکات: "ڕوانینێکی پڕ لەسۆزی تۆ، یەك دەست گوشینی تۆ، ماچێکی تۆ بەسە، بۆئەوەی لەهەموو شتێك بێ نیازم بکات. من بەوانە پێدەکەنم، کە بەختەوەری لەپول و پارە دەبنیتەوە و دەیانەوێت بیدەن بەڕوومدا..!"، تەنها نیگایەکی شاپور و ماچێکی حیکایەتێکی گەورە دەخولقێنێت، هەموو ئەو نیازانەی کە بەدەر لەشاپور دێنە پێشێ بەتاڵ دەکاتەوە، لای فروغ عشقی شاپور و خۆشەویستی خەون بینن ئایندە و گەورەیی شاپور.. عشقێکی سوریالییە تا ڕادەی سەروو پەرستن، هیچ نیازێك نییە بتوانێ بێ نیازی بکات، هیچ ئەلتەرناتیڤێك نییە بۆ ئەم عشقەی فروغ بۆ شاپور، بێگومان ئەوەی کە ئاگرێکی لەناخی فروغدا جۆشداوە و شۆڕشێکی بەرپاکردووە، بەتەنها فروغ نییە، بەڵکو عشقی شاپور و چاکەکەی ئەوە و خودی فروغیشە دان بەو ڕاستییە دەنێت، بۆیە لەنامەیەکدا بۆی دەنووسێت: "من تۆم زۆر خۆشدەوێت، نەك لەبەرئەوەی هاوکاریم دەکەیت، نەك لەبەرئەوەی چاوت لێمە، نەك لەبەرئەوەی کە پارەم دەدەیتێ، نا پەرویز لەبەرئەوەی لەوە گەیشتووم تۆ چاکیت و کەس ناتوانێت گەورەیی ڕۆحی تۆی هەبێت..."، عشقی فروغ بۆ شاپور لەتەمەنی (١٦) ساڵییەوە دەستی پێکرد و ئیلهامێکی گەورەیی لەژیانی فروغدا لێکەوتەوە، خودی فروغیش دان بەو ڕاستییەدا دەنێت، کە شاپور چەندە کەسێکی خۆشەویست بووە بۆی و چ کاریگەرییەکی لەسەری هەبووە، تەنانەت کە لەتەمەنی (٢١) ساڵیشدا لێکجودابوونەوە، سەرەڕایی ئەوەی فروغ






لەنامەیەکدا بۆی دەنووسی: "من بەبیست و یەك ساڵەی تەمەنەوە بەئەندازەی ژنێکی (٦٠-٧٠) ساڵەپیر بووم"، هەر لەنامەیەکی تردا دەڵێ: "داخ کە ئیتر ناتوانم درۆ لەگەڵ خۆم بکەم، من زۆر تەنیام ئەمرۆ، لەئاوێنە تەماشای خۆمم کرد، وا وردە وردە لەسیمای خۆم دەترسم، ئایا من ئەو فروغەی جارانم؟ ئەو فروغە کە لەبەیانییەوە تا شەو بەرامبەر بەئاوێنە دەوەستام و خۆی بەهەزار جۆر دەگۆڕێ و دڵیش پێی خۆشبوو.." تا دەنووسێت: "تۆ دەزانێت کە من بێجگە



لەتۆ کەسی ترم نییە، بێ لەوەی کە هیواردارم ڕۆژێك لەڕۆژان بتوانم قەرەبووی بکەمەوە، چاوەڕێی نامەی تۆم، ئارەزووم خۆشبەختتیە، خۆشم دەوێیت، ماچت دەکەم."

### نامەکانی بەر لەژیانی هاوسەری

ڕێگا نادەم سووکایەتی بەخواکەم (پەرویز) بکرێت

تەنها لەماوەی کەمتر لەسێ مانگدا و بەر لەژیانی هاوسەری، فروغ (١٧) نامەی دوور و درێژ بۆ شاپور دەنێرێت، مێژووی نامەکان زۆر لەیەکەوە نزیکن، ناوەڕۆکی نامەکان هێندە ئاگرینن، ناخی ئینسان دەهەژێنێ، وشەکانی ناوی پڕن لەتەلیسمی ئەویناوی و عشقی جاویدانی، کە لەوە دەچێت هەر کامیان لەپاش خەیاڵ و ئەندێشە و گریانێکی زۆر نووسرابن.

نامەکان نامەی سادە و ئاسایی نین، لەنێوان دوو عاشقدا نامەکان نامەی دڵداری نێوان کوڕ و کچێك نین، بەڵکو خەیاڵفراوانی فروغ و عشقی ئەبەدی بۆ شاپور وایکردووە، کە نامەکان ببنە پەخشانێکی نموونەیی و دۆکیۆمێنتێکی مێژوویی، بۆ ئەوەی کە فروغ چەندە تامەزرۆی عشقی شاپور و پێگەیشتنی بووە.

شەوانە بەدەم خەیاڵی شاپورەوە، ڕۆژی کردۆتەوە و هەمیشە گەڕاوە بۆ دۆزینەوەی جوانترین مروارییەکانی دڵی دەریا تا لەدوو توێی نامەکانیدا لەئێخەی شاپوری بدات، ئەو هەرگیز لەنووسینی نامەکانی و قووڵی ناویان بێتاقەت نابێت، وشەکانی (پەرویز گیان، خۆشەویست) ئەوەش دەلالەتە، کە عشق لای فروغ لەو پەڕیدایە، کە



ئیتر هەرچی ناخی خۆیەتی، خستوویەتە دوو توێی نامەکانییەوە، ڕەنگە فروغ هەمان هەستی ئەحلام مستغانمی هەبێت کە لەڕۆمانی (ژاکرە جسد)دا دەڵێ: "تۆ لەناو هەموو نوشتیکانمدا جوانترینیان بوویت"، ئەمە هەقیقەتە و خودی فروغیش دانی پێدادەنێت و لەیەکێك لەنامەکاندا دەڵێت: لەبەیانییەوە تاکو ئێستا سەرقاڵی بێنە و بەردەی شەڕیماڵەوەم، ئەوەندە گریاوم، کە هێشتا چاوانم دەکزێتەوە، پەرویز ڕەخنەم لێدەگرن، کە بۆچی هێندە نامەت بۆ دەنووسم...چراکەیان بردم ئێستا چی بکەم.. پاش شەڕێکی سەخت و دژوار پاشماوەی نامەکەت بۆ دەنووسم، ئەویش لەتاریکیدا.. تا دەڵێ" پەرویز گیان گەر ئەم شتانە بۆ تۆ نەبێ، ئەی بۆ کێی بنووسم، کێ ئامادەیە گوێ لەم هەموو سکاڵایانە بگرێت، چ کەسێك بەستەم لێکراو و بێ تاوانم دەزانێ...!!

بەمشێوەیە ئەوەی کە فروغ دڵی پێی بکرێتەوە و بتوانێت ورەی پێببەخشێت و بۆ ئایندە بۆی بژی و بەئومێدەوە لێی بڕوانێ و بەقیبلەگای خۆی بزانێت و هەست بکات ئەو لەپێناو ئەودا دروستبووە، بۆیە دەبێت هەموو تاڵی و ناخۆشییەکانیش قبوڵ بکات و ئاساییە و زۆریش سادەیە، کە هەر لەپێناوی ئەویشدا دەبێ بمرێت.

باوك و دایك و خۆشك و براکانی و جگە لە(پوران)ی خوشکی، زۆر بۆی خراپ بوون، بەشێوەیەك کە فروغ دەڵێ " هەست ناکەم هیچ کەس منی بوێت لەم ماڵەدا، هیچ کەس دڵی بەمن بسوتێت و بەئەرکی خۆی هەڵسێت، جگە لەپورانی خوشکم، بەڵکو هەرچی

هەڵدەستێت، هەر خۆپەسەند و زۆربڵێ و زاڵمن، هەمیشە لەپیلاندان دژی من، تەنانەت لەسەر ونبوونی مقەستێك، یەك سەعات پرسیار و هێنان و بردنیان لەگەڵ كردووم، مەگەر من مقەستەكەم شاردۆتەوە؟ یان فرۆشتوومە، من خۆم مقەستم هەیە، بەڵام فایدەی چی هێرشیان كردە سەرم و دۆڵابەكەیان شكاندم".

تواناكانی فروغ هەر لەو كاتەوە هەست پێدەكرێت، كە چ توانایەكی لەڕادە بەدەری هەبوو لەتەمەنی (١٧) ساڵییەوە و هەر ئەوەش وایكرد لەمێژووی ئەدەبی و شیعری نوێی ئێراندا وەكو ئەستێرەیەكی گەشاوە و دیار سەیر بكرێت و خودی نامەكانیشی بۆ شاپور ئەو واقیعە دەسەلمێنێت.

فەلسەفەیەك لەژیانی نووسەراندا هەیە، كە پێدەچێت بۆ فروغیش ڕاست بێت، همنگوای كاتێ لەدونیا تێگەیشت كە زانی دەریا چییە، ئەلبێرتۆ مۆرافیش كەپەی بەئارەزوو برد، حەلاجیش ئەو ڕۆژەی خوا، هنری میلیریش كە لەسێكس و بۆدلێر كە لەنەفرەت و هەڵەكردن تێگەیشت، بەڵام پێدەچێت فروغیش وەكو (سلڤا دۆر دالی) ئەو كاتە لەعشق و خۆشەویستی و ژیان تێگەیشت، كە سەرەڕای هەژاری و نەبوونی، بەڵام شاپوری هەڵبژارد و هەزاران جار شاپوری قبوڵكرد و خۆی بەقوربانی كرد، سەرئەنجام ئەوەی مایەوە، نامەكانی فروغ بوو، وەكو سامانێكی گەورە بۆ ئەدەب و شیعر و عشق و گەورەیی خودی فروغ، بەڵام هەرگیز پێناچێت، فروغ هەستی كردبێت، ڕۆژێك نامەكانی دەبنە سەر وێردی زمانی گشت نووسەران و شاعیران و عاشقاندا، وەكو سەرمایەكی ڕۆشنبیری



و مەعریفی گەورە سەیریان دەكرێت.

ئەو هەرگیز نەیزانی ئەو جورئەت و عشقە پاك و گەورەیەی كە هانیدا ئەم نامانە بنووسێت و شاكارێك دەخوڵقێنێت و لەئێستادا بەچەند زمان دەخوێندرێتەوە و تەنها شتێك كە بۆ فروغ مایەوە، گەورەیی بوو، كە هەرگیز هیچ عاشقێك وا ڕاستگۆیانە نەدواوە و عشقستانی نەخوڵقاندووە، بێگومان ڕەنگە ئەوەش دێڕێك بێت لەدێڕەكانی ناو نامەكانی فروغ، كە دواتر مێژوو ئاشكرای بكات، وەكو چۆن (ڤان كوخ) لەكاتی خۆیدا بەبراكەی وت "ڕۆژێك دێ، تابلۆكانم لەنرخی ژیانی خۆم زیاتر بكەن...!"، بێگومان هەر وا دەرچوو، بۆیە دەرئەنجام نامەكانی فروغیش هەر ئەوەیە، كە پوران و كامیار لێی بەهرەمەند بوون و ئەو ڕۆژەیە كە نامەكانی فروغ بەقەدەر عشقەكەی نرخیان هەیە.

گەر مرۆڤ دیقەت بدات لەیەكەمین نامەی فروغ بۆ شاپووردا، دەڵێ: "ڕازیم .. ڕازیم"، دیارە مەبەستی هاوسەرییە و لەنامەی دووەمدا بۆی دەنووسێ: (ئومێدی تەواوم هەیە، كە تۆ دەبیتە هی خۆم، من بۆ خۆم هەمیشە داوای یارمەتی لەخوا دەكەم، تۆش هەر وابە، لەسێیەمین نامەدا دڵی گەورەی فروغ هێندە بەكولەبۆ مەعشوقەكەی، تەنها لەبەرئەوەی نەچۆتە لای فروغ و داوای لێبوردن لەشاپور دەكات...)، ئەمەش گەورەیی فروغ دەسەلمێنێت بۆ شاپور، بەڵام لەوەڵامی یەك نامەی شاپوردا بۆ فروغ دەنووسێ: "تۆ بەكچێكی بەنرخ دەزانم، بەڵام بۆچوونێكی باشم بەرامبەر بەرەگەزی مێنە نییە، من نێوان ئەو خۆشەویستییەی كە تۆ بەمن





دەڵێت و من بەتۆی دەڵێم زۆر دەبینم...)، بەڵام فروغ ئەم قسانەی شاپور ناكاتە بیانوو، تەنانەت لێشیان دڵگران نابێت، ئەوەشی بەو پێیەی (برسێتی سۆز، هەستێكی هێندە سامناك و بەسوێیە، تا بەشێوەیەك لەشێوەكان لەناوت دەبا، بەردەوام لەناخیشەوە داتدەوەشێنێت...!! برسێتی سۆزی فروغ بۆ شاپور بەشێوەیەكە لەوەڵامی ئەو دڵڕەقییەی شاپوردا دەڵێ: "شاپور پێم دەڵێن دەبێ فەرامۆشت بكەم ناتوانم.. من بۆیە زیندووم، تەنیا بۆ ئەوەی لەگەڵ تۆدا بژیم.."، گەورەیی فروغ لەم دێڕەدا دەردەكەوێت، كە بەشاپور دەڵێ: "دایكت نەفرەتی لێكردوویت، كە من بێنیت، لەبەرئەوەی تۆ (٨) ساڵەكچێكت خۆشدەوێت، ماوەیەك لەمەوبەر داوایانە بەشوو، ئێستا جیابوونەتەوە و چاوەڕێ دەكات تۆ بێهێنێت، ئەگەر چی من



بڕواناكەم، چیتر ئاسەوارێك لەعشقی ڕابردوو لەدڵی تۆدا مابێت، گەر وانییە تۆ دەتوانی لای ئەو كچە بەختەوەر بیت، بەڵام دڵنیا بەكە نرخی ئەم فەرامۆشكردنە گیانی منە، لەبەرئەوەی كاتێ دەمرم، ئەوسا تۆ دەتوانیت بەڕاستی بڕوا بكەیت، كە فەرامۆشم كردیت، بەبێ تۆ ناتوانم تەنانەت یەك چركە ساتیش بژیم، من ئێستا تۆم زیاد لەهەر كاتێكی تر خۆشتر دەوێت و واهەستدەكەم جگەلەتۆ ناتوانم كەسی ترم خۆش بووێت...".

نیچەی فەیلەسوفی هێز و پیاو كاتێك كە عشقی سالۆمی بوو دایكی نیچە وتی: (ئەم ژنە تەنیا سێ ڕێگای لەبەردەمی كوڕەكەمدا داناوە یا هێنانی یان خۆكوشتن یان شێتبوون، بێگومان سالۆمی شووی بەنیچە نەكرد و شێتبوو، دوایش خۆی كوشت)، بەڵام عشقی فروغ لەكاتێكدا دەگاتە دوا پلە، سەرەڕای توندی نامەكەی شاپور، ئەوەی كە كچێكی تری خۆشدەوێت و بەنیازە بیهێنێت، ئەو دەڵێ تاكە ڕێگا كە لەفەرامۆشكردنی تۆ بۆ من دێتە كایەوە نرخەكەی گیانی منە، لەم نێوەدا هاوپەیوەندییەكی گەورە هەیە لەنێوان نیچە و فروغدا پێدەچێت هەر عشقی شاپوریش بێت فروغی گەیاندە ئەم چارەنووسە.

وەكو پێشتر باسمانكرد، فروغ هەمیشە دژی سوننەت و تقالیدی كۆمەڵگای داسەپاو بوو، بەڵام بەناچاری لەیەكێك لەنامەكانیدا لەشاپور دەپاڕێتەوە، كە مەرجەكانی باوكی قبوڵ بكات، ئەگەر نا "من و تۆ ناچارین بۆ هەمیشە لەیەك جیاببینەوە..).

با هەر كوڕ و كچێك لەم وڵاتەدا بیهێننە پێش چاوی خۆیان، گەر

خۆشەویستییەکی بەچەشنی عشقی فروغ و شاپوریان هەبێت و باوك و دایکیان ناڕازی زەماوەندیان بن چ دەقەومێت.. هەر بۆیە فروغ چاوەنواڕی ئەوەی کردووە، باوکی بەزەماوەندی ئەوان ڕازی نییە، هەر بۆیە لەنامەی داهاتوودا دەنووسێت "پەرویز بەو شێوەیەی کەمە زەندم کردبوو باوکم ڕازی نییە"، هەر بۆیە فروغ ناچارە مل بۆ سوننەتەکانی کۆمەڵگای بدات و لەمبارەیەوە لەگەڵ دایکی و دواتریش لەگەڵ باوکی قسە بکات و مل بۆ داواکانیان بدات و لەپەرویزی شاپوریش بپاڕێتەوە، کە بەدڵی باوکی بکات، ئەگەر نا عشقەکەیان شکست دێنیت، تا لەیەکێك لەنامەکانیدا دەنووسێ: ئەوان چیان ویست تۆ قبوڵی بکە، باشە..؟ تەنها لەبەر دڵی من، چونکە هیچ ڕێگا چارەیەکی ترمان نییە، ئەگەرچی من دەزانم دایك چییە، کە سوودێك لەهەسەت و سۆزی نەبینم؟ ئێستا وەکو دوژمنێك دەیبینم، بەهەموو هێز و توانایەوە دەیەوێت ئازارم بدات.

جارێکی تر دەگەڕێمەوە سەر پەیوەندی نیچە و فروغ لەوەدا کە هەردووکیان دەگەڕێن بەدوای خوایەکی حەقیقیدا کە مرۆڤی باڵا (سوپەرمانە)، لای نیچە سوپەرمان یان مرۆڤی باڵا کەسێکە بەدوای نەمریدا وێڵە، گەر کورتیش بێت، بەهەمان شێوە فروخیش دەگەڕێت بەدوای کەسێکدا کە خۆش بەختی بکات، بۆی بژی و بۆی بمرێت، تاکە کەسێك کە فروغ قەناعەتی پێ بکات پەروێزی خۆشەویستییەتی، بۆیە دواجار دەگاتە حەقیقەتی ڕەها و دەڵێ: "من دەتوانم بێ دەنگ بم، کە قسە و جوێنەکان بەسەرمندا ببارێت، بەڵام هیچ کاتێك ڕێگا نادەم سووکایەتی بەخوداکەم (پەروێز)



بکرێت کە تۆی، ئیتر ئەو کاتە کارێك دەکەم، کە شێت بن و بکەونە هاوار"، ئەمە گەورەترین و ڕاستگۆترین ئیعترافی فروغ بۆ خۆشەویستی، کە دەیگەیەنێتە ئاستی (خوا) کە فروغ لەزۆربەی نامەکانیدا لەکۆتایدا بەوشەی (خوا) کۆتایی پێهێناوە، هەمیشە لەپەرویز دەپاڕێتەوە کە دوعا بکات، بەڵام پێدەچێت پەرویز بۆ فروغ خوای حەقیقی بێت و مرۆڤی باڵا و (سوپەرمان)ێك کە نیچە لەئیرادەی هێزدا دەیبینێ لای فروغ پەرویز بێت و دواجار دان بەوەدا دەنێت، کە ڕێگا نادات سووکایەتی بەخواکەی (پەرویز) بکرێت، کە ئەو کەسە دایك و باوکیشی بن.

بۆ تەنها یەکجار لەنامەی ژمارە (١٠)دا فروغ زۆر دڵرەقانە دەڵێ: "پەرویز ئەمە دوایین نامەیە کە بۆت دەنووسم، سەبارەت بەوەی کە وتووتە، ناتوانم ئەو مارەییە بدەم، کە باوکت داوای دەکات"، تا دەڵێ: "بڕیارمداوە کە فەرامۆشتان بکەم، بێگومان لەم دونیا گەورەیەدا کەسێك دەدۆزمەوە، کە گوێ بەسۆز و هەستم بدات و قەدرم بزانێت و جگە لەمەش ئەگەر من ئێوەم لەکیس چوو، ئێوەش لەبری دڵێکتان لەدەستداوە کە ترپە عاشقانەکانی لەهیچ شوێنێکی تر نادۆزنەوە بۆ هەمیشە ماڵئاوا..."، بەڵام خۆشبەختانە دوای ئەوەی شاپور نامەیەکی بۆ دەنووسێت، فروغ لەنامەی ژمارە (١١)دا دەڵێت: " من کاتێك تەواوی دڵ و روح و هەستەکانم پێشکەش کردوویت، بێگومان چاوەڕێی خۆشەویستی و هەست و سۆزی زۆرترت لێ دەکەم"، تا دەڵێ: "من شەرەف و ئابڕوم زیاد لەهەموو شتێکی دی خۆشتر دەوێت، لەبەرخاتری تۆ ئامادەم چاو لەهەموو شتێك بپۆشم،



بەختەوەری ژیانم لەگەڵ تۆدا لەسەرووی هەموو شتێکەوە" .
"پەرویز من تۆم (١,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) و ئەوەندەی دنیام خۆشدەوێ (١,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) ئەوەندەی ئەستێرەکانی ئاسمان دەتپەرستم و ستایشت دەکەم."

بەمشێوەیە سەرەڕای قبوڵ نەکردنی مەرجەکانی باوکی لەلایەن پەرویزەوە، بەڵام فروغ دیسان ئامادەیە بیپەرستێ، ( ئەریك فرۆم) پێناسەیەکی جوانی هەیە بۆ (ئومێد) و دەڵێ: "هەموو کات ئامادەبوون بۆ ئەو شتەی کە لەدایك نەبووە"، ئەم پێناسەیە سەرتاپای ژیانی فروغی داگرتووە و هەمیشە ئامادەگی تێدابووە لەپێناو ئەو شتەی کە هێشتا لەدایك نەبووە و بەڵام دەکرێت ئامادەگی بۆ بکرێت.

بۆیە فروغ بەدونیا بینیەکەی هەمان قسەی (مارکس)ی سەلماند ن کە دەڵێ: "ئامانجی بەشەڕ دەبێ کردنەوەی دەرگا بێ لەسەر هێزە پەنهانەکانی خۆی، نەوەکو بەدەستهێنان و کەڵەکە کردنی کەلوپەل و سامان بێت"، فروغ جگە لەوەی هەمیشە بۆ ئایندە دەژیا، ئایندەیەك کە ئەو دەیخواست، تەنها پەرویز ببێ بەهاوسەری ئەو بە بەدەستهێنانی پەوریز هەموو شتێك لەدایك دەبێ، بەڵام هەرگیز پابەندی سامان نەبوو، بەڵکو تاکە شتێك سەرمایەی ڕەمزی ئەوا بوو عشقی پەرویز بوو، هەمیشە دەیویست ئەو دەرگا پەنهانانە بکاتەوە، کە خرابوونە سەری و زۆرجار تەنها لەنامەکاندا داوای ئەوەی دەکرد، پەرویز تکایە ئەم شتانەمان بەسە (کومبارێك، مێزێك، پەردە و قوماش و تەپڵەکی دارین، قەرەوێڵەیەکی دارین، قاپ و



کەوچك و چەتاڵ و مەنجەڵ).

بەمجۆرە فروغ وەکو عشق بۆ پەرویز دەژیا، جگە لەوە هیچی تری نەدەویست، فروغ ئەوەندە عەزاب دەکێشێ و دڵی وا ناسك بۆتەوە، ئیدی بەرگە ناگرێت، بۆیە لەنامەیەکدا دەڵێ: "بۆ کەسێك بمرێ کە ئەو بۆ تۆ تای لێ بێت"، ئەگەر نەمتوانی باش بژیم مەرگم هەڵبژارد و تۆ هەرگیز سەرزەنشتم نەکەیت، چونکە وەختێ مرۆڤ سەرچاوەی ژیانی لەدەستدا ناچارە بمرێ، وەختێك مردم، ئاسودە دەبم، ئاسودە، ئەمە دواین نامەی فروغە پێش بەهاوسەربوونی لەگەڵ پەرویزدا، کە پڕن لەڕەنج و ئازادیی عەشق و ڕاستگۆیی، بەڵام نامەکانی بەشی دووەم کە بریتین لەدوای پێکهێنانی ژیانی هاوسەریەتی بزانین چیان تێدایە.

## دوای پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی

بەشی دوومی کتێبەکە تەرخانکراوە بۆ ئەو (٢٢) نامەیەی کە فروغ لەپاش ژیانی هاوسەری بۆ شاپوری نووسیوە و ژمارەی نامەکان لەبەشی یەکەمی سەردەمی عیشقاندا زیاترن و پڕن لەعشق و خۆشەویستییەکی ئاگرینانە، لەمبارەیەوە تەنها پاش ئەوەی یەك ڕۆژی لەپرویز دوور دەکەوێتەوە، فروغ بۆی دەنووسێت: "ڕۆژێکە هەستدەکەم تۆ لەپاڵمدا نیت و گوێم لەدەنگت نییە و ناتوانم وەك بونەوەرێکی بەختەوەر خۆم لەباوشی تۆدا بشارمەوە، هەر ئەو بیرە بۆ ئازاردانم بەسە..."، ئەم دەربڕینانەی فروغ ئەوە دەسەلمێنێت، کە عشقێکی کاریگەر لەناخیدا بووە.

فروغ پێدەچێت تەنها دوای تاکە ئامانجێك کەوتبێت، ئەویش عشق و خۆشەویستی شاپور بێت، لەم بارەیەوە همنگوای دەڵێ: "گرنگ ئەوەیە مرۆڤ ئامانجی ڕاستەقینەی ژیانی خۆی بزانێت".

ئەگەر چی لەم بارەیەوە ڕووداوەکانی نامەی ژمارە (٢)ی ئەم بەشە کۆمەڵێك ئەگەر و گومان دروستدەکات، کە فروغ شاپور ناچار دەکات، کە پاش ماوەیەکی کەم بۆ کارکردن و پەیداکردنی پارە دووربکەوێتەوە لەپێناو بژێوی ژیاندا، بەڵام هەر زوو فروغ دەنووسێ: "شاپور بگەڕێوە بەخوا من بەرامبەرت وەك مەڕێك ملکەچ دەکەم، بمبورە گەر ببومە هۆی سەفەرکردن و ڕەنج و ئازاردانت بۆ شاری (ئابادان)"، دواجار دووری شاپور وادەکات، فروغ داوای گەڕانەوە بکات و بپارێتەوە.

کتێب لەزۆربەی نامەکانی فروغدا وجودی هەیە، ئەمەش بۆ ئەوکات و سەردەمە ڕەنگە شتێکی گەورە بێت، لەکاتێکدا ئێران لەدۆخێکی تایبەتدا بووبێت، ژیانی فروغ و شاپوریش زۆرباش نەبووبێت.

لەنامەی ژمارە (٥)دا فروغ زۆر بەتوندی وەڵامی نامە توندەکانی شاپور دەداتەوە، ئەمەش دیالۆگێکی تایبەتی نێوان دوو عاشق بێت، چونکە لەدواجاردا فروغ ئەو ناکۆکییەی نێوانیان وا وەڵامدەداتەوە: "من خۆم بەقەرزاری تۆ دەزانم و بەختەوەری خۆم لەبوونی تۆدا دەبینمەوە..."، تا دەڵێت:"من ئەرکی ئەخلاقی خۆم ئەنجامداوە، داوێن پاکم و بێ خەوش بەتۆ دراوم، دەڵێ: "هیچ کەس مافی ئەوەی نییە، پێم بڵێ (بەد ڕەوشت)... من هەرگیز توشی گوناهە نەبووم



باوەڕم پێبکە، بەخودا درۆت لەگەڵدا ناکەم ...)

چەندین نامەی ئەم بەشە تایبەتە بەگومانی شاپور لەفروغ، کە خیانەت و ناپاکی لەگەڵدا کردبێت، بۆیە هەمیشە فروغ دەیەوێت قەناعەت بەشاپور بکات، کە خیانەتی نەکردووە و (فەریدون)یش کە جێگەی گومانی شاپورە، فروغ تەنها وەکو هاوڕێی خۆی ناوی دەبات.

گومانەکانی شاپور لەفروغ لەزۆربەی نامەکاندا دیارە، بێگومان گومان و غیرەکردن زۆرجار نەك ڕووداوی ژیانی ئینسانەکانە، بەڵکو غەریزەیەکی گەورەی ناو خودی ئینسانە، بەڵام دەکرێت ئەم تیڕوانینە یان دەرئەنجامی عشق و خۆشەویستی بێت یان زاڵبونی کلتورێکی پاسیف و کۆنەخوازانە بێت یان بۆ گەیشتن بێت بەیەقینی گومان، ئەمەش ڕاستی دەردی دڵی شاپورە، دواجاریش هەر ئەم غەریزە و گومانانە کارەساتێك دەقەومێ، وادەکات فروغ و شاپور لێك جودابنەوە، لێرەدا ناکرێت قسە لەسەر هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانی فروغ ئەکرێن بەرامبەر گومانەکانی شاپور، ئەگەر چی لەنامەکاندا فروغ زۆر بەشێوەیەکی ڕوون گەورەیی عشقی خۆی بۆ شاپور دەربڕیوە، بەڵام لەوەڵامی نامەکانی شاپوردا ناتوانرێت هەست بەو عشقە بکرێت و ناتوانرێت وەڵامەکانی شاپوریش ڕەتبکرێتەوە، چونکە سەرئەنجام هیچ کامیان بۆ ئەبەد بۆ یەکتری ناژین و پاش چەندین عشق و نامەی گەورە بۆ هەمیشە دادەبڕێن، ئەمەش کارەساتی عشقە، کە ئیدی جوانییەکان لەبەرچاو نامێنێت و گومان و خیانەت جێگەیان دەگرێتەوە.



ئەم گومان و خیانەتە درێژەی هەیە تا دەگاتە نامەکانی دواتر و فروغ دەیەوێت بەشاپور بسەلمێنێت، کە خیانەتی نەکردووە، بۆیە دەڵێت: "گەر ڕۆژێك لەڕۆژان خیانەتم لێکردیت، حەقی خۆتە پارچە پارچەم بکەیت"، بەڵام سەرئەنجام شاپور قەناعەت بەوە دێنێ، کە فروغ خیانەتی کردووە، بەڵام نەك هیچ بەرامبەری ناکات، بەڵکو پردی پەیوەندی نێوانیشیان نابچڕێت.

بێگومان زۆرجار عشق پڕە لەزیادەڕۆیی و دروستکردنی سیحر و ئەفسانەی گەورە، وەکو ئەوەی فروغ دەڵێ: "گەر لەتۆ جیابمبەوە خۆم دەکوژم..وا نەزانی درۆت لەگەڵدا دەکەم، من هەمیشە هی تۆ دەبم"، بەڵام دواترین پەیوەندی نێوان ئەم دووکەسە نەك وانییە، بەڵکو گومان و خیانەت گشت خۆشەویستی نێوانیان شکست پێدێنێت و سەرئەنجامیش کەس خۆی ناکوژێت و فروغیش بۆ هەمیشە هی شاپور نابێت، بەڵام ڕەنگە ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت، فروغ لەکات و ساتی هەڵچوونی عشق بۆ شاپور ورد و درشتی شتەکان نووسیوە، کە ئەمەش یەکێکە لەسیفاتە جوانەکانی نامەکە و کتێبەکە، کە زۆر ڕاستگۆیانە و عاشقانە شتەکانی نووسیوە.

بەڵام لەنامەی ژمارە (٢٢)ی ئەم بەشەدا، سەرەتاکانی شکست عشقەکەیان و لێکجودابوونەوەیان بەدیار دەکەوێت، کە شاپور دەڵێ: "لەماڵ مەچۆرە دەرەوە!".



## *نامەکانی پاش جیابوونەوە*

ئالسان ڤالنتان دەڵێ: "جیابوونەوە ڕوویەکی دی خۆشەویستی و شکستیش ڕووەکەی تری شەیداییە"، بێگومان جیابوونەوەی فروغ و شاپور هەرچەندە لەڕووی واقیعەوە ڕوویدا، بەڵام ڕوویەکی دی خۆشەویستی نێوانیان بوو تا ئەو ڕادەیەی لەهەموو کاتدا شاپور ئامادەگی هەیە یارمەتی فروغ بدات و فروغیش هەمیشە داوای هاوکاریی شاپور دەکات، بۆ نموونە هەر لەیەکەم نامەدا (فروغ) دەڵێ: "گەر دەتوانیت هاوکاریم بکەیت، بۆم بنووسە..بەو هیوایەی ڕۆژێك بتوانم قەرەبووی چاکەکانت بکەمەوە"، بەڵام شاپور بۆچوونێکی جیاواز تری هەیە لەبارەیەوە، بەبۆچوونی من هەمان تێڕوانینی (ڤیکتۆر هۆگۆ)ی هەیە کە بۆ (جولیات دروی) خۆشەویستی نووسیوە و دەڵێ: "خۆشەویستی چەند نەزۆکە، کە لەوتنەوەی وشەی (خۆشمدەوێت) ناکەوێت، چەندیش بەپیت و لەبن نەهاتووە، کە هەزاران ڕێگەی تر بۆ وتنەوەی هەمان وشە هەیە".

شاپور و هاوکارییەکانی و ڕەفتارەکانی دەرئەنجامی ئەو قسەیەی سەرەوەیە، بەبێ ئەوەی حەمکەکانی خۆشەویستی دووبارە بکاتەوە، کە لەزۆر ڕێگای ترەوە ئەم خۆشەویستییە بۆ فروغ دەربڕیوە، هەر بۆیە فروغ دەنووسێت: "ڕاستە بەڕووکەش من ئیتر ژنی تۆ نیم، بەڵام تۆ دەزانیت، خوداش دەزانێت کە هێشتا هەر هی تۆم".

ئەو قسەیەی هۆگۆ جولیات و کارەکانی شاپور بەرامبەر فروغ وادەکات، فروغ دان بەگەورەیی شاپوردا بنێت، بۆیە دەڵێ: "بەڕەوا نییە بۆ تۆ لەمەودوا من کەسێکم کە نابێ تۆ دۆستایەتی بکەیت،

مرۆڤ هەمیشە بەرامبەر بەچاکە چۆك دادەدات" ، بۆیە دەرئەنجام ئەوە گەورەترین ڕاستەیە، کە فروغ زۆر ڕاستگۆیانە دەیدرکێنێت و دانی پێدادەنێت ئەمەش بۆ خۆی گەورەیە.

ئەحلام مستغانمی دەڵێت: "ئەو کاتە بزانە کە شەیدایت، کە ڕەفتارەکانت دژ بەبەرژەوەندیی خۆتن".

فروغ عاشق و شەیدایە، بەڵام ڕەفتارەکانی دەرئەنجام ئەوی گەیاندە کارەساتێك، کە دژی عشق و بەرژەوندییەکانی بوون، ڕەنگە گەورەترین هەڵەش ئەوەبێ، کە خۆی دەڵێ: "بۆ من کە ناپاکیم لەگەڵ عشق و خۆشبەختی خۆمدا کرد، چ سزایەك لەوە شایستەترە لەم حاڵەتی کە ئێستا هەیە" ، بۆیە بەردەوام دەبێت لەسەر دانان بەهەڵەکانی خۆیدا و دەڵێ: "نازانم چ هێزێکی سەرسەخت و ناقوڵا منی کێشایە ناو ئەم کێشەیەوە؟ بۆ ئەم کارەم کرد؟ هیچ نازانم من ڕێزی تۆم نەزانی"، تا لەپاشکۆی شیعری (گەڕانەوە)دا دەڵێت: "ئێستا دەزانیت چەندم خۆشدەوێت و چەندە پەشیمانم... لەڕەفتاری ڕابردووم زۆر شەرمەزارم"، تا لەکۆتایدا دەڵێ: "تەنها هاورێم بە".

خوێندنەوەی (٥٧) نامەی فروغ بۆ شاپور، جگە لەوەی بەدۆکۆمێنتێکی ئەدەبی و ئەدەبی نامەکاری گەورە دادەنرێت، لەهەمان کاتدا دەرخستنی پنتە تاریکەکانی عشق و ژیانی فروغ و شاپورە، بەڵام پەشیمانی دووەم هەڵەیە دەیکەین، چونکە فروغ ئیدی هەموو شتە جوانەکانی لەدەستدا و هاوسەریەتی گەورەی شاپوری لەدەستدا، بۆیە سەرئەنجام تەنها شتێك کە داوای دەکات (هاورێتییە)



، بەڵام ئەوە فەلسەفەی عشقە کە "خۆشەویستی هەموو جار خۆی دووبارە ناکاتەوە"، بۆیە عشقی شاپور بۆ فروغ هەمیشە وەکو یەکەم جار نییە، کاتێ کە خیانەت هەموو شتەجوانەکان دەشێوێنی.

من دەڵێم گەر فروغ تائێستاش بمایە هەر ئەم دێرەی دەوت: " دانی پێدەنێم، کە شتێك سەرکەوتنم تیادا بەدەستهێنا، بەڵام هەرگیز لەبیر چوونەوەدا سەرنەکەوتم"، یەکەمین ترپەی عاشقانەکانی دڵم یەکێکە لەجوانترین ئەو کتێبانەی لەلایەن شەیدا سەلاح و رئوف بێگەردەوە بەکوردییەکی زۆر جوان وەرگێڕدراوە و جێگەی دەستخۆشیە لەبلاوکراوەکانی ڕادیۆی نەوایە.

## نامەیەکی فروغ بەر لەژیانی هاوسەری

پەرویزەکەم.. ئەگەر وشەکان بیانتوانیا بەڕاستی مانای خۆیان بگەیەنن، ئەوسا منیش بەئاسانی دەمتوانی پلەی شادی و بەختەوەریمت بۆ دیاری بکەم، چ بەختەوەرییەك لەمە مەزنترە؟

ئایا بوونی خودی تۆ بەتەنیا بەختەوەریەکی گەورە نییە بۆ من؟ ئایا ژیان لەگەڵ تۆدا ئەوپەڕی ئامانجی من نییە؟

من داوات لێدەکەم، تۆ کە ئەمەندە باش و میهرەبانیت، ئەوەی تێپەڕی فەرامۆشی بکەیت، مەگەر ڕابردوو جگەلەدەرد و ئازار شتێکی تری بۆ وەبەرهێناوین؟ ئیدی بۆچی بیر لەڕابردوو بکەینەوە و هەم دیسان لەبەر ئەو هەڵانەی کردوومانە، ئازار بچێژین، من ئێستا لەهەموو ئەو بەسەرهاتانەدا شتێکم لەیادە و بیرم نەچووەتەوە و ئەویش عەشقی  تۆیە، عەشقێك بۆ من لەهەوا و



هەتاو پێویسترە.

پەرویز.. من دان بەوەدا دەنێم، کە بەهەڵەدا چووم و بێ هۆ تۆمەتی بێ وەفاییم دایە پاڵت، بەڵام تۆ بۆ خۆت باش دەتوانی سەبارەت بەمن دادوەری بکەیت، وەختێ بارودۆخی منت لەبەرچاو گرت، درك پێکردنی مەسەلەکەت بۆ ئاسان دەبێ و تێدەگەیت، کە من هیچ گوناهێکم نەبووە و نیمە، من هەمیشە خۆشم ویستویت، تەنانەت پاش نووسینی ئەو نامەیەش بەهەمان شێوە لەدڵمدا مابوویت، من و تۆ هەردووکمان تووشی کۆمەڵێك هەڵەبووین و پێویستە هەردووکیشمان دڵمان گەورەبێت و ئەو ڕابردووە فەرامۆش بکەین.

تۆ چیت لەمن دەوێت.. ئایا هەست و سۆزە، بێ کۆتاییەکەی من لەداهاتوودا ئاسوودەت ناکات، من هەمیشە ئاواتم خواستووە، تاکو هاوسەرێکی میهرەبان و وەفاداربم و هەم دیسان هیوام خواستووە، کە هاوسەرەکەم بەرانبەرم ڕاستگۆ و میهرەبان بێ، لەنامەکانی دوایمدا تێدەکۆشم ئەو شتانەی کە لەهاوسەرەکەمی چاوەڕێ دەکەم، بۆت ڕاڤە بکەم و تۆ بەئەرکی خۆت ئاشنا بکەم، ئەگەر ئاشنانیت و بۆ خۆیشم داوای شتی وات لێدەکەم.

پەرویز ئێمە پێکەوە ژیانێکی خۆشمان دەبێ، پێویستە تۆ ئەگەر لەپێناوی منیشدا بووبێت، هەوڵ و تێکۆشانی زیاتر بکەیت، دڵنیابەلەوەی هەموو ڕەنج و ماندووبوونێکت شیاوی قەرەبووکردنەوەیە، وەختێ توانیم پاداشتی ئەو ڕەنجانەت دەدەمەوە.



پەرویز پێویستە تۆ باوەڕ بەم ڕاستییە بهێنی، کە یەکەمین و دوایین و عەشقی منیت و زیاتر لەهەمیشە خۆشم دەوێیت و بەختەوەریت ئەوپەڕی ئارەزوومە، دەتەوێ باوەڕبکە و دەشتەوێ مەیکە، خۆت لەوە ئازادیت.

خوات لەگەڵ فروغ

وەڵامی نامەکەم یان بۆ خۆت بیبەرە بەرێوەبەرایەتییەکەی ڕۆژنامەی (تەرەقی) و بیدەرە سیروس یان بەپۆست بینێرە لەسەر زەرفی نامەکە بنووسە بەرێوەبەرایەتی ڕۆژنامەی (تەرەقی)، ڕۆژنامەی ئاسیای لاو، ئاغای سیروس بەهمەن ناوی خۆشت لەژێرەوە بنووسە، پێویستی بەنازناو نییە، بەڵام من بۆ خۆم وادەزانم کە شێوازی یەکەم باشتر بێ و زووتر بەدەستم دەگات.

## نامەی فروغ دوای ژیانی هاوسەری

پەرویزگیان نازانم بۆچی نامەم بۆ نانووسی، زۆر بێ تاقەتم، ئێستا نزیکەی (٦) ڕۆژە، کە هاتووم و هیچ هەواڵت نازانم، هیوادارم تەندروست بیت، من و کامیش خراپ نین، بەڵام من خۆم نازانم، بۆچی ماوەیەکە ئەوەندە بێزارم، لەوە دەچێ کە چیتر بەرگەی هیچ شتێك نەگرم، ئەوەندە بێ هێز و ماندووم، کە بەبچووکترین ناخۆشی لەژیانم تێر دەبم، ئەوەی لەهەموو شتێ خراپترە، تۆ لەلام نیت و نازانم بەچ شێوەیەك خۆم ئارام بکەمەوە , پەرویز بێ سەبرانە چاوەڕێی هاتنەوەت دەکەم، هەر بەو شێوەیەی کە بۆم نووسیت بڕیار وابوو کە ئەمڕۆ کتێبەکەم چاپ بێ، بەڵام لەوە



دەچێ تووشی گرفت بووبێت و لەهەر حاڵەتێکدا شەممەکەی دی حەتمەن چاپ دەبێ.

پەرویزەکەم من لەتەنیایی زۆر بێ تاقەت دەبم و لەهەموو خراپتر نازانم بۆ ئەوەندە لەداهاتوو دەترسم، هەستێکی ناخۆش بەردەوام نیگەرانم دەکات و نازانم ناوی چی لێنێم، لەوە دەچێ کە کارەساتێکی خراپم لەڕێدا بێت، هەمیشە خۆم لەبەر هەڕەشەی مەترسیا دەبینم و هەستدەکەم مرۆڤێکی بەدبەختم، چونکە ڕۆحم



شێواوە و دەمارەکانم لاوازبوون پەرویزەکەم، نازانم چیت بۆ بنووسم، تۆ کە فەرامۆشت کردووم و ئەسڵەن نامەم بۆ نانووسی، بەڵام هیوام ئەوەیە کە لەهەرکوێ بیت شاد و بەختەوەر بی، ئەوە بۆم گرنگ نییە، کە نامەی زۆرم بۆ بنووسی، گرنگ ئەوەیە کە منت بویێت و ئەوەش بزانی کە منیش خۆشم دەوێی.

پەرویز گیان دوێنی شەوەکەی کامی لەگەڵ کلور و فەریدون و منداڵانی تردا چووبوون بۆ یانەی شارەوانی و بەکورتییەکەی کاتێ گەڕایەوە زۆر شادمان بوون، چونکە بۆ خۆت دەزانی کە لەوێ کەلوپەلی یاریکردنی منداڵان زۆرە و بڕیارم داوە هەندێ جار لەگەڵ منداڵەکاندا بینێرم بۆ ئەوێ، چونکە لەماڵەوە کەسێك نییە، یاری لەگەڵدا بکات و وەختێکیش دەچێ بۆ لای دایە، لەبری یاریکردن زۆرانبازی دەکەن و ئەوە هیچ باش نییە.

پەرویزەکەم من لەباوکم زیزبووم و چیتر لەگەڵی ئاشت نابمەوە، چونکە ئەو خۆشی ناوێم و لەوتنی هیچ قسەیەکی ناشیرین لەپشتی منەوە درێغی ناکات، منیش بڕیارمداوە کە بەهیچ شێوەیەك نەیبینم و تائێستا نەمبینیوە و هیوادارم هیچ کات ناچار نەبم بیبینم.

پەرویز گیان خۆشم دەوێی و چاوەڕێی هاتنەوەتم.



## نامەی فروغ پاش جیابوونەوە

پەرۆیزی ئازیزم هیوادارم باش بیت، ئەم نامەیەت لەڕۆماوە بۆ دەنووسم، سەفەرەکەم خۆشبوو، هەموو ڕێگاکە لەبیری تۆدا بووم و نیگەرانی کامی بووم، تکایە زووتر بڕۆ بۆ تاران با تەنیا نەبێت، ئێرە شارێکی زۆر گەورە و ئاپورەیە و من لای هاوڕێیەکەم ژوورێکی باشم پەیداکرد، نامەی درێژت بۆ دەنووسم، ناونیشانی خۆمم بۆ نووسیت.          ماچت دەکەم

پەرویز گیان بەو ناونیشانەی خوارەوە زوو نامەم بۆ بنووسە ، لەبارەی کامیەوە بۆ دایکتی بنووسە زۆر ئاگاداری بێت، پەرویز بەخوا زۆر ناسازم، ئێستا کە ماشێنەکە دەیەوێت بڕوات، ئەم کارتەم بۆ نووسیت تا لەحاڵم ئاگادار بیت، جارێکی تر ماچت دەکەم.

ئیدارەی دارایی پەرویز شاپور

ناونیشانی من ٢٠/٢٥

No

Iran.Ahvaz

Roma.via caldeini

**سەرچاوە:**

★ یەکەمین تریە عاشقانەکانی دڵم، ئا: کامی، شاپور، عومران سەلاح، و: ڕەئوف بێگەرد و شەیدا سەلاح، چاپی ٢٠٠٥، قەبارە (٢٣٦) لاپەڕە، لەبڵاوەکراوەکانی ڕادیۆی نەوا.

★ ئەو سێ نامەیە لەناو کتێبەکە وەرگێڕاوە.



## بیروباوەڕەکانی مرۆڤگەرایی و ولیام شکسپیر

کەریم ئەحمەد تایشەیی



**( هەزار ساڵی ژیان لەئاستی ئەمریدا تروکەیەکە )**

**( دانتی ئەلجیری )**

گۆڕانکارییە هزرییەکانی مرۆڤایەتی زۆرجار لەهەر سەردەمێکدا بەپێی بڕشتی خۆیان کاریگەرن و گۆڕان لەمەڕ بیر و هۆشی تاکی کۆمەڵگەکان دەنوێنن، جا ئەم گۆڕانە بەپێی ئەو بوارەی تێیدا دەردەکەوێ، لایەنی پۆزەتیف و نەگەتیفی خۆی دەبێت، هەندێکجار مرۆڤە کاریگەربووەکەش بەئاقاری ویستە شاراوەکەی خۆی ڕاپێچ دەکات، لەنێو گۆڕانێکی کەم وێنە و هەمەچەشنەی ژیانی ئەوروپاییەکان و لەسەردەمێکی تەواو جیاواز لەپێشتریان کە تێکڕای بوارەکانی ڕۆحی، کۆمەڵایەتی، ڕامیاری، زانستی ..... تاد تیادا بەرجەستەبوو، کۆمەڵێك هۆشمەند و بیرمەند دەرکەوتن، کە تاوەکو ڕۆژگاری ئەمڕۆمان مرۆڤایەتی شانازییان پێوەدەکات و بەرهەمی بیر و پێنووسیان شرۆڤە دەکات، بێگومان دەگمەن ناوی

گەورە ئەدیب و درامانووسی جیهانی (ولیام شکسپیر)مان نەبیستبێ و لەهەر شوێنێکدا بووبێتین، بەرهەمێکمان بەرچاو نەکەوتبێت، بەر لەوەی باس لەژیان و بیر و کەسایەتی ئەم نووسەرە بکەین، باشتر وایە بەکورتی چەند خاڵێك لەگرنگترین ئەو گۆڕانکاریانەی سەردەمەکەی بخەینەڕوو، کە خۆیان لەدەرکەوتنی زمانە نەتەوەییەکان و پێکهاتنی ئەدەبی نەتەوەیی و دروستبوونی قەوارەی سیاسیی دەوڵەتان و دامەزراندنی کڵێسەی نەتەوەی جیاواز لەکڵێسە کاسۆلیکی هەژموون و کاری سەدە ناوەنجییەکان بکەین، پراکتیزەکردنی یاسا مرۆییەکان، وەك ئەلتەرناتیفی یاسا چەواشەکارییەکانی پیاوانی ئایینی (سەدەکانی ناوەڕاست) و دەرکەوتنی چینی بورژوازی نوێ و ئاوابوونی دەرەبەگایەتی و هاتنەسەر کاری پادشایەتی ڕەها و دواتر پادشایەتی دەستووری و ..... تاد.

داهاتنی ئەم گۆڕانکارییانە لەئەوروپا لەسەرەتادا لەهەر وڵاتێك بوارێك خۆی تێدا دەنواند، ئەوەتا لەوڵاتێکی وەك ئیتالیا زیاتر بوارەکانی (هونەر و ئەدەبی فیکر) زەقبوویەوە، لەئەڵمانیا خۆی لەڕیفۆمی ئاینی (مارتن لۆتەر) بینییەوە و لەئینگلتەراش بەشێوازێکی پێشکەوتووتر بواری (ئەدەب و زانستە پزیشکیەکانی) گرتەوە، بەدەرخستنی کاریگەریی سەردەمەکە لەمەڕ کەسایەتییەکان و بەپێچەوانەشەوە گرنگی هەردوو لایەنمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، بۆیە نموونەی کورتە باسێکی کەسایەتی (ولیام شکسپیر) درك پێکردنێکی ئەوتۆمان لەمەڕ ئەو سەردەم و کەسایەتییەکەیشی



دەداتێ، شەڕ و ئاژاوە لەهەر هەرێم و وڵاتێکدا بۆخۆی لەباربردنی پێشکەوتن و بیری نوێخوازییە، لەئینگلتەرای سەردەمی جەنگی سەد سالە(١٣٣٧ ـ ١٤٥٣)ز لەگەڵ فەرەنسادا و پاشان جەنگی ناوخۆی ئەو وڵاتە (١٤٦١ ـ ١٤٨٥)ز شەڕی (الوردتین) بوو بەهۆی ئەوەی بۆ ماوەیەك دوور بێ لەو گۆڕانکارییانەی کە لەناوەڕاستی ئەوروپادا هاتبووە گۆڕێ، ئەوەتا هەر پاش کۆتایی ئەم جەنگانە و سەقامگیربوونی ئاشتی لەو وڵاتەدا، گۆڕانکارییەکان ڕێڕەوی خۆیان دەگرن و وردە وردە لەبواری ئەدەب و زانستدا خۆیان دەنواند، لەگەڵ دەستپێکردنی ئەم گۆڕانە لەئینگلتەرا کۆمەڵێك لەفێرخوازانی پەرۆشی زانست ڕوو دەکەنە ئیتالیا بۆ شارەزابوون لەدراسەکردنی ئەدەبی کلاسیکی سەردەمی یۆنانی و ڕۆمانی کۆن، پاش ئاشنابوونیان بەو بوارە و لەکاتی گەڕانەوەیاندا بۆ زانکۆی (ئۆکسفۆرد) و بلاوکردنەوەی بیروڕاکانیان ناویان لێنرا (ڕیفۆرمخوازانی ئۆکسفۆرد)، ئەم ڕیفۆرمیستانە کە گیانی گۆڕان لەناخیاندا هانی دەدان بۆ داماڵینی کۆسپ و تەگەرەکانی بەردەم بیری مرۆڤایەتی، کە دەزگای کڵێسەی ئەو سەردەمە لەڕێگایاندا هەڵی خستبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بانگەشەی چاکسازییان لەنێو کڵێسەدا نەدەکرد ئەوەندەی پەرۆشی دابرانی بوون لەگەڵ (ڕۆما)دا.

بەهەر حاڵ تەشەنەکردنی ئەم بیرە لەوڵاتی ئینگلتەرا و لەنێو چەند کەسایەتییەکی وەك (ولیم گرۆسین) کە لەبواری لێکۆڵینەوەی ئەدەب و فیکر، (تۆماس ليناكر) لەبواری پزیشکی و بەتایبەت زمانی لاتینی کۆن، (جۆن کۆلیت) لەبواری هزر و بیری سەربەست و زمان و



وێژەی کلاسیکی و دامەزراندنی قوتابخانەی (سانت پۆل)، پاشان (تۆماس مۆر) کە لەسەر دەستی مامۆستاکەی (تۆماس ليناكر) ئەم بیرەی وەرگرت و بیروڕاکانی دژ بەکڵێسە و دەسەڵاتی سەردەم و زوڵم و زۆر خستەڕوو، لەدوای ئەویش (ولیام شکسپیر) هات، کە بەکاریگەریی پێشینانی کەوتە هەڵاوردنی ناخی و لەشێوەی درامای و ئەدەبی نووسراودا دەردەبڕی و چەند کەسانی تر، ئەمانەش ئینگلتەرایان هەژاند و هەریەك لەبوارێکدا ئەسپی خۆی تاو دەدا، لەو نێوەندشدا و لەبواری ئەدەبدا (ولیام شکسپیر) دەرکەوت، سەرەتای ژیانی ئەم کەسایەتییە بۆ خۆی ڕەنگدانەوەی واقیعی نووسینەکانییەتی، چونکە ئەگەر تێرامانێك لەلاوێتی ناوبراو بدەینەوە، ئەوا دەبینین هەژاری و بێدەرامەتی وای لێدەکات ببێتە ئەکتەر، هەر ئەو هۆکارەش ناخی دەهێنێتە جۆش بۆ نووسینی تێکستی شانۆیی و فرۆشتنی، تاوەکو لەو ڕێگایەوە بتوانێ خانەوادەکەی پێ بەرێوەبەرێت، لەبەرئەوەی دیرۆکی ژیاننامەی هەژاران سروشتییەکی لێلەو تەماوییە، ئاسایە شکسپیریش لەو نێوەندەدا خۆی ببینێتەوە، چونکە کوڕی ئەو چینەیە و لەو سروشتەش بەدەر نییە، ئەوەتا ئەگەر دیقەت لەمێژوو بدەین، دەبینین لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا چەند بیروڕایەکی نازانستیانە بلاودەبێتەوە، گوایە کەسایەتی شکسپیر بوونی نییە و ئەو بەرهەم و شاکارانەشی کە هەیەتی ساختەیە، بۆیە درایە پاڵ کەسانی وەك (فرانسی بیکۆن) و فەیلەسوفە ئەرستۆکراتەکان، بەلگەشیان بۆ ئەم ڕایەیان ئەوەبوو، کە ناشێ و مەحالەئەو داهێنانە



مەزنانە بەرهەمی ئەکتەرێکی ساوای وەك (شکسپیر) بێ، چونکە نە لەبنەماڵەیەکی ئەرستۆکراتییە و نە پلەی ڕۆشنبیرییەکی دانشگای هەبووە، بەڵێ ڕۆڵەی هەژاران پێیان ڕەوانابینرێ، کە کاری داهێنەرانە بکەنە و شاکاری هزری دەوڵەمەندیان بدرێتە پاڵ، چونکە ئەرستۆکراتەکانی ئەو سەردەمەی شکسپیر و سەرمایەدارانی ئەمڕۆی ئێمە پێیان لەنگە تێکست فرۆشی جاران و کوڕە کرێکار و کاسبکاری ئەمڕۆ ببنە ناودار و خەڵکی گوێیان لێبگرێ، بەڵام نازانرێ دەوڵەمەندی بیروناخی شکسپیر و هاوشێوەکانی لووتی گەورەترین سامانداری ڕۆژگاریان بەسەر نووسینەکانیاندا شۆڕکردەوە.

بەهەر حاڵ شتێك کە جێی دڵخۆشکەرییە، ئەوەیە کە ڕاستییەکان هەرگیز لەمێژوودا ون نابن، هەرچەندە خودی مێژووش ئەگەر خەدریان لێبکات، بەڵێ شکسپیر بەبێ دەنگی خزمەتێکی گەورەی بەئەدەب و هونەر کرد، بەجۆرێك کار و چالاکییەکانی تاوەکو ڕۆژگاری ئەمڕۆمان جێگەی سەرنجە و بەخوێندنەوەیەکی خۆی بۆ هەر بەرهەمێکی پەند و ئامۆژگاری زیاترمان فێردەکات و لەواقیعیەتی سەردەمەکەیمان زیاتر نزیك دەکاتەوە، ئەم کەسایەتییە مەزنە لەڕێگەی (١٥٤) کاری ئەدەبی و نووسینی (٢٧) درامای شانۆیی پڕ بایەخ، توانیویەتی جوانترین دیمەنی ئەو سەردەمەی خۆیمان بۆ نیشانبدات، شتێك کە جێی ئاماژەپێکردنە، ئەوەیە لەتێکڕای ئەو کارانەی ئاماژەمان پێکرد، تەنانەت بۆ یەکجار ناوی خۆی نەهیناوە، ڕەنگە لەبەر ئەم هەڵوێستە جوامێرە گشتییە خاکیەی بێت کە

لەساڵانی کۆتایی سەدەی ڕابردوودا و لەڕاپرسییەکی ئاشکرای جیهانی بۆ بەناوبانگترین کەسایەتی هەزار ساڵی ڕابردووی مێژووی مرۆڤایەتی شکسپیر بەپلەی یەکەم بێت، ڕەنگە لێرەدا پرسیارێك زەق ببێتەوە، بۆچی دەبێ درامانووسێکی سەرەتای سەدەی هەڤدە بۆ ئەو پایە هەڵبژێردرابێت، کە باسی لەچیرۆکی پادشا یان عەشق و خۆشەویستی مرۆڤ و باری کۆمەڵایەتی سەردەمەکەی دەکات، ئەم پرسیارە سادەیە گەلێك وەڵامی بەپێزی دەبێ، ڕەنگە ئەوەندە بەس بێت بڵێین نووسینەکانی (شکسپیر) زۆرترین خوێنەری هەبووە لەمێژوودا و تەواوی ئەو تێکستە شانۆیانە بۆ زیاتر لە(١٠٠) زمان وەرگێڕدراون، هەروەها وەکو (٢٠٠) فلیمی سینەمایی جیهان دەرهێنراون، ئەمە جگە لەوەی لەسەرانسەری دونیادا بەرهەمەکانی خۆیان لەسەر شانۆی وڵاتاندا نمایشکردووە و نمایشدەکەن، ئەگەر دیقەت بدەین لەناوەڕۆکی بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە، دەبینین بەرهەمە سەرەتایەکانی بۆ ئامانجێکی دوور تەرخانکردووە، بەو پێیەی چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتی و سیستەمە دەرەبەگایەتییە ستەمکارانەکەی سەردەمی، هەرچەندە شکسپیر بەرەچاوکردنی بارودۆخی سەردەمەکەی لەگەڵ پاشایەتی هۆشمەندا بووە بەوێنەی (هنری پێنجەم) وەك لەوەی لەگەڵ هەر چەشنە ڕژێمێکی تر، چونکە دەیگوت نەزانی وێنەی پاشا (هنری شەشەم و ریشاردی دووەم) یان دیکتاتۆرێکی وەك (ریشاردی سێیەم و شاجۆن) چارەسەر نیین بۆ ئەو بارودۆخە، بەهەرحاڵ (د. کەمال مەزهەر) وتەنی بیروڕای قۆناغی دووەم و سێیەمی ڕێنیسانس و بزوتنەوەی



مرۆڤایەتی لەنووسینەکانی شکسپیردا ڕەنگیانداوەتەوە، شکسپیر لەبەرهەمەکانی سەرەتاییدا هەوڵی داوە، کە ئادەمیزادی فێرخواز سەربخات بەسەر شەڕەنگێز و ناساغدا، لەشاکارەکانی سەرەتای سەدەی هەڤدەهەمیشدا پەنجە بۆ ئازادیی قووڵی کۆمەڵ و دووری خواستی مرۆڤایەتی لەبەدیهاتنی ئاواتەکانیدا دەخاتەڕوو، ئەوەتا لەشانۆی (هاملیت)دا دیمەنی پیاوێکی دڵپاك نیشاندەدات بەرامبەر فێڵ و تەڵەکەی ژیان، هەروەها لەشانۆی (تەیمونی ئەتینایی) وێنەی مرۆڤێکمان بۆ دەردەخات، کە چۆن پارە و سامانی دونیا دەبێتە پێوەری و سیفەتە شەخسییەکانی بەو هۆیەوە لێدادەماڵرێ، تەیمون هەتا دەوڵەمەندە جێگای ڕێزی خەڵکییە، کە هەژاریش دەکەویت لەبەر چاوی هەمان خەڵکدا نابووت دەبێ، لێرەدا نووسەر دەیەوێ جادووی زێر نیشانبدات، کە چۆن (ناشرین دەکاتە جوان) و پیر دەکاتە لاو و شتەکان پێچەوانەی ڕاستییەکان نمایشدەکات، ئەوەش دەخاتەڕوو کە دەگمەنە ڕەگەزی مێ سنگی بۆ ئەو جادووە نەکاتەوە و پێشوازی لەو دڵدارە نەکات کە بەکلاوڕۆژنەیدا دێتەخوارێ، ئەمە و لەشانۆی (بازرگانی ڤێنیسیا) شکسپیر زۆر بەڕوونی دەیەوێت واقیعێك بخاتەڕوو کە لەسەردەمەکەیدا باو بووە، ئەوەش ئەوەیە بەهۆی گەشەکردنی پەیوەندیی سەرمایەدارییەوە سەرمایە کەڵەکەبووە، سەرمایەداریش بەهەموو شێوازێك سەرمایەی خستۆتەگەڕ بەتایبەت (سووخواردن) بەبێ ڕەچاوکردنی یاسا و ئاکاری و مرۆڤایەتییەکان، لێرەدا شکسپیر دژیان دەوەستێت و ئەو کارەشیان بەناڕەوا و بەد دەزانێت، لەم ڕووەوە ڕەخنە لەدەوڵەمەندە



جووەکان دەگرێت، کە چۆن لەڕێگەی پارە و سووخواردنەوە مرۆڤ دەکەنە ئامێر و کۆیلەی خۆیان، لەبەرهەمەکانی تری ئەم نووسەرە (خەونێك لەشەوێك لەشەوەکانی ناوەڕاستی هاویندا) ـ (ڕۆمیۆ و جولێت) ـ (پادشالیر) ـ (ماکبێپ) ـ (یولیوسی قەیسەر) ـ (زریان) ..هتد، دیمەنی دڵرفێنی جیاجیایشیان دەدا بەتێڕوانین لەناوەڕۆکی گشتی، ئەم بەرهەمانەی شکسپیر گەواهی ڕاستێتی بیری مرۆڤانەی ناوبراومان بۆ ڕوون دەبێتەوە و کۆمەڵێك خاسیەتمان بەرچاو دەکەوێت کە بەخراپ نیشاندەدرێت و بەپێویستی دەزانێت مرۆڤەکان لێی بەدوور بن، لەوانە خراپی زاڵکردنی سۆز بەسەر بیر و هۆش و چۆکدادان لەچارەسەری پێشهاتەکان و دوودڵی نواندن لەکار و کردەوەکانمان و ...هتد، یەکێکی تر لەو خاسیەتانەی نووسەر نمایشکردنی ئەکتەرەکانییەتی لەنێو دەقە نووسراوەکانیدا، بەجۆرێك تاوەکو سەردەمی ئێستاشمان خۆیان نوێ دەکەنەوە و گونجاوی گۆڕانکارییەکانی سەردەمن، ئەم کارەشی بۆ خۆی نهێنییەکە و شکسپیر بۆ خۆی لەجیهانی ئەدەبدا داگیری کردووە، پەنهانییەك لەنێو نهێنی پرسیارەکاندا خۆی حەشارداوە، ئەوەیە کە ئیلهامی ئەم نووسەرە چیبووە؟ هەرچەندە وەڵامی ئەم پرسیارە ئەستەمە، بەڵام لەڕوانگەی ئەو کورتە ژیانەی کە بەردەستە دەردەکەوێ، کە فراوانی هزری لەشیکارکردنەوەی ڕووداوەکانی سەردەمی و ئازارەکانی ژیانی و لێهاتووی لەو بوارەی دەستی داوەتێ پێکرابوون بەهۆی دروستکردنی کەسیەتییەکەی و لەدایکبوونی بەرهەمەکانی، هەرچەندە سەرەتای نووسینی درامایی لای شکسپیر



ڕوون نییە، بەڵام وادیارە لەشتی سادە و ساکارەوە دەستی پێکردووە، پاشان قۆناغ بەقۆناغ پەرەی پێدابێت، پێدەچێت ساڵی (١٥٩٢)ز سەرەتای کارەکانی بووبێ، پاشان لەو مێژووە بەدواوە کارە داهێنەرەکانی دەرکەوتبن، بەجۆرێك تەنانەت لەمەنهەجیەتی پێشینانی خۆی جیاوازبووە و ئێستایشی لەگەڵ بێت لەدەرگای هەمەلایەنەی ژیانی مرۆڤەکان دەدات و لەهۆکارە پاڵنەرەکان دەپرسێ و لەگەڵیاندا دەپەیڤێ بەزارێکی سیحراوی تایبەتی پاش نزیکەی (٥٠٠) ساڵ.

**ئەو سەرچاوانەی سوودم لێوەرگرتوون:**


- دراسات في تاريخ اوربا في العصر الحديث، د. عبدالكافي الصطوف و د. راغب لعلي، طبعة الاولى، ديمشق، مطبعة الراودي، ١٩٩٧-١٩٩٨.
- سایتی (www. bab. com).
- حرية الفكر و ابطالها في التاريخ، طبعة الثانية، بيروت، ١٩٥٩.

ڕێنسانس، د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، وەرگێڕانی: فوئاد مەجید میسری، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.

# زمانی شیعری لەشیعرەکانی شاعیر "شێخ ئەحمەد شاکەلی"دا

نووسینی:
م.ی. ئومێد برزان برزۆ



شاعیر شێخ ئەحمەد شاکەلی یەکێکە لەشاعیرانی ناوچەی گەرمیان، بێگومان ناوچەی گەرمیانیش خاوەنی شێوەزارێکە، بۆیە سەرەتا باس لەشێوەزاری گەرمیان لەنێو زمانی کوردیدا دەکەین، بەپێی ئەو سەرچاوانەی کە دەربارەی ئەم شێوەزارە خراونەتەڕوو.

### *دەستنیشانکردنی شوێنی جوگرافیی شێوەزاری گەرمیان لەنێو زمانی کوردیدا:*

لەبارەی دابەشکردنی دیالێکت و زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردییەوە یەکەم سەرچاوە (شەرەفنامە)ی شەرەفخانی بەدلیسییە، کە لەساڵی (١٥٩٦ز)دا دانراوە، پاشان (مامۆستا تۆفیق وەهبی) و (کەریم زەند) و (د. کەمال فوئاد) و (د. جەمال نەبەز) و (محمد ئەمین هەورامانی) و (د. فوئاد حمە خورشید) و چەند کەسێکی تر باسی زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردییان کردووە، بەڵام لێرەدا تەنها بابەتی ئەو نووسەرانە دەخەینەڕوو، کە باسی



شێوەزاری گەرمیانیان لەنێو زمانی کوردیدا کردووە، کە ئەمانەن:

**ا- مامۆستا کەریم زەند لەکتێبی (کورتەی جوگرافیای کوردستان)دا وتارێکی بەناوی (دابەشکردنی جوگرافی زمان) بلأوکردۆتەوە و تێیدا زمانی کوردی دەکات بە سێ هەرێمەوە:-**

**١- هەرێمی باکوور ـ کرمانجی ژووروو:-**

لەباشووری ئەرمنستانەوە تاوەکو هێڵی باشووری دەریاچەی ئۆرمی ـ شنۆ ـ زاخۆ ـ قامیشلی، تاوەکو قووڵگەی ئەسکەندەرونە.

ئەم کەرتە بریتییە لە:- ئوستانی لاچین ـ کوردستانی سوور ـ رووسیا، کوردستانی باکوور، کوردستانی خۆراوا ـ سوریە ـ دەڤەری ماکۆ، خۆی، سەڵماس، شارۆچکەی شنۆ.

**٢- هەرێمی ناوەند ـ کرمانجی ناوەند:-**

لەباشووری دەریاچەی ئورمییەوە ـ باشووری شنۆ، تاوەکو کرمانشا و خانەقین ـ کە بریتییە لە:-

دەڤەری شنۆولاجان، موکریان، ئەردەڵان، سۆران ـ هەولێر، بابان ـ سلێمانی، گەرمیان بە شێوە و زاری کرمانجی ناڤەند ـ ناوەند دەدوێن.

**٣- هەرێمی باشوور ـ کرمانجی ژێروو:-**

لەهێڵی کرمانشا و خانەقینەوە بۆ سەر کەنداو ـ کە بریتییە لە:-

کرمانشا، خانەقین، مەندەلی، لوڕستان، لەکستان ئەم هەرێمە بە شێوازی کرمانجی ژێروو دەدوێن.

**ب- دکتۆرجەمال نەبەز لەکتێبی (زمانی یەکگرتووی کوردی)دا، بەمشێوەیە زمانی کوردی دابەشکردووە:-**



***ا- دوو شێوە بنچینەییەکە:-***

**١- کرمانجیی ژووروو:** ئەم شێوەیە زاراوەکانی بۆتانی و جزیرەیی و هەکاری و بادینانی و ئاشیتەیی و بایەزیدی دەگرێتەوە.

**٢- کرمانجیی نێوەڕاست:** ئەم شێوەیەش زاراوەکانی سلەیمانی و سنەیی ـ ئەردەڵانی و کەرکوکی ـ گەرمیانی و هەولێری ـ سۆرانی و موکری و شاربازێری و پژدەری دەگرێتەوە.

***ب- دوو شێوە لاتەنیشتەکە:-***

**١- کرمانجیی ژێروو:** ئەمەش زاراوەکانی فەیلی و کرماشانی و لەکی و کەڵهوری و خانەقینی و هێندێ لەو زاراوانە دەگرێتەوە، کە بە شێوەی (لوڕی) دەدرێنە قەڵەم.

**٢- کۆمەلەشێوەی گۆرانی ـ زازایی:-**

زاراوەکانی گۆران ئەو زاراوانەن کە لەهەورامان و ناوچەی زەنگەنە و ناوچەی کاکەییەکان لەکەرکوك قسەی پێدەکرێ و بە زمانی (ماچۆ) واتا (دەڵێم) نێوی ڕۆیوە.

زاراوەکانی زازاش لەناوچەکانی بین گۆڵ و ناوچەکانی ئەلەزیز (دێرسیم، خەرپوت، مەعدن) و ناوچەکانی دیاربەکر (قولب، هێنە، پیران، چێرمووك) و لەئورفە (سیوێرەك) قسەیان پێدەکرێ.

**ب- محەمەد ئەمین هەورامانی لەکتێبی (زاری زمانی کوردی لەتەرازووی بەراورد)دا، دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەکات بە سێ شێوەی سەرەکییەوە:-**

١- **شێوەی کرمانجیی سەروو یان ژوورو:** کە ناوچەکانی دیاربەکر و بەدلیس و ماردین و بۆتان و هەکاری ئاکرە و شێخان و پارێزگای



دهۆك سەرپاکی بە زمانی کوردی بادینانی گفتوگۆ دەکەن.

٢- **شێوەی کرمانجیی نێوەڕاست:** کە ناوچەکانی موکریان و سۆران و پارێزگای سلێمانی و کەرکووك بە زمانی کوردی (سۆرانی) گفتوگۆ دەکەن.

٣- **شێوەی کرمانجیی خواروو:** کە ناوچەکانی هەڵەبجە و هەورامانی عێراق و هەورامانی ئێران و لەنێوان کرماشان و سنە و پێنجوێن بەرەو خواروو (کوردستانی خواروو) بە زمانی کوردیی (گۆران) گفتوگۆ دەکەن.

بەنسبەت زاری گۆرانەوە دەتوانین بیکەین بە چەند وەچەزارێکی کەوە: هەورامانی، لوڕی، باجەلانی، زازایی.

زاری لوڕی ناوچەی لوڕستانی گەورە و بچووکی گرتۆتەوە، واتە: رێگای خانەقین ـ کرماشان کەوتۆتە لای سەروویەوە و خوارووەکەشی بە درێژایی خاکی کوردستان درێژبووەتەوە.

**ت- فوئاد حەمە خورشید لەکتێبی (زمانی کوردی و دابەشبوونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی)دا، باسی دابەشبوونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەکات:-**

١- **دیالێکتی کرمانجیی باکوور:** بایەزیدی، هەکاری، بۆتانی، شەمدینانی، بەهدینانی، دیالێکتی رۆژئاوا.

٢- **دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست:** موکری، سۆرانی، ئەردەلانی، سلێمانی، گەرمیانی.

٣- **دیالێکتی کرمانجیی باشوور:** لوڕی ڕەسەن یا فەیلی، بەختیاری، مامەسانی، کۆهگلۆ، لەك، کەڵهوڕ.

٤- دیالێکتی گۆران: گۆرانی ڕەسەن، هەورامانی، باجەلانی، زازا.

### لایەنی زمان لەشیعرەکانی شاعیردا :

١- شاعیر بەشێوەیەکی وەستایانە وشەی ڕەسەنی کوردی بەکارهێناوە، واتە لەزۆربەی شیعرەکانیدا وشەی فەرهەنگی کوردیی ڕەنگی داوەتەوە، بۆ نموونە:

**بەهاران و ئێواران دەشتی سیروان**
**باریٚ جار بە جاریٚ تاویٚ باران**
***
**نووسین فێر بن تیشك ئەهاوێژیٚ**
**ڕەشایی قەڵەم چاوت ئەڕێژیٚ**

٢- شاعیر لەشیعرەکانیدا وشەی عەرەبی و فارسی و تورکی بەکارهێناوە، وەك (رسول الله، زەعیف، موفلیس، هیلال، موزنبین، موحتاج، ئیحسان، حووزوور، روح الامین، مازاع البصر، مورسلین، مەحشەر، اللهاکبر، فخر المرسلین، بەندەگی، ئازادەگی، سوبحگاه، بوزرگان، زوبان، فەردا، موهەیبا، تەرك کەردەم، گوشادە کەف، ولان چق یازیە ....... هتد).

بێگومان بەکارهێنانی وشەی بێگانە لەشیعری کوردیدا بەتایبەتی لەو سەردەمەدا کارێکی ئاسایی و باوبووە، بۆیە وشەی عەرەبی و فارسی و تورکی بەکارهێناوە، بەتایبەتی ئەو وشە و زاراوانەی کە پەیوەندییان بە ئایین و سۆفیزمەوە هەبووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار:



ا- شاعیر لەحوجرە خوێندوویەتی و شارەزاییەکی باشی لەصەرف و نحو و بەلاغەتدا هەبووە.

ب- شاعیر لەگەڵ تەریقەتی نەقشبەندیدا پەیوەندییەکی بەتینی هەبووە و لەبارەی سۆفیزمەوە شیعری جوانی نووسیوە.

بۆیە ئەگەر شاعیر ئەو وشانەی بەکانەهێنانەیە، بە شاعیرێکی گەورە لەقەڵەم نەدەدرا، ئەم خاسیەتەش لەشیعری فارسی و تورکیشدا هەیە.

٣- شاعیر لەشیعرەکانیدا وشەکانی بە ڕێنووسێکی کوردیی جوان نووسیوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا وشە خوازراوەکانیش (بێگانە) بەپێی ڕێنووسی کوردی داڕشتووە، تەنها ئەو وشە و زاراوە ئایینیانە نەبێت، کە لەناو دوو کەوانەکەدا دایناوە، ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پاراستنی پیرۆزی ئەو وشە ئاینییانە، بۆ نوونە:

ئەی شەهی "لعمرك" قاب قوسین "تا مەقام"
بەر لە"مازاغ البصر" جێما لەڕیٚ "روح الامین"

٤- شیعرەکانی شاعیر بە هەردوو دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست و دیالێکتی گۆرانی زمانی کوردی نووسراوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك:

ا- کاریگەریی شیعرەکانی (نالی و مەحوی و مەولەوی و ...) لەسەر شاعیر ڕەنگی داوەتەوە، کە (نالی و مەحوی و ..) بە دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست و (مەلەوی)یش بە دیالێکتی گۆران شیعریان نووسیوە.

ب- شاعیر لەتەمەنی ژیانیدا هاتوچۆی ناوچەی هەورامان و بیارە



و دەوروبەری کردووە و ئاشنایەتێکی باشی لەگەڵ دیالێکتی گۆراندا هەبووە، وەکو (کزەش، پەی، جە، کەردەن، کاریەن، مەزانۆ، جە نشێو، مەزاران، کەرۆ، وەش ...).

پ- ناوچەی گەرمیان لەڕووی قسەکردنەوە بەیەکگەیشتنی هەردوو دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست و دیالێکتی گۆرانی زمانی کوردییە، بۆ نموونە:

**شاکەلی وەشای شیرین گوفتاران**
**وەبەرزی ئەخلاق عالی ڕەفتاران**
**نامەی بەنامەت، شاکر ئەفشانت**
**بە جیلوەی خامەی وەفا نیشانت**
***
**پەی شەوقی سوحبەت شێخی گەرمیان**
**مەزانۆ ئیستە دەردت کاریەن**



## زیندوو کردنەوەی شاعیرێکی میللی ناوچەی گەرمیان

شکور محەمەد حەیدەر



هەموو بوونەوەرێك مردنێك قەرزارە و دەبیٚ شەرابی تاڵی مەرگ بنۆشیٚ. مەرگیش ئەو دێوەزمەیە باکی لە هیچ نیە و هارکات بییەوییٚ نێچیری خۆی راو دەکاو لووشی دەکات. مەرگ بیٚ بەزەییەو چەندین خۆشەویست لێك جیادەکاتەوە چەندین ئاوات و حەز تێکەڵ بەخاك و خۆڵ دەکات. مرۆڤ یەکێکە لەنێچیرەکانی مەرگ و رزگار بوونی لێی نیە. بەڵام بەشێوەیەك دەتوانینین ناوی خۆمان بە زیندووی بهێڵینەوە ئەوەش خزمەتکردنە بەگەل و نیشتمان و سەرجەم مرۆڤایەتی لەهەموو رووەکانی ژیانەوە. چی لە بواری خەبات و تێکۆشان بۆ سەرفرازی گەل و نیشتمان. یا خزمەتکردن لە رووەکانی تری ژیانی مرۆڤایەتیەوە. ئەوکاتە ناومان دەڕواتە لاپەڕەکانی مێژووەو بە زیندووی دەمێنیٚ. بەڵام بەداخەوە ئێمەی کوردی نیشتمان بەشکراوە پەرتەواز کراو و دەست بەسەرو ژێر چەپۆکی دوژمنانمان زۆر کەسی تێکوشەرو خاوەن بەهری جۆراوجۆرمان

چوونەتە خانەی فەرامۆشیەوە لەگەڵ مردنیاندا ناو و خەبات و بەهرەکانیان وەکو لاشەی بووە بە خۆڵ. دیارە ئەوەش نا هۆشیاری ئێمەی کورد نیە بەڵکو ناڵەباری رۆژگاری گەلی کورد بوەتە کۆسپ وەکو پێویست نەمانتوانیەوە لاپەڕەکانی مێژوومان بنوسینەوە ناوی ئەو کەسانەی تێدا تۆمار بکەین. ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە بەئاگا بین و هەوڵی ئەوە بدەین مێژوو چەواشە کراوەکەمان راست بکەینەوە و ناوی تێکۆشەران و خاوەن بەهرەکانمان لە مێژوویەکی پاك و بێگەردی گەلەکەماندا تۆمار بکەین. ئەرکی سەرشانی هەموو رووناکبیرانی گەلەکەمانە دیوانە ئاسار کۆن قوژبنی کوردستانەکەمان پەی بکەین و هەوڵبدەین ئەو کەسانەی شایستەی ئەوەن ناویان لە مێژوودا تۆمار بکرێ تۆماریان بکەین. ئەوەش دەبێ لەیاد ناکەین دەبێ مێژووەکەمان دوولاپەڕەی هەبێ لاپەڕەیەکی سپی بۆ ئەوانەی خزمەتیان بە گەل و نیشتمان کردبێ بۆ ئەوەی خانەوادەکانیان شانازی پێوەبکەن ریبازەکانیان بگرن. لاپەڕەیەکی تری رەش وەکو چارەی رەشی ئەوانەی رێگای خیانەتیان گرتوەتە بەرو خزمەتی دوژمنی گەلی کوردیان کردووە ریسوایان بکەین بۆ ئەوەی نەوەی داهاتومان دووربارێز بن لەو رێگە خراپە. لێرەدا بەپێی بەڵگەنامەکان کە بەدەستم کەوتوە دەمەوێ شاعیرێکی تری ناوچەی گەرمیان بە خوێنەرانی ئازیز ئاشنا بکەم و نەهێڵم بچێتە خانەی فەرامۆشیەوە. ئەو کەسەش ( عەبدوڵڵا قادر تۆم نەنە)ی زەنگەنە کە ناسراوە بە ( هاپۆ عەبدوڵڵا) ئەم زاتە لە دایکبووی ساڵی ١٩ لە دێی لە ناوچەی زەنگەنە لە دایك بووە. نە خوێنەروار بووە بەڵام



شاعێرێکی بیلمەت بوە و هەردەم دۆستایەتی لەگەڵ خەڵکی خوێندەواردا بووە. دۆستی نزیکی( مەلا وەیسی و مەلا ئەحمەدی سپی سەرو مەلا حەسەن نومی و فەقێ رەشید جاسم ئاغای زەنگەنە و مەلا عەزیز دوانزە ئیمام) دا بووە. لەرووی شیعرەوە دەستێکی باڵای بووە بەڵام بەداخەوە لەبەری کەمی خوێندەوار شیعرەکانی نەنوسراوەتەوە. چەند پارچە شیعرێکی نەبێ دەم بە دەم توانیومە کۆێ بکەمەوە. خودی خۆم بە دیداری ئەو پیاوە گەیشتوم بەڵام بەهۆی پێریەوە زۆربەی شیعرەکانی لەیاد نەمابوو توانای ئەوەی نەبوو. شیعر بڵێتەوە. تەنها پارچە شیعرێکم لێی وەرگرت لەم بابەتەدا پێشکەش بە خوێنەران بەرێزدەکەم لەگەڵ هەندێك شیعری تری دا کە لە خزمان و دۆستانی خوالێخۆش بووە بەدەستم گەیشتووە. هاپۆ عەبدوڵڵا لە ساڵی ١٩٩٦ ئەمری خودای کرد و لە گۆڕستانی دوانزە ئیمام بەخاگ سپێدرا. بەڵام قسە خۆشەکانی و هەندێك لە هۆنراوەکانی لەدڵ و دەروونی خەڵکی ناوچەکەدا هەر ماون. بەڵام بەهۆی ئەوەی هۆنراوەکانی بە زمانی زەنگەنانەیە بە زۆری لای ئەو خەڵکانەیە لەو زمانە حاڵی دەبن. ئەوەش خەڵکانێکی کەمن و بە هۆی درێژی تەمەنیانەوە لە کەناری مەرگدا دەژین. بۆ ئەوەی ناوی ئەوە بەهرەمەندە بە زیندوویەتی بمینێتەوە بەئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم لە لاپەڕەکانی ( گۆڤاری بانەڕۆژ) دا توماری بکەم و بەردەوامیش دەبمە دیوانە بۆ دۆزینەوەی هەر هۆنراوەیەکی تری بۆ ئەوەی توماری بکەم. وەمن نەك بۆ تەنها هاپۆ عەبدوڵڵا بەڵکو بۆ هەموو کەسانێکی تری لەم جۆرە عەودالم و داواکاریشم



لەسەرجەم روناکبیرانی کورد لە هەموو پارچەکانی تری کوردستاندا هەوڵی ئەوە بدەن کەسانی لەم جۆرە فەرامۆش نەکەن. لێرەدا چەند پارچە هۆنراوەیەکی بڵاودەکەمەوە کە دڵنیام هی خۆیەتی یەکی لە هۆنراوەکانی خودی خۆم لەدەمی بیستوە.

یەکەم: ئەم هۆنراوەیەم لە خودی خۆی بیستوەو لە تاڤ لاویتیدا بوە لە ناوچەی زەنگەنە بەریبواری لەلای چەند وەرزێرێکدا تێپەڕ بووە وەرزێرەکان بانگیان کردوە ئەویش لایداوەتە لایان و پاش نان و دۆ و چا خواردن داوایان لێکردووە پارچە شیعریکیان بۆ بڵێ چونکە ناوبانگی شاعیری هاپۆ عەبدوڵڵا لە ناوچەی گەرمیاندا بڵاوبووەو. هاپۆ عەبدوڵڵا بۆمی گێڕاوە وتی:" کچێکی تەمەن ١٤ساڵ لەگەڵ وەرزێرەکاندا مەڵۆی دەناپەوە بەرامبەرم وەستا بوو چاوی بڕیبووە ناو چاوانم منیش تیشکی عەشقم لە دەروونەوە کڵپەی سەند بوو بۆیە شیعرێکم بە دیمەن و باڵای ئەو شۆخەدا هەڵواسی" . کچەکە باوەشێك مۆڵەی جۆیی بەدەستەوە بوو لەسەر سنگی و سوخمەکەی دانابوو جار جار خەیاڵ دەیبردەوەو پەنجە ناسکەکانی بەبرژانگی گۆڵە جۆکاندا دەهێنا. سوخمەکەی لە قوماشی ( گوڵ شرین) ی ئەو سەردەمە بوو لێواری سوخمەکەی بەمێخەك بەنچێنرا بوو ئارەقی سنگ و مەمکی دەلەرزی سوخمەکەی ئاوپرژێن کردبوو. منیش ئەم دیمەنەم کردە هۆنراوەیەك پێشکەش بەو پەڕی جوانی گەرمیانم کردەو بە خەیاڵاوە قەسرێکم بۆی دروستکرد بۆ دەست بازی کردن لەگەڵ ئەو جۆرە پەری جوانانەدا. ئەمەش دەقی هۆنراوەکەیەتی:.



**باڵاش نەونەمام سەودای چوین توێڵ تەڕ**
**زوڵف و سوەیلی گەردن شویشەی زەڕ**
**پەنجەی چوین کارەب وە رەیحانەوە**
**مەمگ چوین فنجان وە دوکانەوە**
**رەیحانەش گەردەن وە روی سینەوە**
**وەبان ئاسوخمەی گوڵ شرینەوە**
**سوخمەی گوڵ شرین واچ مێخەك بەنەن**
**ماچی شازادەی موڵك نەرمە نەن**
**واتم:" ئەی دەرزی ئارەق گەردەی مەم**
**کەی بوویت وەهامرای زایەڵەو زەمزەم؟**
**دەرزی وات: ئارۆ بیام پەروەردە**
**بیام وەکیل ئالیمۆی زەردە**
**چەن خاڵم کوتان چەما بەین لیمۆ**
**ووتە نان چەسای زوڵف عەمەر بۆ**
**قەسرێ دروست کەین چە عالەم دیاربۆ**
**وەسای ئا قەسرە خەڵك بەغا شاربۆ**
**پەرچ و نەماش رەیحانەی تەڕ بۆ**
**سواق دیوارش خەنەواران بۆ**
**جێگەی دەست وازی گشت نازاران بۆ**




دووەم: پارشە شیعری هاپۆ عەبدوڵڵا وەست نامەیەك كە پێش مردنی بەچەند ساڵێك وتبووی. ئەگەر چی نەنوسرا بووەوو بەڵام لەدڵ و دەروونی خانەوادەکەی و خزم و دۆستانیدا تائێستایش ماوە وەمن بۆ وێنەیەكی هاپۆ عەبدوڵڵا چوومە ماڵی یەكێك لەكورەكانی و ئەم پارچە شعری بەباشی لەبەر بوو منیش وەك خوی دەینوسمەوە. لەپارچە شیعرکە ناوی ئافرەتێك دێنی کە ناوی ( رەعنە) یە پاش پرسیار و لێكۆڵینەوە بۆم دەرکەوت ئامۆزای هاپۆ



عەبدوڵڵایەو بەشێوەی خوشك و برایەتی ناوی هێناوە. ئەو ئافرەتیش ناوی تەواوی ( رەعنە غفور ئاغای زەنگەنە). یەكێك بووە لە شازەکانی عەشیرەتی زەنگەنە و خاوەنی بەهرەیەكی زۆر بووە لە بەیت و بالۆرەو سەرشیوەن و دەنگی زۆڵاڵ و بەناوبانگ بووە. بۆیە هاپۆ وەسیتی کردووە لەکاتی مردنیدا ئەو بانگ بکرێت شیوەنی بۆ بکات کەچی قەدەرە وایکرد پێش هاپۆ عەبدوڵڵا و بە وجاخ کوێری سەری نایەوە:.

**هاپۆ عەبدوڵڵا بەمشێوەیە وەسیتی کردوە**

**گەر تەقریر ئاما چەنا کاو مردم**
**ئەمر خوا وەندوەجا ئاوردم**
**ئەلهەد قەورەکەم چەگوڵە باخ بۆ**
**قەورکەنم چەتەرح سپی چنار بۆ**
**گورز گورز هەڵکەنان جوملەی زوڵف خاو**
**پەنجە برەژان وە هویناو دەم چاو**
**(رەعنە) با وەڕان دڵش غەمكینەن**
**سینەش بکوتۆ عەنام شرینەن**
**سینەس بکوتۆ چەتەرح دەهۆڵ**
**هاپۆش تەمەنەن وڵات بیەن چۆڵ**

جگە لەم دوو هۆنراوەش هاپۆ عەبدوڵڵا وردە هۆنراوەی جۆراوجۆری تری وتووە زۆر جار بەشێوەی ( هەجو)ش شیعری وتووە دیسان هاپۆ عەبدوڵڵا بۆمی گێڕایەوە جاریکیان لەناوچەی زەنگەنە لەسنوری دێی بەکرە کەرە جوتی کردووە هەندێك کچ بووە



چیلکە کردن ڕێگەیان دەکەوێتە لای هاپۆ عەبدوڵڵا بەکێك لە کچەکان گۆرانی سەوزە سەوزەکەی گەرمیانی دەووت. وە دەم گۆرانیەوە دەڵێ

**ئەرێ هۆ جفتیار خەت نەوەی وەسەر**
**بۆچی کێلانە ڕێگەی تەل وە سەر.**

واتە ئەی جوتیار یاخوا قورەمەو هەوە جارەکەت بشکێ بۆچی ڕێگای کچانت کێلاوە هاپۆ عەبدوڵڵا بەهەمان سەدای گۆرانی وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ

**لنگێت وەژێرم بەکێت وەبانم**
**بۆچی ڕێت کە فتەن وەسەرگاوخانم**

جگە لەو شیعریش هاپۆ عەبدوڵڵا پیاوێکی قسەخۆش و قسە لە ڕوو بووە زۆر جار لەسەر نیەتی خۆی قسەی دەکرد دەبووە نوکتە. ئەو قسەیەش لەدڵی خۆیەوە خەیاڵی لێی بکردایەتەوە زۆر جار بەدەنگی بەرز دەری دەبڕی جارێکیان لەدێی دوانزە ئیمام خزمی هاپۆعەبدوڵڵا نوو لەی زۆر دەخوار سەرئەنجام سگی دەئاوسێ و بای زۆر دەکات. حاڵی زۆر خراپ دەبێ خەڵکی ئاوایی لە ماڵیان کۆدەبیتەوەو زۆربەی خزم و کەسی و کاری دەست بەگریان دەکەن. پاشان دەڕۆن بە دوای( مەلا عەزیز عەبدولڕەحمان) کە مەلایەکی بەناوبانگی گەرمیان بووە دەڵێن مەلا مام ( فەرج) وەزعی خراپەو لەسەر مەرگدایە مەلایش دەڕوات و تەماشا دەکات سکی مام فەرج هەوای زۆری کردووەو دەپرسی فەرج چیت خواردووە لەوەڵامدا دەڵێ نیوەڕۆ سێ چوار جام دانولەم خواردووە. مەلایش دەڵێ ئەوەی



تۆ خواردووتە کەریش بێ سکی دەتەقێ پاشان مەلا بەخەڵکەکە دەڵێ بیبەنە حەوشەکەی ئەودیوە هەوڵی لەگەڵدا بدەن با یەك دوو بای لێبیتەوە بۆ ئەوەی بکرێتەوە رەوانبێ. هەندێك لە خزمانی ( مام فەرج) بەقسەی مەلا دەکەن و مام فەرج دەبەنە حەوشەکەی ئەو دیوە کە چەند مەترێك لە خەڵکەوە دوور دەبێ. دووخشت دەخەن ژێر مام فەرج و لەسەر چنچگ دایدەنینو جەختی لێدەکەن بای لێبیتەوە لەهەر حاڵ خودا رەحم لەمام فەرج دەکات و دەکرێتەوە سی و چوار بای گەورەی لێدەبێتەوە. هەموو خەڵکی گوێ لێدەبی. بەڵام خۆیان دەگرن و پێناکەنن. هاپۆ عەبدوڵڵا لەسەر روی خۆی بەدەنگی بەرز دەڵێ:"هەی ئینە دواینەش لە ئەوەڵینەش تویرەتر". واتا هی ترِی دووەمی لە ترِی یەکەم تورە ترە. خەڵکیش هەموو پێکەوە دەدەن لەقاقای پێکەنین. مام فەرجیش لە توڕییەوە دەڵێ:" عەبە سەگباب با دەستم لە خێرە بێتەوە والا دەبێ ئەو چاوەکەی ترت کوێربکەم". ئەمەش دڵۆپێك بوو لە دەریایەك سەبارەت بەقسە خۆشەکانی هاپۆ عەبدوڵڵا قادر تۆم تەن..

# سۆز: عەشقە.. ئەوینە.. راستییە

شێرکۆی حاجی محەمەد



دەروێش نیم، کاتێ گوێم لەسۆز دەبێ، زۆرم پێخۆشە، هەموو گیانم دێتە جوولەو عازای ئەنامم دەگرێتەوە، هۆش و بیرم رادەکێشێ و دەبێتە چوارچێوەیەکی پڕ لەئەوین و خۆشەویستی، خەیاڵ گەرماوی هەستم دەدات، چواردەورم لێدەتەنێ و جەستەم دەنووسێ بەخۆیەوە، توون دەیگوشێ و چاوەکانم مەیلی شێوەی گوانی فرمێسك دەکەن. خۆزگە بەدڵێکی پڕ سۆزەوە هەموومان عاشق بووینایە! عەشق چییە؟ عەشقی ڕاستەقینە عەشقی خوای گەورە و میهرەبان، عەشقی جوانی سروشت، عەشقی ولاَت و نیشتیمان و یەکتر ... دواتر باوەڕم وایە سەرفراز و ڕووسوری دونیا و قیامەت دەبووین و زاڵ دەبووین بەسەر هەموو تەنگ و چەڵەمەیەکی ژیاندا (سۆز ئیلهامێکی خواییە و بارێکی دەروونییە بەسەر دەرویش و سۆفی و سۆزگەردا دێت، مەرجیش نییە سۆفی یان دەروێش بێت، زۆر کەسانێ هەن ڕوح و خوێنی



تەسەوفیان تیایە، بەشێوەی حاڵ یان جەزبە، زیاتر سۆزی دەروێش بەحاڵ دادەنرێت، دەنگ بەرز دەکاتەوە، جەزبەش دەروێش دەیگرێ، بەلاَم بەزۆری لای سۆفییەکانەوە ڕوودەدات لەکاتی سۆزکردندا کپترن، واتە مەبەست ئەوەیە سۆفی سۆزدەکات بەدەنگێکی نزمتر لەدەروێش. سۆز ئاوازێکی تایبەتی لەخۆگرتووە و جیهانێکی لێوان لێوە لەعەشق و ئەوین و خۆشەویستی، دەریایەکی قوڵی پەی نەدەرە و شەپۆل تووڕەیە و مەلەوانی باش نەبێ، لەکەناریشیدا کەس خۆی پێناگیرێ، سۆز لەهەموو کاتێکدا ناوترێ، تاوەکو لەناخەوە نەیەت، حالگر و جەزبەگرەکەی وەك بورکانێکی هەڵقولاَو کڵپە نەسێنێ و دڵ و دەروونی گەرم نەبێت و جۆش نەخواتەوە و تەزوو بەدەمارەکانی جەستەدا گوزەر نەکات مەحالەبوترێت، کە (تەوەجووهی) بۆ هات، ئیتر خۆی پێڕاناگیرێ و ئۆقرەی لێدەبڕێ، بەدەنگێکی بەسۆز بانگی لێبەردەبێ و پڕ بەدەم ئەیلێتەوە و شەقڵی شەرم دەشکێنێ، زۆرکاتیش تێکەڵ بەقەڵپەی گریان دەبێ، هەروەها گوێ نادات بەهیچ، بێ شەرمانە ئەسپی عیشق و ئەوین خۆی ئاوەزەنگی ئەدا و جڵەوی سەرکێشی شل دەکات و پڕ تاو کوڵی دڵ دادەمرکێنێ، لەم بارەدا شیعری زۆر لەشاعیران بەسۆز دەڵێنەوە، بۆ نموونە دەڵێن:

**ئیمشەو دیارەن، بانگم بێ شەرمەن**

**زایەڵەی سەمتوور، کە لەم وەگەرمەن**

یان عەشقی پیرییەکەی کاری تێدەکات و هەوای دیدەنی دەکەوێتە سەری، ناچار هەرچەند دووریش بێ، ملی ڕێگا دەگرێ و



دەچێت بۆ سەردانی تاقەت ناگرێ و (کەمەن کێش) دەبێ، تاوەکو دەگاتە مەنزڵ، دواتر ئاسۆدەیی ڕووی تێدەکات و ئەحەوێتەوە، لەم بۆچوونە دڵی (تەشبییە) کردووە بەدەروێش، هەرچەندی دڵخۆشی دەداتەوە، بێ سوودە و داناساکی و ژێر نابێتەوە و ناگرسێ و لەشێوە لەماڵی قەفەسی سینەدا ئەیەوێ بێتە دەرەوە و سەرشێتانە سەری خۆی هەڵگرێ و بڕوات، دانەنیشێ بەلایەوە وەك دیسان مەولەوی دەڵێت:

**چەنی دڵ خۆشی دڵەکەم دامەوە**

**دڵ بیەن دەروێش نەنیشت لامەوە**

## *سۆز بۆ کێ دەوترێ؟*

(بۆخوای گەورە و میهرەبان، خۆشەویستی پێغەمبەر (د.خ)، هیمەت و بەرەکەتی ئەولیاکان و پیرانی تەریقەت و پیاوچاکان، بیرکرنەوە لەقەبر و قیامەت، خۆشەویستی ولاَت و نشتیمان، ئاوارەبوون و غەریبی)، هەروەها لەکاتی نەخۆشی و ئازار و بەسەرهاتی دڵتەزێن و پەژارە و ناڕەحەتیدا کە شەوان پێوە دەناڵێنێ و دەتلێتەوە، چاوەڕوانی گزنگی خۆر دەکەیت، تاوەکو ڕۆژ بێتەوە، دیسان ئۆقرەناگرێت و بێزاری شاباڵی بەسەردا دەکێشێ و لەکۆڵت نابێتەوە، بۆ نموونە شاعیر دەڵێ:

**ئیمشەو وەهەرحاڵ شەو وەڕۆ بەروون**

**ئەی خودا سامەرگ سەحەر چێش کەروون**

یان دەڵێ:



**ئیمشەو ئایر گڕبەست جە دەروون**

**بڵێسەش یاوا جە سەقفی گەردوون**

لەهەر ناوچەیەکی کوردستاندا سۆز کاریگەریەتی خۆی هەیە، هەر بەشێکی بەشێوازێ، لەبناری هەورامانداد کە نزیکە لەئاوازی سیاچەمانە و شێخانەوە، بۆ نموونە ئەم هونەرمەندە بەڕێزانە سۆزیان کردووە، وەك (ئەحمەد نازار، ئەلیلەو هەیەر، سۆفی حەمە گەزۆ، حومەی کێمنەی عوسمان، کێمنە، شەفیع کێمنەیی... هتد).

لەدەڤەری گەرمیاندا هاوتەریبەلەگەڵ هۆرەی ناوچەکەدا لەگوزەریشدا بۆن و بەرامی قەتاری ڕەسەنی کوردی لێدێ و دەبنە چەپکە گوڵێك لەیەك ئینجانەدا و ئەم شوێنانە دەگرێتەوە (کەلار و دێهاتەکانی بنەی جاف، گوێ چەمی سیروان و دێهاتەکانی بنکورە، گوێ چەمی ئاوەسپی و بناری گل و بناری زەنگنە و ناوچەی شارەزوور..... هتد)، بۆ نموونە ئەم بەڕێزانە کە زۆریان کۆچی دواییان کردووە و لەژیاندا ماون سۆزیان وتووەتەوە، وەك (سۆفی کاکل، کاکەی مەتا، عەلی قادر خەسرەو، عەلی لەك، دێوانە مەجید، دێوانە کەریم، دێوانە بەکر، خەلیفە قادر، دێوانە حەمەی ناوە، دەروێش حەمەخاڵی، سالَح حاجی حەسەن، دێوانە حەمۆمین، دەرویش حسێنی ڕووخزایی، حاجی حەسەن مێوەکە و زۆر کەسی تر ...)، سۆز لەگەڵ هەندێ لەهەواکانی هۆرەدا نزیك دەبنەوە، ئەگەر بەوردی سەرنجی بدەین و گوێی لێبگرین، زۆر لەو بەیت و شیعرانە پێکەوە دەگونجێن بەگوێرەی توانا و سەلیقەی هۆرە چڕەکە و سوزگەرەکەدا، بەلاَم جیاوازییان هەیە.

هۆره لەکاتی خۆشی و شادیدا یان ناخۆشی و ناڕەحەتیدا دەوترێت، زۆرکات لەبەرەکانی شەڕدا دژ بەداگیرکەرانی نیشتیمان، پێشمەرگە قارەمانەکان کاتێك سەردەکەوتن بەسەر دوژمندا لەخۆشیدا (نەشئەی) دڵ دەگەیشتە پۆپە و ئیتر جامانییە ئارەقاوییەکەی ئەخستە بەر تەوێڵی و بەبازووی پۆلاینی لەلەی چەکەکەی بەرز دەکردەوە بۆ سەر شانی پڕ شکۆی مەینەتی شەرەفمەندی، پڕ بەگەرووی هۆرەی ئەچڕی، ئەوەندەی تر کەژ و دار و بەردی وڵات دەنگی ئەدایەوە، چمان هەموویان بوونە هۆرەچڕ بەتێکرای سروودی سەرکەوتن دەیڵێنەوە، هەوەها هۆرە بەجوانی و بەژن و باڵای ئافرەت و شۆخوشەنگیدا هەڵدەدات، نموونەیەکی شیعری هەیە:

**زیلەی گوارە و زرنگەی زەنگەڵەی زەڕ**
**لەرزەی نەونەمان، لەرەی لیمۆی تەڕ**
**شەوق زەوق و بەرق فەرق زەڕ کڵاو**
**ورشە و پرشەی خۆی کوڵم بوو گوڵاو**

بەڵام سۆز خۆی دوورە پەرێز دەگرێت لەم بوارەدا، تەنها ئاوێزانی بەیت و شیعری تایبەت و بابەتێکی غەمگیناوی و ئاوازێکی ڕۆحانی لەخۆگرتووە، شاعیرە کلاسیکییەکان لەدەرگای تەسەوفیان داوە و لەسۆفیگەریدا چێژیان وەرگرتووە، وەك: (مەولەوی، صەیدی هەورامی، بێسارانی، میرزا عەولقادری پاوە، میرزا شەفیع ، مەحوی) .
مەولەوی لەکاتی کۆچکردنی پیردا دەفەرمووێ:



**لوای بینای دیدەی دەروێشان**
**سارێش کەرد جەلام موحیبەت کێشان**

بەڵێ سۆفیان و موریدان زۆر لەبابەتی شیعری شاعیرانی کلاسیکیان بەسۆز و خۆشەویستی ئاینەکەیانەوە وتووە، نموونە هەڵبژاردەی چەند دێڕێك لەشیعرێکی بەرزی (مەحوی) کە زۆر بەسەدای خۆیان وتوویانە و سۆزیان پێچڕیوە:

**لەناکەس کاریا، خاکم بەسەر، ڕۆیی بەبا عومرم**
**خودا! تۆ بمژێنە، تا لەبەر قاپی کەسێ دەمرم**
**ئەجەل دەورم دەدا، حازر بە، وادەی وادەی دەور و تەسلیمە**
**منی غەفڵەت زەدە، هێشتا خەریکی مەسئەلەی دەورم**
**لەپێ کەوتووم و نەفسم بۆ هەوا دەشنێ وەکو منداڵ**
**لەبەر پیری سەرم خۆی ناگرێت و تازە پێ دەگرم**

هەموو بەشەکانی هونەر و ئەدەب و گۆرانی و .... هتد سۆزی تیانەبێ، کاریگەر نابێت و گوێگرەکەی یان بینەرەکەی ناهەژێنێ، واتە سۆز بەشێکی گرنگە لەکلتور و فۆلکلۆر و لەهونەر بەگشتی.

**سەرچاوەکان:**
١. دیوانی مەولەوی.
٢. دیوانی مەحوی.



# ئەو کچە عاشقەی جەستەی خۆیدایە بەر ڕێژنەی گوللە!!

مەلا تەحسین گەرمیانی



یەکێ لەگرفتە گەورەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری ئێمە ئەوەیە، کە تا ئەم ساتە وەختە لەعەشق و ئەوین تێنەگەیشتووین، بەمانا جوانەکەی بگرە بەهۆی بیری تەسکی خێڵەکایەتی و دابونەریتی دواکەوتووی کۆمەڵایەتی و تەماشاکردنی ئافرەت وەك ناسنامەی شەرەفی بنەماڵەو دواکەوتوویمان لەئاستی ناخی ئافرەت و ویستە مرۆڤایەتییەکەی و دەیان جۆری بەکەم سەیرکردن و .... هتد.
بەو هۆیەوە دەیان و سەدان و هەزاران کچی خاوەن عەشق و ئەوینی پاك و بێگەرد گیانی پیرۆزی خۆیان کردۆتە قوربانی یان کراونەتە ئامانجی لەناوچوون، بەو مەبەستەی گوایە ڕێگەگرتن لەبەیەکگەیشتنی خۆشەویستی دوو کەسی کوڕ و کچ، گەڕانەوەی شەرەفە بۆ بنەماڵەئا تەماشاکردن، لەم دیدەوە دوژمنی عەشق و ئەوین دێتە سەر ڕێگا و ماناکانی جوانی ژیان دەکوژن و بەدۆستایەتی لەگەڵ مەرگ گوڵی خونچەی نەکراوەی ژیانی دوو مرۆی پاك هەڵدەوەرێنن، بەڵێ کۆمەڵگەیەکی



سیخناخ و پڕ لەمێشکی تاریکی و دوژمنی خۆشەویستی، هەر بۆیە دەبێ دڵی بۆگەن لەئاوا ڕشتنی خوێنی عاشقاندا سوناکیان پێببێت، چونکە تاکی پەروەردەی نێو خێڵ و ناسنامەی بنەماڵەی خێڵ وا ڕاهاتوون بەکوشتنی عەشق و ئەوین ناسنامەی شەرەف وەردەگرنەوە، کە بۆ خۆی کوشتنی عەشق و خۆشەویستی نێوان دوو کەس هیچی لەتاوانەکانی تر کەمتر نییە و خوێنڕشتنی دوو کەسی ڕوح پاك، کە ئاوێتەی ڕوحی یەکتر و هەستی جوانیان عەشقی یەکتربوونە، بەیەکگەیشتنی ئەم دوو کەسە، خۆ شەرەفی بنەماڵەی بێ ئابروو ناکات، وەك لەبیرکرنەوەی ئەو باوك و برایانەی کە گەنجێك یان کەسێك خۆشەویستی لەگەڵ کچەکەیان گرێداوە، کە دڵنیایش بێت لەوەی کە بۆ کات بەسەربردن نییە و ئەیەوێت ژیانی هاوسەری لەگەڵ پێك بێنێ، بۆیە من پێم وایە لەمەدا کوشتنی عەشقی نێوان دوو کەس بۆ خۆی ئابڕوو چوون و شەرەف شکاندنە، کە بەدەستی خۆت ئەنجامی دەدەیت، بۆیە دەبینین و چەندین نموونەمان لەم کۆمەڵگەیەی خۆماندا هەیە، کە بەکوشتنی خۆشەویستی و عەشقی دوو کەسەوە، چۆن بەهۆی بیرکرنەوەی سەقەتی بنەماڵەوە، چۆن ئابرووی خۆیان و کەسانی تر ئەبەن، کە لەحاڵێکی ئاوادا ئەگەر بیرکرنەوەی جوان هەبێت و وەك مۆرڤ تەماشای کچە عاشقەکەت بکەی، کە کەسێکی هەڵبژاردووە و ئەیەوێ بیکات بەهاوسەری خۆی و بەڕێگایەکی خۆشەویستی ئەمەی دەستنیشان کردووە، ئیتر چی پێویست دەکات، تۆ ئەم هەستە جوان و ناسکە، ئەم مرۆڤە پاکە، کە خۆی لەکەسێکی تر دەبینێتەوە، تۆی

مرۆڤی خاوەن بیرتەسك ئەم هەموو جوانییە دەكوژی، كوشتنێك كە لەمرۆڤ بوونت دەخات و دەكەویتە بەر تانە و تەشەری خەڵك و خوا و مرۆڤایەتی، بۆیە دەبینین لەمێژوودا چەندین داستان و چیرۆكی خۆشەویستی هەیە، كە باس لەجوانییەكانی خۆشەویستی و عەشقی پاك دەكەن، كە چۆن لەو پێناوەدا پەیمانییان بەخۆیان و بەخوا و بەمرۆڤایەتی داوە، كە یان دەبێ بۆیەك بن یان بۆ خاك، لەم بارەیەوە نموونەش زۆرە لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار خەڵكانێك هەیە بۆ شاردنەوەی بیری تەسكی خۆیان، ئەم جۆرە داستانانە بەكۆن و خەون ناودەبەن، تا لەدژی خۆشەویستی بوەستنەوە و مرۆڤە جوانەكان بكوژن، هەر ئەم بیرە كۆنە ڕزیوە چۆن لەمێژوودا هەبووە و حەز و خۆشەویستی عاشقانیان بەنێو خاك گەیاندووە، بۆیە دەبینین لەم سەردەمی پێشكەوتنی تەكنەلۆژیا و جیهانگیریدا، هێشتا لەم كۆمەڵگەی خۆماندا عەقڵی ژەنگ گرتووی خێڵ سالاریدا كەسانی

عەشق كوژ و خۆشەویستی و ئەوین دەبنە ڕێگر و بەچۆكدا نایەن، تا ئەو خۆشەویستییە بەخوێن كۆتایی پێدێت، بۆیە لەبەرەبەیانێكدا و لەڕۆژگارێكی وەك ئەمڕۆدا كچە مەردێكی سەربەست و خاوەن پەیامی جوانی خۆشەویستی و لەوەرزە بەهارێكی بۆ ئەو خەزاندا بۆ گەیشتن بەو پەیامە خۆشەویستییەی كە دەگاتە دوا لوتكەی هەڵكشانی عەشق و تاكە ڕێگای پیرۆزی ئەویندارى، بەمانایەكی تر كە ئیتر وشە و گفتوگۆ كۆتایی پێدێت، ئا لێرەوە ئەم (شیرینە ـ زینە ـ خەجە ـ فاتمە ـ لەیلە) بەگوللەكۆتایی بەژیانی عەشق و ئەوینی خۆی دێنێ و گیانی چاوەڕوانی پڕ



لەحەسرەت و خۆشەویستی پەیامی جوان پڕاوپڕ لەمانای قوڵی ژیان كە چیتر بۆ ئەم زاتە عاشقە مانای نییە، بۆیە بەگوللەی دەستی خۆی گیانی خۆی پێشكەش بەئەوینەكەی دەكات و پەیامی پیرۆزی خۆی بەسەرجەم عاشقان دەدات و پاكێتی و جەسارەتی تێگەیشتنی عەشقمانی پێڕاگەیاند و تاجە گوڵینەی شەرەفی هەر بۆ خۆی برد و ڕێگركانی بەردەمیشی لەم دنیادا بۆ خوا و بۆ مرۆڤایەتی ڕیسواكرد و سەلماندی ڕێگەگرتن لەعەشق و ئەوین مانای شەرەف چوونە، نەك شەرەف پارێزی.

هەر بەگەیشتنی ئەم پەیامەش بەئەوینەكەی ئەمیش لەبەر جوانی و ڕاستەقینەیەی ئەم عەشقە جوانەیان بەچەند چركەیەك ڕوحی عەشقایەتی گیانی پیرۆزی ئەمیش لەشەقەی باڵیدا و بۆ دنیایەكی ئارامتر كە دوور بێت لەدوژمنی عەشق و ئەوین، بەڵێ ئەمەیە تێگەیشتن لەڕازەكانی جوانی عەشق و ئەوین، ئەمەیە داستانی خۆشەویستی و پاكی و پیرۆزی گیان بەقوربانی یەكترکردن و نموونەی مرۆڤ بوون!!!



# شووكردنی سەر بەهەوێ خۆم بەخۆمم كرد؟

نووسین و داڕشتنەوەی:
بەناز عومەر



ڕۆژێكی پێنج شەممە دایكم بۆ كڕینی پێداویستییەكانی ناوماڵ ڕۆیشتبووە بازاڕ و بەتەنها لەماڵەوە بووم، پاش تەواو بوونم لەنووسین و خوێندنەوەی وانەكانم، تەلەفزیۆنەكەم داگیرساند، بەڵام لەبەرئەوەی بەرنامەی خۆشی نەبوو، هەر زوو كوژاندمەوە، سەرم داخستبوو، خەیاڵ بردمێوە، سەیریی گوڵی فەرشی ژوورەكەم دەكرد، لەو كاتەدا بیرم كە بەتەلەفون گاڵتە بەخەڵك بكەم، بەرەو لای تەلەفونەكە ڕۆیشتم و ژمارەیەكم وەرگرت، ئەلو بەڵێ دامخست، پاش داخستنەوەی ماوەیەكی كەم هەمان ژمارەم وەرگرتەوە، ئەم جارەیان كە تەلەفونەكەمی هەڵگرت و بێ دەنگی منی بیست، زۆر تووڕە بوو، بۆ قسە ناكەی، گاڵتەمان پێدەكەی، لەو كاتەدا پێكەنین گرتمی، پێم وت ئەمەوێ خۆم بكوژم بەبیستنی ئەم قسەیە، كەمێ ئەویش بێدەنگ بوو، لەوەڵامدا وتی خۆت دەكوژی؟ وتم بەڵێ خۆم دەكوژم!! ئاخر خۆشتن بۆ؟ وەك من ناتناسم، بۆچی تەلەفون بۆ من دەكەی؟ ئەم جارەیان خۆم كۆنترۆڵكرد و پێنەكەنیم وتم ئەمەوێ



ئاخرین قسەی خۆم بەكەسێ بڵێم، چ قسەیەك؟ لەبەرئەوەی كچێكی بەدبەختم، باوك و دایكم زۆر خراپن لەگەڵمدا و خۆشیان هەمیشە كێشەیان هەیە، خۆمانم لێبووە بەدۆزەخ، لەوەڵامدا زۆر ئامۆژگاریی كردم، كە نابێ پەنا بۆ خۆكوشتن بەرم و هیوام بەدواڕۆژێكی ڕوون بێ، چەندین نموونەی لەسەر ژیانی خۆی و منداڵی بۆ هێنامەوە، لەگفتوگۆكاندا بۆم دەركەوت، كە ناوی (ئازادە) و تەمەنی (٤٠) ساڵەو خاوەنی ژن و منداڵە، ناونیشانی خۆی دامێ، منیش ناونیشانی خۆمم بەهەڵەدایە، ئەم گفتوگۆیەمان نزیكەی (٢٠) خولەكی خایاند، لەو كاتەدا دایكم گەڕایەوە ماڵەوە، منیش خێرا تەلەفونەكەم داخستەوە، هەفتەیەك دوای ئەوە دایكم دیسان بۆ كڕینی پێداویستی چووبووە بازاڕ، بیرم كردەوە كە تەلەفون بكەمەوە بۆ (ئازاد) و زۆر سوپاسی بكەم، كە ئەو بووە هۆی ئەوەی لەمەرگ نەجاتم بێ، تەلەفونم كرد، بەڵام خێزانی وەڵامی دایەوە، تەلەفونەكەم داخست، پاش كەمێكی تر تەلەفونم كردەوە، ئەم جارەیان (ئازاد) بوو، ئەلو بەڵێ، پاش چاك و چۆنی نامناسی، نەخێر ناتناسم، من سكاڵام، بەڵێ ئەو كەسەم كە ویستم خۆم بكوژم، ئا بیرم كەوتەوە، ئێ چۆن خۆت نەكوشتووە؟

ئامۆژگارییەكانی تۆ كاری تێكردم، كە بڕیارەكەم بگۆڕم، خۆشی لەدەنگی ئازاد شەپۆلی ئەدا بەڕستە؟ بەڵێ بەڕاستمە و بەتەواوی هیوام بەژیانە، لەكۆتاییدا خواحافیزیمان كرد و زۆر پێكەنیم بەم سیناریۆییە دەهات و هەندێ جاریش سەرزەنشتی خۆم دەكرد، كە گاڵتەكردن بەخەڵك كارێكی خراپە، سێیەمین جار تەلەفونم بۆ ئازاد كرد، داوای كرد حەز دەكات ژمارە تەلەفۆنی ماڵەوەمان بزانێ،

منیش زۆر ساویلكانه ژمارەكەم دایە، پاش ماوەیەك یەك دووجار تەلەفۆنی بۆ دەكردم، پێكەوە قسە و باسمان دەكرد، بەهۆی ژمارە تەلەفۆنەكەوە ناونیشانی ماڵەوەمانی وەرگرتبوو، بەزانینی ماڵەكەمان چەند كەسێكی خزمی خۆی ناردە داوام، كە شووی پێبكەم، بەبیستنی ئەم هەواڵەشێت و هاربووم، بۆ بەیانییەكەی ئەو شەوە تەلەفۆنم بۆ كرد و پێم وت ئەو كارە ژیرانە نییە، كە تۆ كردووتە، پاشان من و تۆ پەیوەندی خۆشەویستی لەنێوانماندا نییە، تۆ ژن و منداڵت هەیە و (٢٠) ساڵ نێوانی تەمەنمانە، زۆر بەتوندی دژی بڕیارەكەی بووم، ئاگادارم كرد، ئاخر جاریشە تەلەفۆنم بۆ بكەی ..... لەوەڵامدا وتی هێواش لەسەرخۆ توندڕەو مەبە، یەكەم من تۆم زۆر خۆشدەوێ، ئامادەم بۆ گەیشتن بەتۆ، هەرچی ڕێگە هەیە بیگرمە بەر، دووەمیان ئەو كاتەی تۆم لەمەرگ ڕزگاركرد، بیرم كردەوە، كە دەبێ هەمیشە بەیەكەوە بین و چاودێریت بكەم، منیش وتم كام مەرگ؟ ئەو قسانەی من هەمووی گاڵتە بوو، سیناریۆیەك بوو ...... گاڵتە؟ بەڵێ گاڵتە ... پاشان بۆم ڕوون كردەوە، كە ئێمە خێزانێكی بەختەوەرین، باوكم و دایكم زۆر میهرەبانن، هیچ كێشەیەكی خێزانیمان نییە، ئازاد گوێی بۆ قسەكانم شل كردبوو، هەناسەیەكی هەڵكێشا و وتی ئەو قسانە هیچی ڕێگر نین.

مەبەستت چییە؟ مەبەستم ئەوەیە ئەمەوێ لەگەڵ یەك ژیانی هاوسەرێتی پێك بێنین، هیچ شتێ ناتوانێ ڕێگربێ، بەتووڕەییەوە وەڵامیم دایەوە و شتی واچۆن دەبێ، تۆ (٢٠) ساڵ لەمن گەورەتری، ژنت هەیە، منداڵت هەیە.



- هیچ یەكێك لەوانە ڕێگری گەورە نیین، ئەگەر تۆ ڕازی بی.

- یەكەمیان جارێكی دیكە، ئەوە نەڵێی، دووەمیان من بڕیاری هاوسەرێتیم نەداوە بەكەس، نەخوازەڵا بەتۆش.

- ئازاد پێكەنی و وتی تۆ مەجبوری لەگەڵ من هاوسەریەتی پێك بێنی.

- مەجبورم !!!

- بەڵێ مەجبوری !! گوێ بگرە، چەند جار تەلەفونمان بۆ یەكتری كردووە، هەموویم بەكاسێت تۆمار كردووە، دەزانی، ئەگەر ئەو كاسێتە بێنم بۆ باوكت چی ڕوودەدات و چۆن بیروڕایان لەسەرت خراپ دەبێ، بەبیستنی ئەو قسانەی (ئازاد ) ئاگام لەدنیا نەما، سەرم گێژبوو، هەموو گیانم نیشتە سەر ئاو، تەلەفۆنەكە بەدەستمەوە شل بوو، ئیتر نەمدەویست گوێم لەدەنگی ئازاد بێ، بیرم كردەوە، ئەم ئیشە ئەحمەقانە چی بوو، كە من بەدەستی خۆم ئاگرم لەخەرمانی ژیانی خۆم بەردا، ترسناكترین شت بۆ من ئەو كاتە بوو، كە ئازاد باسی دەكرد، وەستابووم، نەمدەزانی چی بكەم، لەناو دەریای پەشیمانی پەلم دەهاویشت، ڕقم لەتەلەفۆن دەبووەوە، چونكە دەمزانی تەلەفۆن ڕێڕەوی ژیانم دەگۆڕێ، پاشان هەر كاتێ گوێم لەزڕەی تەلەفۆن دەبوو، نیوە گیان دەبووم، لەدڵی خۆمدا ئەموت ئەوە ئازادە، ئێستا هەموو شتێ بەماڵەوە دەڵێ، من لەڕوانگەی دڵی دایك و باوكمەوە زۆر كچێكی سادە و خۆشەویست بووم، ئەو شەوە تابەیانی خەو نەچووە چاوانم و لەژوورەكەمدا هەر هاتوچۆم دەكرد، سەدان فكر و وەسوەسە هێرشیان دەهێنا بۆ مێشكم، بەیانی هەتاو لەنیوەی ئاسمان بوو، زەنگی تەلەفۆن بەئاگای



هێنامەوە، نیوە گیان بووم، بەترسەوە تەلەفۆنەكەم بەرزكردەوە، ئازاد بوو، ها سكاڵا دوابڕیارت؟

- بڕوابكە، منیش ڕازی بم، باوكم و دایكم ڕازی نابن، چونكە لەناسنامەكەت ناوی ژنەكەتی لێنووسراوە.

- هیچ خەمت نەبێ، ناسنامەیەكم دروستكردووە، ناوی ژنی لەسەر نییە، ئیتر نازانم هەموو كارئاسانییەكی كردووە و ترسیشم لەكاسێتەكە هەبوو، بۆیە بڕیارمدا كە ڕازیبم.

پاش ماوەیەك ناردییە داوام، كە وەڵامی ڕازیبوونم دا بەدایك و باوكم، زۆر بەلایەنەوە سەیر بوو، بەڵام خۆم دەمزانی چیمكردووە، هاتە سەر مارەكردن، ناخۆشترین ڕۆژ خەمناكترین ڕۆژ ڕۆژی مارەكردنی من بوو بۆ ئازاد، پاش دوو ساڵ بەسەر گوێزانەوەم بۆ ماڵی بەخت، خۆشبەختانە منداڵم نەبوو، پێیشم خۆش بوو، چونكە ڕقم لەدایكایەتی دەبووەوە، ئازادیش گوێی نەئەدایە ئەوەی منداڵمان نەدەبوو، لەبەرئەوە سەرم سوك بوو، بەڵام ئەوەی سەرسامی كردبووم، هیچ خەبەرێ لەژنی یەكەمی ئازاد نەبوو، منیش بەهیچ شێوەیەك ماوەی ئەو دوو سالەهیچ پرسیارێكم لەئازاد نەدەكرد و ماڵی من جیابوو، حەزیشم نەدەكرد بەماڵی ژنی یەكەمی بزانم،دیاربوو كە ژنی یەكەمی بەهاوسەریەتی من و ئازادی نەزانیوە، حەزیشم نەدەكرد بزانێ، چونكە كێشەمان بۆ دروست دەبوو، بەهەرحاڵ ڕۆژێ بۆ سەردانی ماڵی باوكم ڕۆیشتم و بڕیارمدا چەند ڕۆژ بمێنمەوە ، لەو ماوەیەی لەماڵی باوكم بووم، هاوڕێیەكی دێرینم سەردانی كردم و بڕیارماندا بەیەكەوە بچین بۆ بازاڕ، بەرەو بازاڕ بەڕێكەوتین، پاش گەڕانێكی زۆر و كڕینی پێداویستییەكانمان،



بەڕێكەوت لەدوورەوە ئازادم بینی، كە ژنێك و سێ منداڵی لەگەڵ بوو، شێوەی گفتوگۆكانیان و ڕۆیشتنەكانیان دیاربوو، ژنەكەی بوو، بیرم كردەوە، كە دەبێ ئەم نهێنییە بدركێنم، هەرچی دەبێ، با ببێ زۆر بەنهێنی لێیان بوومەوە، بانگم كرد ئازاد، بەبیستنی دەنگی من هەردووكیان ئاوڕیان دایەوە، چوومە پێشەوە و بەبێ ترس و گوێدانە هیچ شتێ لەئازادم پرسی دەكرێ بزانم ئەم خانمە كێیە؟

ژنەی داماو بەسەرسوڕمانەوە بەپەلەبێ ئەوەی بییەڵێت ئازاد قسە بكات، وتی من خێزانی ئازادم، بەبیستنی ئەو قسەیە ژنی داماو لەمن چارە ڕەشتر، وەك بی دەلەرزی و چاوەكانی بڕیبووە چاوی ئازاد و ئازادیش زۆر ترسنۆكانە چاوەكانی داخستبوو، نەیدەزانی چی بڵێ، پاش كەمێ خێزانی ئازاد منداڵەكانی بەجێهێشت و ڕووی كردە بنكەیەكی پۆلیس، كە نزیك بوو لێمان، داوای لەسەر ئازاد تۆمار كرد، ئازاد دەستگیركرا، بەم شێوەیە هەموو شتێ بۆ ژنی یەكەم ئاشكرابوو، ماڵی باوكم و خۆشم پێم خۆشبوو، وازی لێبێنم، دەستم لەهەموو مارەیی و مافێكی خۆم هەڵگرد و جیابوومەوە لێی و ئێستاش پاش جیابوونەوەم ئاسەواری ئەو سیناریۆیە منداڵانەیەم لەسەر ماوە، بۆیە داواكارم لەدەستە خوشكەكانم لەهەر جێگایەكن، زۆر بەوردی ئاگاداری خۆیان بن تاوەك من ژیانیان نەكەنە قوربانی یارییەكی منداڵانە، كە خۆم بەخۆمم كرد !!!

**ناوەی كەسەكان خوازراون.**

**ڕووداوەكەش لەشاری سلێمانی ڕوویداوە.**

# ژن لەنێوان ئەمڕۆ و دوێنێدا

**وەرگێڕانی لەفارسییەوە**
**هەڵکەوت وەلی**

ژنانی ئەمڕۆ لەژنانی دوێنێ جیاوازن، شارستانیەتی نوێ و تەکنەلۆژیا و سەردەمی سەتەلایت و کۆمپیوتەر و سەردەمی ژەنتیک گۆڕانی بەسەر هەموو شتەکانی رابردوودا هێناوە، ئەمڕۆ ژن خاوەنی پێگەی تایبەتی خۆیەتی، وەك پارێزگار و کاربەدەستێك هاتووەتە مەیدان و بەرگری لەپێسپێردراوەکەی (پیاوەکەی) خۆی دەکات، کە ڕەنگە هەندێك جار بەدەسەڵاترین و گەورەترینی سەردەمەکەی بێت، پیاوە موجریم و تاوانبارەکان راپێچی زیندان دەکات و بەزەلیلی و بێچارە دەیان بینێت، چی دی پیاو وەك دەسەڵاتدار و پارێزگاریکەرێکی ژن دانانێت، کاتێك ژنی ئەمڕۆ وەك پزیشکێکی کارامە و لێهاتوو دەردەکەوێت، نەخۆشێك کە ڕەنگە پیاو بێت، وا بەئازار و بێدەسەڵات دەبینێت و ئەوی ژن دەبێتە پەرەستاری و بێئارامی پێدەبەخشێت و



چارەسەری بۆ دەکات، ئیدی باوەڕی بەو سمبولی دەسەڵات و هێزەی پیاو نامێنێت، کاتێك ژنە ئەندازیارێك قۆڵ هەڵدەماڵێت و نەخشەی بینایەکی چەند نهۆمی دادەڕێژێت، فەرمان بەکرێکار و سەرپەرشتیار و وەستاکان کە هەموویان پیاون دەکات، کە چی بکەن و و چی نەکەن، وەك ئاشکرایە یەکسەر بیرکردنەوەشی سەبارەت بەپیاوان دەگۆڕێت.

ژنی ئەمڕۆ سەرچاوەی بەرهەمهێنان و بژێوییەکە، کە ڕۆڵێکی کاریگەر لەخێزانەکەدا دەبینێت، لەبەرئەوە ژنانی ئەمڕۆ بەپێچەوانەی ژنانی دوێنێ ئەوەندە پێویستییان بەپیاو نابێت، ژنی ئەمڕۆ کە لەسەر کارەکەی دەگەڕێتەوە، خۆی ماندووە و پێویستی بەپشوودان هەیە، لەبەرئەوە ناتوانێت ئەوەندە بەدەم ئیش و کاری مێردەکەیەوە بڕوات و ئارامی پێ ببەخشێت، هەروەها ناتوانێت چێشتی جۆراوجۆر دروست بکات و خزمەتی منداڵەکان بکات و ناو ماڵیش خاوێن بکاتەوە، لەبەرئەوە لەدەرەوە کاری هەیە، بۆیە ناتوانێت بەباشی کارەکانی ماڵەوە راپەڕێنێت، پیاوانیش نابێت گلەیی و گازندەیان لێبکەن و پێیان بڵێن بۆچی دایکی من بەهەموو جۆرێك گوێڕایەڵی باوکم بووە و هەر کارێکی پێ ڕاسپاردووە کردوویەتی، هەروەها دایکی تۆیش لەبەرامبەر باوکتدا گوێڕایەڵ بووە و نەیوێراوە دەنگ لەئاستیدا بەرز بکاتەوە، ئەی تۆ بۆ ناتوانیت وەك ئەوان بیت؟



زەمانە گۆڕاوە و هەموو پێوەرەکانی رابردوویان سەروژێر کردووە، لەبەرئەوە پێویستە پیاوان لەگەڵ ئەو گۆڕانەدا بڕۆن، ئەگەر نەشگۆڕێن، ئەوا کارەسات لێرەوە دەست پێدەکات و شەڕی من وام و تۆ وای بەشێوەیەکی نهێنی و هەندێك جار ئاشکراش لەنێوانیاندا سەرهەڵدەدات، ئەمڕۆ پەیوەندی نێوان ژن و مێرد یان ژن و پیاو بەشێوەیەکی گشتی گۆڕانی بەسەردا هاتووە و پێویستە ئەو گۆڕانە لەبەر چاو بگرن.

ژنێك سبەینێ کە دەبێت لەقوتابخانە یان زانکۆ وانە بڵێتەوە، یان ژنێك پزیشکە و ئەمڕۆ نەشتەرگەرییەکی بەدەستەوەیە، یان ئەندازیارە و نەخشەی بینایەك دادەڕێژێت، یان دادوەرە و دەبێت لەدادگادا ئامادە بێت و کێشەیەك چارەسەر بکات، لەبەر سەرقاڵی بەو کارانەوە ئەوەندە بەتەنگ خواردن دروستکردن و جلوبەرگ و منداڵ و کاروباری ماڵەوە نابێت، گەر هاتوو کاروباری ماڵەوەیشی راپەڕاند، ئەوا حەق وایە سەد جار لەلایەن مێردەکەیەوە ئافەرین بکرێت.

هەروەها زۆرێك لەژنانی ئەمڕۆ کاتی پێویستیان بۆ منداڵبوون نییە، چونکە پێیان وایە منداڵبوون لەکارەکەیاندا دوایان دەخات، جاران کە پیاو دەگەڕایەوە ماڵەوە، لەبەرئەوەی کاری کردبوو و زەحمەتی کێشابوو و ماندوویەتی پێوە دیاربوو، ژنیش جگە لەئیشوکاری ماڵەوە ئیشێکی تری نەبوو، بەپیری مێردەکەیەوە



دەچوو و بەخێر هاتنەوەی دەکرد و کارێکی بۆ دەکرد، کە ماندووبوونەکەی بڕەوێتەوە، بەڵام ژنی ئەمڕۆ کاردەکات و سەرمایەکی هەیە و لەڕووی ئابوورییەوە هاوکاری خێزانەکەی دەکات، وەکو پیاو ماندوو دەبێت و پێویستی بەحەوانەوە هەیە، ئەو رۆژە بەسەرچوو، کە پیاوان ئەرکی دابینکردنی پێداویستییەکانی ماڵەوەیان گرتبووە ئەستۆ، بەڵام ئەمڕۆ نەك بەتەنها ناتوانێت بژێوی ماڵەوە دابین بکات، بەڵکو لەزۆر ڕووەوە پێویستی بەهاوکاری ژن دەبێت لەهاوکاری و رێکخستنی کاروبارەکانیدا، لەبەر ئەمە ژنان پێویستە شان بەشانی پیاوان تێکۆشن و پێکەوە لەهەوڵی دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان و چارەسەرکردنی کێشەکاندا بن، بەڵام لەڕابردوودا تەنها پیاو بەسەرۆك خێزان و بەڕێوبەری خێزان دادەنرا، بارگرانی ژیانی ئەمڕۆ وای فەرز کردووە، کە ژن و مێرد پێکەوە کاربکەن، ئەم وەرچەرخانە گەورەیە لەماوەی ئەم پەنجا ساڵەی دواییدا هاتووەتە کایەوە، لەبەرئەوە هیچ کەسێك ناتوانێت فۆرمۆڵێکی تایبەت یان ڕێگە چارەیەکی یەکلایی کەرەوە پێشنیار بکات، بەڵکو ئەوە تەنها ژن و مێردن، کە پێکەوە بەپێی هەلومەرجی کاری دەرەوە و ماڵەوە یان ڕێگەچارەیەکی گونجاو بدۆزنەوە، تا لەڕێگەیەوە بتوانن هاوکار و پشتیوانی یەکبن و گرفتەکانی نێوانیان چارەسەربکەن.

**سەرچاوە/ ماهنامە پیام شادی، ژمارە (٣٧).**

# کێ خاوەنی میدیایی ئەمریکییە؟

نووسینی: کارا بینتلی
وەرگێڕانی: ئاسۆ وەهاب

پەسەندکردنی یاسایی پەیوەندیکردن لەساڵی (١٩٩٦)دا کۆمەڵێك دەزگای هەژموونکاری کەرتی پەیوەندیکردنی ئەمریکی هەڵوەشاند و ژینگەیەکی تری خوڵقاند بۆ دەرکەوتنی دامودەزگای نوێ، ئەو ژینگەیە پێویستی هاوبەشیکردن لەنێوان زۆرێك لە دامودەزگا و کومپانیا کۆن و نوێکانە هاوردە کایەوە، بۆیە چەندان تەکەتوولی میدیایی بەسەرمایەی چەندان ملیاریەوە دروستبوون، هەنوکەش خاوەندارێتی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی ئەمریکا بەدەست چەند کۆمپانیایەکی گەورەوەیە، لەوانە کۆمپانیای تایمز وارنەر خاوەنی cnn، دیزنی خاوەنی abc، کۆمپانیای ڕۆبەرت مەردۆخ خاوەنی fox، جەنراڵ ئەلکتریك خاوەنی nbc، فایاکۆم خاوەنی cbs.

### کێ خاوەنی کێیە؟

هەریەك لە سی ئین ئین و فۆکس نیوز و msnbc گەورەترین کەناڵەکانی ڕاگەیاندنن لە ئەمریکادا، هەر یەك لەو



کەناڵانەش خاوەنی چەندان کەناڵی ترن، کە بەسیستەمی کابڵ و بۆ ماوەی (٢٤) کاتژمێر لەڕۆژێکدا کار دەکەن، جگە لە چەندان پێگەی ئەنتەرنێتی تایبەت بەهەواڵ کە بەبەردوامی نوێ دەکرێنەوە.

کەناڵی سی ئین ئین کە کەناڵێکی خەبەرییە و ساڵی (١٩٨٠) تید تێرنەر دایمەزراندووە لەپلەی یەکەمدایە، ئەمەش بەپێی ئەو ڕاپرسییەی کە لەنێو بینەراندا کراوە، موڵکایەتی سی ئین ئین و تۆڕەکەی دەگەڕێتەوە بۆ تایم وارنەر، کە ئەمڕۆ گەورەترین تەکەتوولی میدیایی ئەمریکایە، هەروەها خاوەنی هەر یەك لە دەزگای وارنەر برازەرس وئستۆدیۆیی (سپۆرتس یەلیستراتید، ئای ئۆ ئیڵ ئینستانت میسیگنگ)ە.

هەر یەك لە فۆکس نیوز و تۆڕی تەلەفزیۆنی فۆکس و فۆکسی سەدەی بیست و فۆکس ٢٠٠٠ و کەناڵی ئیف ئێکس و پاپلیژەر هاربر کۆلینز خاوەندارێتیان دەگەڕێتەوە بۆ تۆڕی هەواڵنێری ڕۆبەرت مەردۆخ، ئەم کۆمپانیایە پێنجەمین گەورەترین کۆمپانیای میدیاییە لە ئەمریکادا.

ئێستاش فۆکس نیوز پڕ ڕەواجترین کەناڵی تەلەفزیۆنییە لەئەمریکا و بەپێی سەرژمێرەکانی مانگی یەنایری (٢٠٠٥)، ٨٥ ملیۆن ماڵ لەئەمریکا سەیری بەرنامەکانی فۆکس نیوز دەکەن، کەناڵی msnbc موڵکایەتییەکەی هاوبەشە لەنێوان کۆمپانیای مایکرۆسۆفت و nbc، بەپلەی سێیەمیش دێت لە ڕووی ژمارەی بینەرانیەوە، ئەم کەناڵە ساڵی (١٩٩٦) لەلایەن کۆمپانیای مایکرۆسۆفت و یەکەیەکی nbc کە کۆمپانیایی جەنراڵ ئەلکتریکە



دامەزراوە، ئەو یەکەیە ئەمڕۆ بەnbc یونیفێرساڵ دەناسرێت، لەدیسەمبەری (٢٠٠٥)دا nbc یونیفێرساڵ توانی دەست بەسەر بەشی شێری ئەو کەناڵە بگرێت و تەنها ڕێژەی ١٨٪ بۆ مایکرۆسۆفت بهێڵێتەوە. هەر یەك لەو کەناڵانەی کە لەسەرەوە باسمان کرد موڵکایەتییان دەگەڕێتەوە بۆ تەکەتولاتی میدیایی زۆر گەورە، کە هەر هەموویان کار لە بوارە جیاجیاکانی میدیا و بازرگانیدا دەکەن، بۆ نموونە تایم وارنەر خاوەنی cnn، گەورەترین کۆمپانیایی میدیاییە لەجیهاندا و کار لەبوارەکانی خزمەتگوزاری تۆڕی ئەنتەرنێت و گۆڤاری بازرگانی و بەرهەمهێنانی فلیم و بەخش و وەشاندن دەکات، بۆ نموونە گۆڤارەکانی (تایم - فۆرچن - سپۆرتس ئەلیستراتید - مۆنی - پیپوڵ - لایف ئەند ئەنتریتمێنت ویکلی) تایم وارنەر بڵاویان دەکاتەوە و بەسەرچاوەی گرنگی هەواڵ و زانیاری دادەنرێن، ئیدی لەبواری جیهانی بێت یان وەرزشی و ئابووری و ...هتد.

بەپێی پێگەی تایم وارنەر لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت کۆمپانیایی تایم ئینك کە سەر بەتایم وارنەرە گەورەترین کۆمپانیایی بڵاوکردنەوەیە لەئەمریکا و بریتانیادا، چونکە نزیکەی ١٥٠ گۆڤار لەسەرتاسەری جیهان بڵاودەکاتەوە و زیاتر لە ١٧٣ ملیۆن کەس هەموو مانگێك ئەو گۆڤارانە دەخوێننەوە، لەدوا مانگی ساڵی ڕابردوویشدا هەر یەك لە گۆڤاری تایم و گۆڤاری گۆڵف خەڵاتی ناسیۆناڵ مەگەزنی ناوبانگیان بردەوە، ڕاپۆرتی تایبەتی گۆڤاری تایم لەبارەی (گەردەلوی کاترینا)وە بەباشترین ڕاپۆرتی تایبەتی لەبارەی



ڕووداوەکانی (٢٠٠٦) دەستنیشان کرا.

### باشترین گۆڤارەکانی ئەمریکا؟

گۆڤاری تایم باشترین گۆڤاری خەبەری هەفتانەیە، ئەم گۆڤارە پاش یەکگرتنەوەی هەردوو کۆمپانیایی وارنەر کۆمەنیکەیشن و تایم ئینك لەساڵی (١٩٨٩) بووە بەشێك لە تایم وارنەر، لەپلەی دووەمدا گۆڤاری نیوز ویك دێت، کە بەهەمان شێوەی تایم هەفتانەیە و بارەگاکەی لە نیویۆرکە، ئەم گۆڤارە لەسەرتاسەری جیهاندا بەتیراژی ٤ ملیۆن دانە بڵاودەبێتەوە و زیاتر لە ٢١ ملیۆن کەس دەیخوێنێتەوە، هەروەها نیوزویك شانازی بەوەوە دەکات، کە تائێستا چەندان خەڵاتی ناسیۆناڵ مەگەزنی بردووتەوە، بێجگە لە نیوزویك، کۆمپانیایی نیوزویك ئینك گۆڤارێکی هەفتانە بەناوی نیوز ویکی نێودەوڵەتی بڵاودەکاتەوە کە لە ١٩٠ وڵاتدا دابەش دەکرێت، لەگەڵ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکی ئەنتەرنێتی بەناونیشانی (نیوزویك دۆت کۆم)ەوە.

سێیەم گۆڤاری بەناوبانگی ئەمریکا گۆڤاری ( یو ئیس ئاند ورڵد ریپۆرت)ە، بارەگاکەشی لە واشنتن دی سییە و لەساڵی (١٩٣٣) بەناونیشانی (یونایتد ستایتس نیوز) بۆ یەکەم جار دەرچووە، ساڵی (١٩٤٨) لەگەڵ گۆڤاری (ورڵد ریپۆرت) یەکیانگرت و بەو ناونیشانەی ئێستاوە دەردەچێت.

### ڕۆژنامەی ڕۆژانە:

ئەمڕۆ هەریەك لە ڕۆژنامەی ( نیویۆرك تایمز، یو ئیس ئای تودای، واشنتن پۆست، وۆڵ ستریت جورناڵ) کاریگەری و ڕیزی تایبەتی

خۆیان هەیە لەنێو خوێنەراندا، ئەم ڕۆژنامانە ژیانی ئابووری و سیاسی ئەمریکایان داگیرکردووە و بەڕوونی کاریگەریان هەیە لەسەر ڕایی گشتی ئەمریکی، نیویۆرك تایمز کە گەورەترین ڕۆژنامەی هەرێمییە و ساڵی (١٨٥١) دامەزراوە، موڵکایەتییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆمپانیای نیویۆرك تایمز، کە خاوەنی چەندان بڵاوکراوەی گرنگی تری وەك (ئەنتەرناسیۆنال هیراڵد تریبیۆن، زە بۆستن گلۆب) و دە ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ترە، هەروەها خاوەنی نۆ کەناڵی تەلەفزیۆنی و دوو کەناڵی ڕادیۆییە تەنها لەناو نیویۆرکدا، لەپاڵ ٣٥ پێگەی ئەنتەرنێتی، دیارترینیان (تایمز دۆت کۆم، بۆستن دۆت کۆم، ئابۆت دۆت کۆم)ە، لەبواری خەڵاتەکانیشدا تائێستا کۆمپانیای تایمز ١١٥ خەڵاتی بۆلتزری ڕۆژنامەوانی بردووەتەوە.

ڕۆژنامەیەکی ناسیونالی تر هەیە بەناوی (یو ئێس ئەی تودەی) کە کۆمپانیای جانت بڵاویدەکاتەوە و بەدووەمین ڕۆژنامە دادەنرێت، دوای ڕۆژنامەی (زە تایمز ئۆف ئاندیا) لەڕووی دابەشکردنی لەئاستی جیهاندا، کۆمپانیای ( جانت)یش بەگەورەترین کومپانیای هەواڵ و زانیاری دادەنرێت و لەئاستی جیهاندا کار دەکات و بارەگای سەرەکی لە شاری ماکلینی ویلایەتی ڤرجینیایە و نووسینگەی لە ٤١ دەوڵەتی تردا هەیە و لە ٦٠ وڵاتدا بڵاودەبێتەوە.

واشنتن پۆست کە بارەگاکەی لە واشنتن دی سییە و ساڵی (١٨٧٧) دامەزراوە، بەشێکە لە کومپانیای واشنتن پۆست، ئەم کۆمپانیایە خاوەنی چەندان کۆمپانیای بچووکی ڕاگەیاندن و بوارەکانی ترە، لەگەڵ چەندان کەناڵی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆ و سایتی ئەنتەرنێتی و



گۆڤاری تەکنەلۆژی و کۆمەڵایەتی، دیارترینیان گۆڤاری نیوز ویك و گۆڤارێکی ئەلکترۆنییە بەناوی (سلات ئاند زە کابلان)، لەساڵی ڕابردوویشدا واشنتن پۆست ٢٢ خەڵاتی بۆلتزری بردووەتەوە، لەگەڵ بەدەستهێنانی ١٨ مونحە لە دەزگای (نیومان) و ٣٦٨ خەڵاتی کۆمەڵەی وێنەگرانی خەبەری کوشکی سپی.

ڕۆژنامەی (زە وۆڵ ستریت جورناڵ) ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی نێودەوڵەتییە، بارەگاکەی لە نیویۆرکە، بەگرنگترین بڵاوکراوەی بواری بازرگانی دادەنرێت، هەر بۆیە چاپێکی لە ئەوروپا و چاپێکی تری لە ئاسیا دەردەچێت، ئەمڕۆکەش ئەم ڕۆژنامەیە بەپلەی دووەم دێت دوای (یو ئێس ئەی تودەی) لە ڕووی بڵاوبوونەوە، ڕکەبەری سەرەکییەکەی ئەم ڕۆژنامەیەش ڕۆژنامەی فینانشیاڵ تایمزی بریتانییە کە بارەگاکەی لە لەندەنە.



# وزەی خۆر و کۆدی بۆماوەیی و ئەنتەرنێت کەرەستەکانی شۆڕشە زانستییەکانی داهاتوون

نووسینی: پرۆفیسۆر فریمن دایسن

وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە: م. خالد مەحمود کەریم

***کورتەیەك:***

لەڕوانگەی پەرەسەندنەکانی ئەمڕۆی زانست و تەکنەلۆژیاوە نوسەر وێنەی ئاییندەیەکی پرشنگدارمان بۆ دەکێشێت، کە دەکرێت مرۆڤایەتی بۆ خۆی بخوڵقێنێت، ئەگەر کار بەئامۆژگاری و ئاراستەکانی بکەین، ڕۆژێك دادێت، سەرجەم مرۆڤایەتی بەتۆڕێکی گەورەی پشتبەستوو بەکۆمەڵێك زۆر لەمانگی دەستکردی بچووك بۆ پەیوەندییەکان کە بەشەپۆلەکانی ڕادیۆ و تیشکی لێزەر کاردەکات پێکەوە گرێدەدرێت، بەجۆرێك هەموو پارچەیەکی گۆی زەوی و لەمیانی ئەو کێڵگانەی کە بەپرۆسەی ئەندازەیی بۆماوەیی ئامادەکراون، بۆئەوی تیشکی خۆرمان بۆ بگۆڕنە خامی کاربۆنی و دواتریش وزە، دەتوانین کارەبا لەناوچە دوورە دەستەکاندا پێشکەش بکەین، لەوەها کاتێکدا دەتوانین سەرجەم ئامێر و دەزگاکان بەئامێرەکانی پەیوەندیکردنیشەوە لەمیانی مانگی دەستکرد و ئەنتەرنێتەوە بخەینە گەڕ!



***پێشەکی:***

فریمن دایسن لەفیزیا و زانستەکاندا کەسایەتییەکی بێوێنە و دەگمەنە، لەئینگلتەرا لەدایکبووە، بەڵام پەنجا ساڵی دوایی ژیانی لەئەمریکا بردۆتە سەر، زۆربەی ئەو ساڵانەی لە(پەیمانگای لێکۆڵینەوە پێشکەوتووەکاندا) لەزانکۆی برنستن بەسەر بردووە، ئەو زانکۆیەی کە (ئەنشتاین) تا سەرەمەرگ کاری تیاکردووە.

ئەم پیاوە بەتایبەت لەیەکخستنەوەی تیۆرییەکانی دینامیکیای کارەبایی کوانتیدا ناوبانگێکی بەربڵاوی هەیە، بەڵام لەدەیان بابەت و بواری تردا بەرهەمی هەیە، بەتایبەت کارەکانی لەبواری توێژینەوە لەئاییندەی زۆر دوور و ڕێسای مرۆیی. تائێستا زیاد لە(١٢) کتێبی هەیە، بەتایبەت ئاماژە بۆ ئەم کتێبانە دەکەین:-

١/ (چەك و هیوا) تێڕامانێکی ترە بۆ سروشتی مرۆڤایەتی و چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی بۆ سەردەمی ئەتۆم، کە هەڵگری مەترسیگەلێکی چارەنووسسازە.

٢/ (ئیزعاجکردنی گەردوون) یاداشتنامەیەکی زانستییە، تێکەڵەبەتێڕامانەکانی لەبارەی حاڵەتی مرۆڤایەتی، ئەم نووسینەی پێشوازییەکی بێوێنەی لێکرا.

٣/ (ناکۆتا لەسەرجەم ئاراستەکاندا) لەم نووسینەدا سەرنجەکانی خۆی لەبری نێوخۆ ئاراستەی دەرەوەی دەکات، بەهەمان ئاراستەی ڕەگەزی مرۆیی و ژیارەکەی.

دایسن وەك بیریارێکی زۆر لێهاتوو و زانایەك ناسراوە کە خاوەن توانایەکی گەورە و بەرفراوانە، هەروەها وانەبێژێکی بەهرەدار و

سەرنجڕاکێشە لەماوی پێشوودا چەندین خەڵاتی پێدراوە، ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت (خەڵاتی نشتیمانی بۆ ڕەخنەگرانی کتێب)ە، جگەلەچەندین نازناوی تر کە لەئاکامی بەشدارییە زانستی و فیکرییەکاندا پێی بەخشراوە، لەکتێبە (نا کۆتا لەستەرجەم ئاراستەکاندا) ئەم نووسەرە پێشبینیەکانی خۆی لەبارەی گرنگترین پەرەسەندنەکانی زانستە ژیارییەکانی داهاتوو خستۆتەڕوو، کە ئەم بوارانە دەگرێتەوە، وەك (ئەندازەیی بۆماوەیی و زیرەکی دەستکرد و گەشتە ئاسمانیەکان)، دوای دوو ساڵ لەم کتێبەی ئەوەتا کتێبێکی ترمان پێشکەش دەکات، ئەم کتێبە بەشێوەی زنجیرەوانە لەکتێبخانەی گشتی نیویۆرك ساڵی (١٩٩٧) پێشکەش کردووە و ساڵی (١٩٩٩) بڵاوی کردۆتەوە، لەم کتێبەدا دایسن ئایندەیەك نمایش دەکات، کە خوازیارە تەکنەلۆژیا و زانستەکان بەدی بهێنێت، لەمیانی ئەم نمایشەدا دایسن وێنایەکی تەواو جوان و گەشبینمان بۆ ژیانی داهاتوو پێشکەش دەکات، کە هەریەك لەزانست و ئەخلاق و تەکنەلۆژیا و فەلسەفە ڕۆڵی خۆی تیا دەگێڕێت، ئەمجارەیان دایسن بایەخ بەئایندەی نزیك دەدات نەك ئایندەی دوور، بۆیە دەبینین ڕاست و چەپ هێڵێك بەسەر گەشتە ئاسمانییەکاندا دێنێت.

بەڕایەکانیشی بۆ ئەمە ئەو شکست و کێشە جۆراوجۆرانەیە، کە لەهەردوو پرۆژەی ئاژانسی ئاسمانی ئەمریکی و ڕووسیدا بەتایبەت (ئاژانسی میر) بەدی کردووە، هەمان بۆچوونیشی لەبارەی زیرەکی دەستکردەوە هەیە، ئەوەتانێ ئەمڕۆ ڕۆبۆت ـ ئامێرە مرۆڤ ـ یا



سیستەمگەلێکی زیرەکتر نابینین، وەك لەماوەی (١٥) ساڵ پێش ئێستا هەبووە، بەڵام هەرچی پەیوەندی بەئەندازەی بۆماوەییەوە هەیە مەسەلەکە بێگومان جیاوازترە، ئەم بوارە پێشکەوتنێکی پەلەو لەناکاوی بەخۆوە بینیوە (مەڕە)، (دوللی)* و کردنەوەی کۆدی بۆماوەیی دوو بوارن توێژینەوەی ئەندازەیی بۆماوەییان خستۆتە ڕیزی پێشەوەی ئەو زانستانەی کە ئەمڕۆ بایەخی پێدەدرێت، ڕەنگە بۆ دەیان ساڵی داهاتووش لەڕووی فیکری و فەلسەفیەوە گەورەترین ئەو مەسەلانە بن، کە مرۆڤایەتی پێوەی سەرقاڵ دەبێت.

بۆ هەمووان ڕوونە کە لەگەڵ پێشبینییەکانی پێشووتری (دایسن) دا پەرەسەندنێکی گەورەی تر ڕوویدا، ئەویش تۆڕی ئەنتەرنێت، ئەم تۆڕە وەك دایسن دەڵێت شادەماری ژیانی هاوچەرخ پێکدێنێت، شتێکە تەنانەت (بیل کیتس)یش تا ئەم دواییانە پێشبینی نەدەکرد.

سێیەم بوار کە دایسن دەیخاتە نێو لیستی ئەو کەرەستانەی لەداهاتوودا شۆڕش بەرپا دەکەن، کە لەڕاستیدا سانانییە و هاوڕایشی لەسەر دروست نابێت ئەویش وزەی خۆرە، نووسەر دانی پیادا ئەنێت، کە هەڵبژاردنی بۆ وزەی خۆر شەخسییە وەك لەوەی بابەتی بێت، ئەمەشمان وا بۆ ڕاڤەدەکات، کە ئەم تەکنەلۆژیایە پێشکەوتن و پەرەسەندنەکانمان بۆ زامن دەکەن بەگەیاندنی ئەنتەرنێتیشەوە بۆ سەرجەم بەشەکانی گۆی زەوی، بەتایبەت کە دواکەوتووترین ناوچەکانی جیهان ئەوانەن کە زۆرترین ڕێژەی خۆریان بەرکەوتووە.



## ⋆ ناوەڕۆکی کتێبەکەی:

فەلسەفەکەی دایسن لەسەر دوو پرەنسیپ بنیادنراوە:

یەکەمیان: تەکنەلۆژیایە کە بەداخێکی زۆرەوە گرنگترین خاڵی پاڵنەر پێکناهێنێت لەپەرەسەندنە مێژووییەکاندا، ئەوەی بایەخدارترە سیاسەت و ئاین و ئابووری و ئایدیا و ناکۆکییە سەربازی و کلتورییەکانە.

دووەمیشیان: پێویستە لەسەر زاناکان ئەو تەکنەلوژیایە ئاڕاستە بکەن، کە زۆرجار بچووکە و بەشداری لەئاسانکردنی ژیانی مرۆڤ و باشترکردنی تێکڕای لایەنەکانی هەلومەرجی گشتیاندا دەکات، ئەم بیریارەمان نایشارێتەوە، کە ئەو هەمیشە لەژێر کارتێکردنی گوتەزای گەورە مامۆستایەکی ماتماتیکی خۆیدایە بەناوی (گودفری هاردی)، کە وتوویەتی: بەزانستێك لەزانستەکان دەوترێت سوودبەخشە، گەر هاتوو گەشەسەندنی فەرق و جیاوازییەکانی سامان و شێوازی ژیان لای تاك و گروپەکان بەرفراوانتر کرد و لەچوارچێوەی ژیاندا کاولکردنی گەورەتری دروستکرد!!! بێگومان هاردی بەگاڵتەپێکردنی قوڵەوە ڕەخنەی خۆی ئاڕاستەی جێبەجێکردنەکانی زانست دەکرد.

دایسن کە لەبنەڕەتدا فیزیاناسێکی تیۆریی پەتی بوو، دەڵێت ئەمە بوو، کە وایلێکرد بایەخ بدات بەبواری جێبەجێکردنی زانست و پرۆژە بچووکەکان و ئەو توێژینەوانەی کە گرنگی بەجێبەجێکردنە سوود ئامێزەکانی ژیانی مرۆڤ دەدەن، بۆیە دەبینین لەم کتێبەدا کە ناوی (وزەی خۆر و کۆدی بۆماوەیی و ئەنتەرنێت)ی لێناوە، دایسن لەژێر ئەم ناوەدا ناونیشانێکی تری بۆ



ڕوونکرنەوەی زیاتر داناوە، کە ئەویش (کەرەستەکانی شۆڕشە زانستیەکانی ئایندەن) لەمیانی ئەم بوارە زیندووانەی ئێستا و داهاتوویشەوە، دایسن دەیەوێت بیرۆکەیەکی گرنگمان لەگەڵدا گفتوگۆ بکات، ئەویش شۆڕشە زانستییەکان چۆن دێنە ئاراوە؟ ئەم پرسیارە هەمیشە لەلایەن فەیلەسوفەکانی زانستەوە لەچوارچێوەی ئەو ڕێتمەی کە (تۆماس کۆن) لەکتێبەمێژوویی و ناودارەکەیدا (بونیادی شۆڕشە زانستییەکان) وەڵام دراوەتەوە، ئەم کتێبەساڵی (١٩٦٢) بڵاوکراوەتەوە و لەساڵی (١٩٩٢) لەزنجیرەی (عالم المعرفە)ی کوەیتی کراوەتە عەرەبی، کۆن دەڵێت : هەر شۆڕشێکی زانستی ڕوونادات، هەتاوەکو گروپگەلێکی گەورەی لێکۆڵیاران لەبوارێك لەبوارە زانستییەکاندا ڕەچاوی کۆمەڵێك دەرئەنجام نەکەن، کە پێچەوانەی دیمانە یا ڕاڤەکردنە باوەکانن و یەکدەنگیان لەسەرە، بەڵام دایسن وای بۆ دەچێت، کە ساڵی (١٩٩٧) لەلایەن (بیتر گالیسن) ی فیزیکی ناسەوە کتێبێکی بایەخدار لەژێر ناونیشانی (وێنە و لۆژیك) بڵاوکراوەتەوە، کە بەپێشکەشکردن و ڕاڤەکردنێکی نوێ لەبارەی لەدایکبوونی شۆڕشە زانستیەکانەوە ئەو ڕێتمە فیکرییەی هەژاند، کە دوای کتێبەکەی کۆن بڵاوبوویەوە، تیایدا دەڵێت لەکاتێکدا ئەو شۆڕشانە سەر هەڵدەدەن، کە لێکۆڵیارەکان کەرەستەی داهێنەر و دەزگای نوێیان لەبەردەستدا بێت، بۆ ئەوەی بتوانن ئاسۆ و قوڵایی گەورەتر لەوەی کە پێشتر بۆیان ڕەخساوە تاقی بکەنەوە، دیارە ئەم فەلسەفە زانستیە نوێیە مەبەستی هاوسەنگی لەنێوان بارسەنگی بیرکردنەوەی پەتی و بارسەنگی دۆزینەوە زانستییە

ئەزمونگەرایيەكان بگێڕێتەوە.

دایسن لەم كتێبەدا گەشبینە و دەخوازێت ئەو سێ كەرەستە زانستە گەورانەی كە ناونیشانی ئەم نووسراوەیە ببێتە بنچینەی داهاتوویەكی باشتر و چاكتر بۆ مرۆڤایەتی، لەهەمان كاتدا بنچینەیەك بێت بۆ پەرەسەندنی زۆر بایەخدار و بگرە بەرپاكردنی شۆڕش لەچەندین بواری زانستی جیاجیادا، وەك:

### ١/ ئەندازەی بۆماوەیی:

یەكەم شۆڕشی ئایندەییە بەبڕوای دایسن، یەكێك لەگرنگترین گۆڕانكارییە سەرەتاییەكان كە لەشۆڕشی ئەندازەییەوە سەرچاوە دەگرێت، تەكنەلۆژیای ڤایرۆسی دەستكردە، تا ڕادەیەك ئەمڕۆ دەتوانرێت جۆرێك ڤایرۆس دروست بكرێت، كە ڕۆبچێتە شانەكانی جەستە و هەندێ پرۆسەی زیندوو دیاری بكا و بگۆڕێت یا بوەستێنێت، كە ئەمە یارمەتی بنەبڕكردنی نەخۆشیەك لەنەخۆشیەكان دەدات و بەم كارە دەتوانرێت خەسڵەتە مرۆییەكان دەستكاری بكرێت، لێكۆڵیارە بایلۆژییەكان دەخوازن ڤایرۆسێك دروست بكەن، توانستی ناسینەوەی شانە كوشندەكانی هەبێت، بۆ لەناودانی ڕۆبچێتە ژوورەوەی جەستەوە یا بەلایەنی كەمەوە سنوورێك بۆ زیادبوونیان دابنێت، بەم چەشنە ئەم ڤارۆسە دروستكراوە یارمەتیمان دەدات، كە ئامێرە تیژە بەكارهاتووەكانی برینپێچی و داودەرمانە كیمیایە بینراوەكان بگۆڕێنەوە بەتوخمێكی زیرەكتر و وردتر لەچارەسەركردن كە كەمترین زیانی لابەلایی لێدەكەوێتەوە، لەڕوویەكی ترەوە زۆرێك لەنەخۆشیەكانی مرۆڤ



هۆكارەكەی لەدەستدانی جەستەیە بۆ ئەو پرۆتیناتەی كە لەحاڵەتی ئاسایی خۆیدا بەرهەمی دەهێنێت، ناشتوانین ئەم پرۆتینە بەڕێژەی پێویست لەخوێن یا لەتەرمی مرۆیی دەربهێنین، بەڵام دەكرێت جینیتیكی مرۆیی دەستنیشانكراوی بگوێزینەوە بۆ ئاژەڵێك، بۆ نموونە مانگا بەمەرجێك ئەو مانگایە ڕێژەیەك گونجاو شیر بەرهەم دەربدات، بەو جۆرە ئێمە دەتوانین پێویسییەكانمان لەپرۆتین لەو شیردەرە دەربهێنین، كە ئەمە لەئێستادا بەو تەكنەلۆژیایەی لەبەر دەستماندایە كارێكی ئاسانە، بەڵام پارەیەكی زۆری دەوێت و شتەكەش سنووردارە، كە ئەمە لەڕاستیدا حاڵ حازر ئەم پرۆتینەی كردۆتە شتێكی دەگمەن و دانسقە، هەر بۆیە زاناكانی بایلۆژیا و بۆماوەناسی بەجدی بیر لەپرەنسیپی كۆپیكردنی ئەو مانگایە دەكەنەوە، كە هەڵگری جینتیكی مرۆیین، بەچەشنێك تەنها یەك جار نەبێت، پێویستمان بەپرۆسەی  گواستنەوەی ئەم جینیتیكە لەمرۆڤەوە بۆ ئاژەڵ نابێت (كە پرۆسەیەكی پڕ مەسرف و گرانە)، لەبەر ئەم هۆیەش پرۆژەی (كۆدە بۆماوەییەكان) كە ئێستا كاری لەسەر دەكرێت و لەتەواو بوون نزیكبووەتەوە پرۆژەیەكی بێوێنە و بایەخدارە بۆ بایلۆژیا، ئەگەر نەڵێین بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی و ئایندەكەی، ئامانجی ئەم پرۆژەیە ناسین و نووسینەوەی تەواوی زنجیرەكانی ترشی ئەمینی مرۆییە، كە زیاد لە(٣) بلێون پارچەیە، هەرچەن پێشبینی دەكرا، كە پرۆسەی ناسین و نووسینەوەكە (١٥) ساڵ بخایەنێت، بەڵام لەم دواییانەدا كێبەڕكێیەكی توند لەنێوان چەند تیمێكی لێكۆڵینەوەدا دروستبوو، لەئاكامدا یەكێك لەو تیمانە



توانی سەركەوتنێكی پێشوەخت ئەنجامبدات، بەبۆچوونی دایسن بڕیاری ناسینەوەی تەواوی ئەو زنجیرەیە (زنجیرەكانی ترشی ئەمینی مرۆیی) بڕیارێكی هەڵەبووە، چونكە لەسەر بنەمایەكی سیاسی دراوە نەك زانستی، بەبڕوای دایسن باشتر بوو ١٠٪ زنجیرەكەیان بكۆڵرایایەتەوە، ئەوانەی كە جەوهەری زنجیرەكەن و تەرخانكردنی باقی بودجەی دیاریكراوی ئەم پرۆژە بۆ گەشەپێدان و پێشخستنی شێواز و  ڕێبازی لێكۆڵینەوە و دۆزینەوە كە زۆر وردتر و كاریگەرترە لەوەی ئێستا كە هەیە.

لەم بارەشەوە دایسن زاناكانی بواری بایۆلۆجی ڕێنماییو ئاڕاستە دەكات، هەمان ڕێبازی فیزیكناسەكان بگرنە بەر، ئەوان ڕێبازی گەشەپێدانی ئامێرەكانیان كردە لقێك لەخودی فیزیك، لەو میانەشەوە هەندێكیان توانیان خەڵاتی نۆبڵ بەدەست بێنن، ئەمەش گەورەترین بەڵگەیە لەسەر گرنگی و بایەخی ئەم بوارە لەتوێژینەوەی زانستیدا، لێرەدا ئەم بیرمەندەمان وانەیەكی هەرە گرنگ ئەخاتە ڕوو، كە بەكورتی دەڵێت: گۆڕینی ئامانج و شێوازەكانی هەر پرۆژەیەك دوای دەسپێكردنی لەسیاسەتدا بەهەڵەدەژمێردرێت و نیشانەی لاوازی و كورت بینیە، بەڵام لەزانستەكاندا بەڵگەیە بۆ ژیری.

### ٢- ئەنتەرنێت:

دووەم شۆڕشی ئایندەییە، لەگرنگترین و گەورەترین تایبەتمەندییەكانی تەكنەلۆژیایی زانیاری و پەیوەندییە نوێیەكانی ئارەزوویەتی بۆ بەجیهانی بوون، ئەم تەكنەلۆژیایە گوێی



لەبەربەستەكانی زمان و ڕۆشنبیری و نەرێتە كۆمەڵایەتییەكانی نییە، هەموو ئەمانە تێپەڕ دەكات و هیچ ڕێگریەكی تەكنیكیش نییە بتوانێت گرێدانی گەلەجیاجیاكانی جیهانی لەگەڵ یەك لێ قەدەغە بكات، بگرە ئەمڕۆ توانستەكانی گەیاندنی زانیاری زۆر ئاسانترە لەتوانستی وڵاتان لەسەر اگەیاندنی ئاو و كارەبا و دابینكردنی نیشتەجێبوون و پزیشك و داودەرمان بۆ گەلەكانیان، بێگومان تۆڕی ئەنتەرنێت ناتوانێت كێشە كۆمەڵایەتی و ئابوورییەكانی جیهان چارەسەر بكات، بەڵام ئێمە وائاكامە پۆزەتیڤەكانی لەزۆر بواری جۆراوجۆردا، كە لەڕاستیدا لەكاتی پیلانڕێژی بۆ ئەم تۆڕە بەخەیاڵی هیچ كەسێكدا گوزەری نەكردبوو، دەبینین... چونكە ئینتەرنێت بەشداری كەمكردنەوەی جیاوازییەكانی جیهان دەكات، هەر بۆیە دایسن لێرەدا وەك دووەم شۆڕشی ئیجابی هەژمار دەكات، كە لەداهاتوویەكی نزیكدا خۆی دەسەپێنێت، بۆ ڕوونكردنەوەی بیرۆكەكەش نووسەر لەم ڕووەوە بەراوردێكی بەسوودمان بۆ دەخاتەڕوو ئەڵێ: بەكارهێنانی كۆمپیتەر و ئەنتەرنێت وەك بیمەی تەندروستی وایە هەموو پێویستمان پێیەتی، بەڵام زۆربەی هەژار و كەمدەرامەتەكان دەستیان ناكەوێت، ئەو بەشە بەكارهێنەی كۆمپیتەر و هێڵی ئەنتەرنێت ئەوانەن كە ڕۆژانە بەنێو ئوم هێڵەدا گوزەر دەكەن و زانیارییەكانی هەڵئەدەنەوە، بگرە بەشێك لەژیانی (كەسیەتی و پیشەیی) خۆیان بەتۆڕی پەیوەندییەكانەوە گرێدەدەن، لەڕاستیدا ئەمانە بەبەراورد لەگەڵ پیشە و ئاڵوگۆڕە گرنگ و بایەخدارەكان لەئەنتەرنێتیدا

پیشان دەدرێت، دیارە پێش هەر کەسی تر بەردەستی ئەوانە دەکەوێت کە بەشدارن لەو هێڵەدا، هەر بۆیە نووسەر لەوە ئاگادارمان دەکاتەوە، کە ئەوانەی لەمیانی ئەم هێڵەوە ئاگاداری هەمیشە نوێیەکانی جیهان نابن، ئەوانە واخەریکە دەبنە چینێکی نوێی خزمەتکار، درز و کەلێنەکانی نێوان ئەوانەی بەشداربووی ئەم هێڵەن و ئەوانەی بەشدارییان نییە بەخێراییەکی زۆر لەزیاد بووندایە !!!!

### ٣- وزەی خۆر:

سێیەم شۆڕشی ئایندەییە، جێی سەرنجە لەدونیای ئەمڕۆدا ئەو ناوچانەی کە پێویستییەکی لەڕادەبەدەریان بەوزەی خۆر هەیە، زۆرترین ڕێژەیان لەم وزە لادەستدەکەوێت، لەدەشتایی و بیابانەکاندا زۆرترە، وەك لەوەی لەشارەکاندا هەیە، لەولاتەکانی باشووریشدا (ولاتە هەژار و دواکەوتووەکان) کە زۆرینەی دانیشتوانی جیهانی لێدەژێ زۆرترە، وەك لەوەی کە لەهەرێمەکانی باکووری پێشکەوتوودا هەیە، بەلام هیچ کەس لەوێ قۆرخی ناکات !!

سیستەمێکی وزەی خۆری دەتوانێت لەڕیشەوە شێوازی ژیان لەدێیەکی هەژاردا بگۆڕێت، چونکە بڕی (٣٠-٥٠) وات لەم وزەیە دەتوانێت لەشەوێکدا چەند کاتژمێرێك و چەند گلۆپێك لەجۆری نیون و ئامێرێکی پەخشی رادیۆ یا تەلەفزیۆنی ڕەش و سپی کارپێبکات، کە ئەمە بەسە بۆ یارمەتیدانی منداڵانی نێو دێیەکە کەلەئێوارانداا بخوێنن و سەعی بکەن و خەڵکەکەیشی بەدونیای دەرەوە ئاشنا بکات، بێگومان ئابووری دێیەك چەند لاواز بێت، (٥٠)



وات لەم وزەیە ناتوانێت بەڕێوەی ببات، ئەمەش بەو مانایە دێت، ناوچەیەکی دوورە دەست یان دێیەك ناتوانێت بەشێوەیەکی لەبار و گونجاو بژێت، (بەپێناسەکانی ئەمڕۆمان) ئەگەر بڕێکی زۆر زیاتری لەم وزە بۆ فەراهەم نەبێت، بەلام ئایا ئەمە بەوزەی خۆر ئەنجام ئەدرێت؟ لەناوچە ئیستیواییەکاندا ڕووبەری یەك کیلۆمەتر چوار گۆشە ڕۆژانە نزیکەی هەزار میگاوات واتە (هەزار ملیۆن وات) لەوزە وەردەگرێت، کە ئەمە بۆ دابینکردنی سەرجەم پێویستییەکانی ژیانێکی هاوچەرخانەی تەواوی دانیشتوانی دێیەك تەواو بەسە، کەواتە ڕێگر و بەربەستەکانی چین؟ خەرجی گۆڕینی وزەی خۆر بۆ کارەبا تا ئێستا زۆر گران و پڕ مەسرەفە ! خەرجی ئامادەکردنی ماڵێکی ئاسایی بۆ ئەوەی بەتەواوی بەوزەی خۆر کاربکات ئەمڕۆ نزیکەی (٥٠٠) دۆلارە، لەنێوەندی پسپۆران و ئابووریناساندا یەك دەنگیەك هەیە، کە وزەی خۆر لەڕووی ئابوورییەوە وزەیەکی لەبار و گونجاو نییە، بۆ ئەوەی جێگەی نەوت بگرێتەوە و ئەو کاتە نەبێت کە خەرج و تێچوونی سەحنەکانی خۆر (٥) جار بەقەد خەرج و تێچوونی ئێستای کەمکرێتەوە !!

لێرەدا ئەم نوسەرە بەلێهاتوویی و زیرەکییەکی بێوێنەوە پێشنیاری ئامێرێك دەکات، کە لەیەك کاتدا سیستەمەکانی تیشکی و بایلۆژی لەخۆردا کۆبکاتەوە ! بەبۆچوونی دایسن پێویستە ڕووەك گەلێکی نوێ بەرهەم بهێنرێت، بتوانێت وزەی تیشك بگۆڕێت بۆ خامەیەکی کاربۆنی شیاو بەسووتان، پێویستە توانایەکی باشیشی هەبێت بەلایەنی کەمەوە نزیکەی ١٠٪، واتە باشتر لەزۆربەی هەرە



زۆری سەحنەکانی خۆر، بەلام چۆن بتوانین ئەم شێوە ڕووەکە نایابەبەرهەم بهێنیین؟ بێگومان ئەندازەی بۆماوەیی !

بەم چەشنە ئەم نووسەرە گەشبینە وێنەی ئایندەیەکی تەواو گەشمان بۆ دەکێشێت، ئەگەر کار بەئامۆژگاری و ئاڕاستەکانیشی بکەین، ڕۆژێك دادێت سەرجەم مرۆڤایەتی بەتۆڕێکی گەورەی پشتبەستوو بەکۆمەڵێك زۆر لەمانگی دەستکردی بچووك بۆ پەیوەندییەکان کە بەشەپۆلەکانی رادیۆ و تیشکی لیزەر کاردەکات پێکەوە گرێدەدرێت، بەجۆرێك هەموو پارچەیەکی گۆی زەوی و لەمیانی ئەو کێڵگانەی کە بەپرۆسەی ئەندازەی بۆماوەیی ئامادەکراون، بۆ ئەوەی تیشکی خۆریان بۆ بگۆڕنە خامی کاربۆنی و دواتریش وزە، دەتوانیین کارەبا لەناوچە دوورە دەستەکاندا پێشکەش بکەین، لەوەها کاتێکدا دەتوانیین سەرجەم ئامێر و دەزگاکان بەئامێرەکانی پەیوەندیکردنیشەوە لەمیانی مانگی دەستکرد و ئەنتەنێتەوە بخەینەگەڕ، لەو ڕۆژەدا خۆر لەسەر زەمینێکی یەکگرتوو و یەکساندا هەڵدێت، کە هیچ جیاوازییەك لەنێوان باکوور و باشوور و ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوایدا نابێت.

### *دەیان ساڵی داهاتوو:-*

بەبۆچوونی دایسن گەورەترین پەرەسەندن و ناکامەکانی ژیانمان لەئەنتەرنێت و ئەندازەیی بۆماوەییەوە سەرچاوە دەگرن، نەك لەخۆر و ئاسمانەوە، نووسەر لەم بارەیەوە دوو نموونەمان بۆ دەهێنێتەوە، کە بۆ خۆی بەگەورەترین ناکامە زانستییەکانی دادەنێت کەلەکۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا ڕوویداوە: یەکەم/



کۆپیکردنی مەڕە (وللی) و دووەم/ دۆڕانی (گاری کاسباروف) ـ (قارەمانی جیهان لەیاری شەترەنج) بەرامبەر ئامێری کۆمپیوتەر، واتە بۆ یەکەمین جارە بردنەوەی زیرەکی دەستکرد لەزیرەکی مرۆیی بباتەوە، دایسن لەئاسۆکانی کۆپیکردنی مرۆڤدا ئیمکانات و ئاکامی گەورە و بێوێنە دەبینێت، کە هەندێکیان لەئاستی کۆمەلایەتی و شارستانیدا ڕۆڵی ئیجابی و هەندێکی تریان ڕۆڵی زۆر مەترسیدا دەگێڕێت، وەك ئەم نووسەرە دەڵێت: بەم نزیکانە دایکان و باوکان بۆ قەرەبووکرنەوەی جینیتیکی دیاریکراو بۆ منداڵەکانیان لەپێش دروستبوونیان دەتوانن سوود لەتەکنەلۆژیایی کۆپیکردن و ئەندازەیی بۆماوەیی ببینن، بێگومان ئەمە دەتوانێت گۆڕان لەتوانستە عەقڵی و جەستەیەکانی منداڵاندا دروست بکات، بەچەشنێك دەکرێت منداڵان لەهەندێ نەخۆشی دیاریکراو یان لەنیشانەی دەرکەوتنی نەخۆشیەك بپارێزرێت و توانستی دیکەیان پێببەخشێت کە ژیانیان بۆ ئاسان بکات و بیانباتە ئاستێکی بالاترەوە، بەلام ئەم تەکنەلۆژیایە بەلایەنی کەمەوە لەچەند دە ساڵی یەکەمدا ڕەنگە نرخی زۆر گران بێت، کە ئەمەش بۆ خۆی جیاوازییەکانی نێوان هەردوو چینی مرۆیی، ئەوانەی (دەوڵەمەندن و بەجنیتیك موتۆربەکراون) و (سروشتییەکان) وەك نووسەر ناویان لێدەنێت بەرفراون دەکاتەوە، بێگومان ئەم حالەتە مرۆڤایەتی ئەباتەوە بۆ دۆخەکەی جاران، سەردەمی دابەشبوونی کۆمەڵگە بۆ دوو بەش: (ئاغا و کۆیلە)، تەنها لەحاڵەتێکدا نەبێت، کە ئەم تەکنەلۆژیایە بکەوێتە بەردەستی هەمووانەوە، ئەمەش شتێکە

پێشبینی ناکرێت! بەڵام دایسن تێدەگات، کە ئەگەر بێت و ڕێگە بەئەندازەیی بۆماوەیی بدرێت، سەربەستانە یاری بەجینیتیکی مرۆیی بکات، ئەوا ئێمە بەتەنها دابەش نابین بۆ دوو چین، بەڵکو بۆ چەندین ڕەگەزی دابەشبوو لەڕووی فەلسەفە و شێوازی ژیان (هەڵبەتە سامانیش) و تەکنەلۆژیایی جینیتیکیشی دەگۆڕێت بۆ هۆکارێکی گوڵبژێرکردنی نوێ و خێرا و بەهێز، تا ئەو ڕادەی تەنها ڕێگە بەسەر چینەکانی خوارەوەدا دەسەپێنێت، ئەویش جێهێشتنی سەرزەمینە ! بەم چەشنە مرۆڤایەتی بەشێوەی جۆراوجۆر سەر کێشیەکانی خۆی سەر لەنوێ دەستپێدەکاتەوە، هەندێکمان بۆ گەڕان بەدوای دونیا گەلی تردا بەرەو ئاسمان دەڕۆین، کە بەتواناکانی خۆمانەوە بمانگرێتە خۆ (ئەوکات ئەو توانایە چەند بێت) و بواری بەگەرخستنمان پێببەخشێت، هەندێکی ترمان بەفۆرم و شێوەی نوێوە دەڕواتە نێو ژیانێکەوە، کە لەئێستادا ناتوانیین پێشبینی بکەین، پێدەچێت کە ئێمە لەبەردەم بەرەبەیانێکی نوێدا بین.



فینۆس فایەق لە دیدارێکی تایبەتی (گۆڤاری گیرفان)دا:

## ئەو وەختەی پێم خستە سەر خاکی گەرمیان، هەستمکرد ئینتیمای رۆحی من بەگەرمیان و گەرمیانییەکان ئەبەستێتەوە

ئامادەکردنی:
سامان کەریم



"تەمەنم بەقەد تەمەنی خەمی ئەنفالە، تەمەنم ئەو کاتە بیرـچۆوە کە دەستەخوشکەکانم بە فیرعەونەکان فرۆشران، من ژنێکم رۆژەکانم لە کۆڵانەکانی گریان و لاوانە هەڵوەرین، هەفتەکانم لەسەر شۆستەکانی غەریبی بەلادا هاتن و بۆ ئەبەد لە هۆشخۆیان چوون، مانگەکانم لەسەر لەپی دەستی ژنێکی ئەنفالکراو بەجێمان و ساڵەکانم لە سەر ناوچەوانی پیاوێکی زیندەبەچاڵکراوی



**ناو گۆڕەبەکۆمەڵەکاندا بوو بەنەخش و رۆچوون..**

**ئیدی من ئیستا ژنێکم بەیانیان خۆرم بە کاتی غەم هەڵدێ و سەر لە ئێواران بە کاتی غەریبی ئاوا ئەبێت.."**

**ئەوەندە بەسە کە ئیدی پێناسەی فینۆس فایەق بکەین.. فینۆس ئەو چەند دێڕەی بۆ پێناسەکردنێکی سادەی خۆی وت..**

**ئەو ژنەی کە وا پێناسەی خۆی کرد، (گۆڤاری گیرفان) لە رێی چەند پرسیارێکەوە دواندی:**

***سامان: چەند مانگی رابردوو هاتیتەوە کوردستان و ماوەیەك مایتەوە و لە چەند شارێکیش کۆڕ و سیمینارت گێڕا، چی تازەت بەدی کرد لە کوردستاندا کە جیاواز بێت لە بینینەکانی پێشوو؟***

فینۆس: هەرچەندە لە ماوەی ١٠ ساڵ دووریم لە کوردستان، ئەوە دووەم سەردانەوەم بوو، یەکەم جار ساڵی ٢٠٠٣ دوای کەوتنی سەددام بە چەند مانگێك سەردانی کوردستانم کرد، ئەو کاتە هەستم بە جیاوازیەکی گەورە کرد لە مابەینی ئەو کوردستانەی بەجێم هێشتبوو و ئەو کوردستانەی بینیمەوە، ئەو دەمە جگە لە خراپی باری تەندروستیم ، سەرقاڵی بەراوردکردنی کوردستانی سەرەتای راپەڕین و کوردستانی دوای گەڕانەوەم بووم... ساڵی ٢٠٠٣ لەبەر ناهەمواری باری تەندروستیم زۆر تێکەڵی خەڵك نەبووم ، هەروەها هیچ چالاکیم نەکرد ، بۆیە ساڵی پار واتە هاوینی ٢٠٠٦ کە هاتمەوە وام هەست ئەکرد یەکەم جارە دێمەوە ، بۆیە ئەوەی مەبەستم بوو و بۆ ئیستا و لەمەودواش مەبەستمە تێکەڵی خەڵکی ببم... ئەوەی



بەشێوەیەکی ئاشکرا تێبینیم کرد ئەوەبوو رووبەرێکی فراوان بۆ دەربڕینی را و رای ئازاد دەستەبەرکراوە ، بەڵام بەرامبەر بەوە هیچ رووبەرێکی وا بۆ جێبەجێکردن دابین نەکراوە ، بە چەند وشەیەکی تر دەسەڵاتی کوردی وەك ستراتیژێکی نهێنی رێگەی بە خەڵك داوە قسەبکەن ، بەڵام گوێ ناگرێ ، لە کۆتاییدا دەسەڵاتی حکومی و دەسەڵاتی حیزبەکان بە عەقڵی خۆیان ئەکەن و ئەوەی خۆیان بیانەوێ ئەیکەن و ئەوەی لەگەڵ بەرژەوەندی خۆیاندا بگونجێت ئەیکەن و دابینی ئەکەن ، ئەو رووبەرەش لە ئازادی رادەربڕین کە رێگەیان پێداوە بۆ ئەوەیە سیمایەك بەخۆیان ببەخشن لە سیمای دیکتاتۆرەکانیان جیابکەنەوە ، ئەوەش ئەوەیە کە پێی دەوترێت (دیکتاتۆریەتی دیموکراتیخوازەکان) ، دیموکراتن لەوەی رێگەیان داوە قسە بکەیت ، بە پێچەوانەی دیکتاتۆرەکانی دونیا ، دیکتاتۆرن لەوەی گوێت لێناگرن و کار بە راوێژ و راکانت ناکەن ، وەکو هەموو دیکتاتۆرەکانی دونیا...

ئەو دەسەڵاتەی ئێستا لە کوردستاندا هەیە بە رووکەش دیموکراتیە ، بەڵام لە جێبەجێکردن و کرداردا دیکتاتۆرە..ئەوەش وایکردووە بۆشاییەکی تێبینیکراو هەیە لە مابەینی باری سەرنجی حیزبەکان و باری سەرنجی خەڵکی سادە دروست ببێت ، واتە هێشتا ئەو حیزبانەی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە نەیانتوانیوە وەکو چاوەڕوانکراو ببنە دەمڕاست و نوێنەری راستەقینەی میللەت....هەستم کرد ئەوان دیموکراسیەتیان وەکو پەیژە بەکاربردووە بۆ ئەوەی بگەنە لوتکەی دەسەڵات نەك بۆ ئەوەی

دابەزنە ناو ریزی میللەت و خزمەتی ئاوات و ئامانجەكانی بكەن ، ئەگەر دەنگی ئەو میللەتە بەهەند بگرین كە متمانەی پێبەخشیون و دەنگی داونێ ببنە نوێنەریان..

***سامان: لە گەرمیانیشدا سێ كۆڕت بۆ ڕێكخرا ، تێڕوانینت بۆ گەرمیانییەكان و وڵاتەكەیان چییە؟***

ڤینۆس: گەرمیانیەكان جێگایەكی تایبەتیان نەك هەر لە دڵمدا بەڵكو لە ویژدانی مندا هەیە ، بۆخۆم زۆرم پێویست بوو بێمە ئەو ناوچەیە و چاوم بە خەڵكی ئەو ناوچەیە بكەوێت ، ئەوەبوو سێ كۆڕم بۆ ڕێكخرا ، و ئەو سێ كۆڕەش لە كۆڕە خۆشەكانم بوون و زۆر شانازیان پێوە دەكەم.. تێڕوانینم بۆ گەرمیانیەكان ئەوەیە ، خەڵكی ئەو ناوچەیە خەڵكێكی سادە و زیرەكن ، گرنگە ئادەمیزاد چەند سادەبوو بتوانێت ئەوەندە زیرەك بێت ، چەند ستەمدیدەبوو ، ئەوەندە خۆڕاگر و شكۆمەند بێت...خەڵكی گەرمیان خەڵكێكن وزەیەكی ڕۆشنبیری و فیكری مەزنیان تێدایە ، جگە لەوەی ئەوان مانای راستەقینەی خۆڕاگری و نەبەردی ئەزانن ، چەند لە زمانی كارەسات و غەم و مەینەتی تێدەگەن ، ئەوەندەش لە زمانی جەسووری و بەرگری ئەزانن ، لەگەڵ ئەو هەموو نەهامەتیەی بەسەریان هاتووە ، بینیم زۆر سەربەرز و خۆڕاگر و بەئەمەكن ، بەسە هەتا ئیستا هیچ دەسەڵاتێكی حیزبی ئاوڕێكی جیدی لێنەداونەتەوە و كەچی بەهێز و سەربەرزن و باكیان تەنها بە خاك نیشتیمان هەیە... بەپەرۆشی خەڵكی ئەو ناوچەیە بۆ ریكخستنی كۆڕ بۆ میوانەكانی و بەپەرۆشیان بۆ ئامادەبوونیان مانای



بەتەنگەوە هاتن و نزیكیان لە كولتوور و خۆشەویستیان بۆ ڕۆشنبیرانە.. لەگەڵ ئەوەشی بایەخێكی ئەوتۆ لەلایەن حكومەت و حیزبەكانەوە نەدراوە بەو ناوچەیە كەچی ئەبینیت هێشتا دڵسۆزیی راستەقینە بۆ خاكی كوردستان لەلای ئەوانە ، خۆم بەبەختەوەر زانی دوو جار سەردانی ئەو ناوچەیەم كرد ، هێشتا خۆم بە قەرزدار ئەزانم بەرامبەریان ، چەند بۆ ئەو ناوچەیە بكرێت كەمە ، هەموو كوردێكیش شتێكی بچووكی لەدەست بێت دەبێت وا بیربكاتەوە..

***سامان: لە نووسینێكتدا خۆت بە كچی گەرمیان ئەزانیت، لەكاتێكدا تۆ لە سلێمانی لەدایك بوویت، كام خەسڵەتەی گەرمیانە وایكردووە تۆ بەدایكی خۆتی بزانیت؟***

ڤینۆس: هەموو ئەو خەسلەتانەی لەسەرەوە باسم كردن ، جگە لە میهرەبانی خەڵكەكەی ، و سادەییان لە بەرەو پیرهاتنی خەڵكی غەریبی وەكو من ، هەڵبەتە مەبەستم لە غەریبی ئەوەیە لە وڵاتی غەریبیەوە هاتوومەتە باوەشیان ، ئەو بەتەنگەوەهاتن و باوەشكردنەوەیە بەڕاستی ئەیڵێم لە سلێمانی نەمبینی ، من كچی سلێمانیم و لەوێش لەدایكبووم ، بەڵام بەڕاستی هەست ئەكەم ئینتیمام بۆ گەرمیان زۆرە ، جۆرێك لە ئینتیمای رۆحی ، ئەو وەختەی پێم خستە سەر خاكی گەرمیان ئەو هەستەم كرد و زۆر راستگۆیانە دەریشم بڕی..گەرمیانی لە هەموو شتێكیاندا گەرمن ، بەتایبەت لە نیشتیمان پەروەریاندا ، لەگەڵ ئەو هەموو نەهامەتیەدا كەچی ئەوەندە نووساون بە خاك و نیشتیمانەوە ، لەوێ هەست بە ئازاری راستەقینەی برینی جەستەی كوردستانی گەورە ئەكەیت..



بۆیە وەكو هەمیشە وتوومە ، گرنگ نیە جەستەت لە كوێ هاتۆتە دونیاوە ، گرنگ ئەوەیە رۆحت لەكوێ ئاسوودە ئەبێت و ویژدانت بۆ كوێ ئینتیمای هەیە..بۆیە وتوومە هەست ئەكەم دایكێكیشم لە گەرمیان هەیە سیماكانی وا لە سیمای هەموو دایكەكانی گەرمیاندا ، هەروەها باوكی گەرمیانیشم هەیە..

***سامان: یەكێكیت لەوانەی خەمی ئەنفال لە زۆرێكی نووسین و شیعر و قسەكانتدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەنفال چ كاریگەرییەكی بەسەرتەوە جێهێشتووە؟***

ڤینۆس: ئەنفال ئەو زامەیە لە رۆحم جیانابێتەوە ، ئەو زامەیە هەرگیز ئارام نابێتەوە ، هەرچی بكرێت بۆ دۆزی ئەنفال زۆر كەمە ، چونكە بەس من ئەزانم میللەتانی دونیا چی ئەكەن بۆ ئەو تاوانانەی بەسەریان هاتووە ، لەكاتێكدا تاوان نیە لە جیهاندا ، لە هەموو مێژووی كۆن و نوێدا بە چەشنی ئەنفال گەورە و زەرەرمەند بووبێت ، هیچ تاوانێك نیە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا برینی گەورەی بە چەشنی برینی ئەنفال بەجێهێشتبێ ، چ لە لایەنی سیاسیەوە ، چ مرۆیی ، كۆمەڵایەتی ، فەرهەنگی ، فیكری ، هەرچی لایەنی ژیانی خەڵكی ئەو ناچەیە ، ئەنفال بۆخۆی ساڵنامەیەكی تایبەتی ناو مێژووی كوردە ، ئەمانەش هەتا ئیستا بە قسە كراون و بە وشە نووسراون ، ئیتر كاتی ئەوە هاتووە بە كردار بیسەلمێنین و بیگەیەنینە ناوەندە جیهانیەكان ، سوود ببینین لە بوونمان لە ئەوروپا بۆ دۆزی ئەنفال..

هەرچی بكرێت بۆ ئەنفال كەمە ، و دەبێت زیاتر بكرێت ،



چونكە ئەسڵەن هەر هیچ نەكراوە ، ئەوەی كراوە تەنها دروشمە و هۆنراوەتەوە ، شیعر زۆر وتراوە ،وتار زۆر نووسراوە ، كۆڕ و كۆبوونەوە زۆر بەستراوە ، بەڵام وەكو كردار هێشتا هیچی وا جێبەجێ نەكراوە ، دیسانەوە ئەیڵێمەوە من هیچم نەكردووە ، خۆم بە قەرزارباری خوێنی ئەو شەهیدانە ئەزانم ، ئەوەی لەسەر من و هەموو ئەوانەی خامەیەك ، یان چەكێك شك ئەبەن ببنە هێزێكی فشار بۆ سەر دەسەڵاتی سیاسی كوردی ، دەسەڵاتی سیاسی عێراقی ، هەروەها دەسەڵاتی نێونەتەوەیی و كاری جیدی بۆ ئەو دۆزە بكرێت ، داوای قەرەبووی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان بكەن ، ئەنفال بكەنە هێمای ئازارەكانی هەموو مرۆڤایەتی ...

***سامان: بڕوات بە شتێك هەیە بەناوی ( ئەدەبی ژنان ) یان ئەدەب ناكرێت دابەشی سەر ڕەگەز بكرێت؟***

ڤینۆس: ئەوەتا خۆت دەڵێیت (شتێك) ، كەواتە شتێكە و ناوی بۆ دۆزراوەتەوە ، چونكە لە كۆتاییدا ئەدەبێك هەیە ، ئەدەبێكی مرۆڤایەتیە ژن و پیاو بۆی دەنووسن ، هیچ بەهانەیەك نیە بۆ دابەشكردنی ئەو ئەدەبە بەسەر خانەكانی رەگەزدا ، باوەڕم بەو ئاڕاستە فیكریە نیە كە هیچ شتێك ئەكات بەناوی رەگەزی مێینەوە ، چونكە ئەوە لە كۆتاییدا رەگەزی مێینە دائەبڕێت و دووری ئەخاتەوە ، ئەو دابڕینەش خزمەتی ئەدەبی ژن ناكات بەهێندی ئەوەندەی خزمەتی مەرامی پیاوان ئەكات لە دوورخستنەوە و لەپەراوێزنانی ئەدەب و داهێنان و تواناكانی ژنان ، و دوورخستنەوەیان لە مەیدانی كێبڕكێ و ململانێ و خۆسەلماندن لە

بواری ئەدەبیدا بە مانا فراوانەکەی کە پیاو داگیری کردووە... باوەڕم وایە بیرۆکەی جیاکردنەوەی ئەدەبێك لە ژێر ناوی (ئەدەبی ژنان) بیرۆکەیەکی پیاوسالارە ، بیرۆکەیەکە پیاو هێناویێتیە کایەوە و ژن ئیجتیهادی بۆ ئەکات ، بەداخەوە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ژن تازەگەریشی تیا ئەکات و ئەیچەسپێنێت لە فەرهەنگی فیکری و زمانەوانیدا... من بۆخۆم رازیم نیە ئەوەی ئەینووسم قەتیسی خانەیەکی بکەم بە ناوی رەگەزەوە ، جگە لەوە رازیم نیە پیاو بەتەنها مەیدانی ئەدەبی مرۆڤایەتی داگیر بکات ، من ئەبێت شەڕ بۆ ئەو بەشە بکەم کە پیاو داگیری کردووە و بیسەنم و بەرامبەر پیاو بوەستم ، نەك بەشێك بۆخۆم جیاکەمەوە و دیوارەکان هەڵبەستم و پەچە بدەم بەسەر ئیبداعمدا ، ئەوە خزمەتی من ناکات وەکو مرۆڤ ، خزمەتی پیاو ئەکات کە دەیەوێت دوورمخاتەوە لە دونیای مرۆڤ...

***سامان: پێت وایە ژنی کورد جێ و پێی خۆی لەناو ئەدەبدا قایم کردبێت، یان هێشتا لە هەوڵدایە..؟***

ڤینۆس: ژنی کورد ئەگەر خۆی بەندی بازنەی حیزبەکان نەکات، جێی خۆی کردۆتەوە ، ژنانی بەهرەمەندمان هەن، بەلاّم کاری حیزبایەتی ونی کردوون ، نەك تەنها لە مەیدانی ئەدەبدا لە هەموو مەیدانەکانی تردا ، بە مەیدانی سیاسەتیشەوە ، بەلاّم مانەوە لە سێبەری حیزبەکاندا ئەدەبەکەی کاڵ کردوونەتەوە ، ببینە ئەوەندەی ئەدیبێك کە تەواو وەك بێلایەن و سەربەخۆ خۆی سەلماندبێت بەسەر ئەکرێتەوە ، ئەوەندە ژنێکی ناو بازنە حیزبیەکان بەسەر ناکرێنەوە ، چونکە ئەو ژنانە جگە لە



ئەدەبەکەیان سەرقاڵی لێپرسراوی حیزبین و فەرمانی حیزب جێبەجێ دەکەن ، و بە مێشکی پیاوە حیزبیەکان بیردەکەنەوە ، لەکاتێکدا ئەگەر ژن بەتەنها بۆ ئەدەبەکەی کار بکات زیاتر سوود ئەبینێت و پەرە ئەسەنێت.. جێ پێی قایم نەکردووە ، هەروەك ناشتوانم بڵێم قایمی کردووە ، چونکە سیمای ئەدەبی ژن هێشتا یەکلا نەبۆتەوە ، هێشتا خۆی نەدۆزیوەتەوە ، ئەوەش شتێکی ئاساییە ، بەهۆی ئەو ئاڵۆزی باری کۆمەلاّیەتی و سیاسی و فەرهەنگیەی کۆمەڵگای کوردی پیا ئەڕوات ، بۆ ئەوەی ئەدەبی ژن سیمای تەواوی خۆی وەرگرێت ، پێویست ئەکات کۆمەڵگا لەدەست دووڕوویی رزگاری بێت و بە ئینسافەوە بڕوانێتە بەرهەم و داهێنانی ئەدەبی ژن ، ئێستا هەموو رەخنەگران ژنی ئەدیب بەوە تاوانبار ئەکەن کە لاسایی ئەدەبی پیاو ئەکەنەوە ، بەوە تاوانبارمان ئەکەن کە ئێمە کۆپیەکی قەڵەم و بیری پیاوین ، لە کاتێکدا ژن لە هەوڵی ئەوەدایە خۆی وەکو ئەدیب و مرۆڤ خۆی بنوێنێت ، بەلاّم لەبەرامبەردا ژن هەن لە بواری سیاسەتدا بۆ نمونە بە عەقڵی پیاو کار ئەکەن و ئامرازەکانی پیاو بەکاردەبەن لە کاری سیاسیدا بۆیە ئەو بیردۆزە لە ئەدەبیشدا رەنگی داوەتەوە ، ئەبێت ئێمەی ژن خۆمان ئەو شەڕە بکەین و خۆمان ئەو سیمایانە بدۆزینەوە و بیچەسپێنین..

***سامان: جۆرە چوونە پێشەوەیەکی ڕەگەزی مێینە لە بواری ڕۆژنامەگەریشدا ئەبینرێت لە کوردستان، ئەو هەنگاوانە دەکرێت سەرەتایەکی دڵخۆشکەر بن؟ سەرنجت لەو ڕووەوە چییە؟***



ڤینۆس: راست بڵێم بە شێوەیەکی ئاشکرا ئەو تێبینیەم کرد ، بینیم نەك لە بواری رۆژنامەوانیدا ، و نەك هەر لەناو مێینەدا ، بەڵکو لە زۆربەی بوارەکاندا ، وەکو ئەدەب و هونەری بەتایبەت گۆرانی وتنیش زۆر و بۆریەکی زۆر هەیە ، هەرچیم ئەبینی ئەیوت رۆژنامەنووسم ، یان پەیامنێرە ، یان کۆریسپۆندێنتە ، یان رەخنەگرە ، یان نووسەرە ، لەکاتێکدا هەر لەسەرەتای راپەڕیندا چەند ژنێك هەبوون لە ژمارەی پەنجەکانی یەك دەست تێپەڕیان نەدەکرد کە شیعریان دەنووسی و کاری رۆژنامەوانیان دەکرد..

ئەوەشی لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە هەموو ئەڵێن رۆژنامەوانین ، بەلاّم تایبەتمەندی دیارنیە ، من بۆخۆم دوو دیبلۆمم هەیە لە خوێندنی راگەیاندندا کە ناتوانم بڵێم دەرچووی راگەیاندنم ، ئەگەر ناوی تایبەتمەندیەکە نەبەم ، چونکە ناکرێ بڵێی رۆژنامەوانم ئەگەر بواری تایبەتمەندی دەستنیشان نەکەیت ، بەداخەوە نەك لە بواری رۆژنامەگەریدا ، لەهەموو بوارەکاندا ئێمە پیشەمان هەیە ، بەلاّم تایبەتمەندیمان نیە ، بۆ نمونە هەموو دەرچووانی بواری پزیشکی هەر پزیشك نین ، یان هەموو ئەوەی لە بواری ئەندازیاری دەرئەچن ناکرێ پێیان بوترێ ئەندازیار ، یان هەموو ئەوانەی لە بواری یاسا دەرئەچن ، نابنە یاساناس و پارێزەر.. بەهەر حاڵ ئەوەش دەرهاویشتە و ئاکامێکی سروشتی سالاّنێکی زۆرە لە سەرکوتکردن و قەدەغەکردن ، بۆ نمونە یەکێ لەو مەرجانەی بۆ ئەوەی لە بواری رۆژنامەوانی لە زەمانی بەعسدا بتخوێندایە دەبوو بەعسی بیت ، تەنانەت کۆلێژی پەروەردە بۆ ئەوەی ببیتە مامۆستا



دەبوو بەعسی بیت ، بۆیە کەس بە دڵی خۆی خوێندنی تەواو نەدەکرد ، ئیستا خۆشبەختانە بوارەکان کراونەتەوە لەبەردەم هەمواندا بۆ هەموو خوێندنەکان ، بەلاّم گرنگ زۆری نیە ، گرنگ چۆنیە..

بەلاّم لە کۆتاییدا ئەڵێم چوونە پێشەوەی ژن لەو بوارانەدا شتێکی پۆزەتیڤە ، چەند هانی ژن بدەین لەو بوارانەدا بچێتە پێشێ شتێکی باشە ، چونکە ئەو زوڵم و جەورە کەوتۆتە سەر ژن چەند لایەنەیە ، کە ئەمڕۆ ژمارەی ژنی رۆژنامەوان زۆر ببێت ، هەرچەندە تێبینیشمان لەسەر (چۆن)یی هەبێت ، بەلاّم مانایەکی پۆزەتیڤیشی هەیە ، ئەویش ئەوەیە ژن لە هەوڵی چوونە پێشەوەدایە ، لەهەوڵی شکاندنی تەوقەکاندایە ، هەنگاو ئەنێت و هەوڵ ئەدات..

***سامان: لە هۆڵەندا بە چییەوە سەرقاڵیت؟***

ڤینۆس: لە هۆڵەندا بە پلەی یەکەم بە کوردستانەوە سەرقاڵم ، زیاتر کاری خۆبەخش ئەکەم ، مەڵبەندێکی کولتووریمان هەیە لە شاری دانهاخ وەکو جێگری سەرۆکەکەی بەخۆبەخش کار دەکەم ، هەروەها ئیستا خۆم لە پەرلەمانی ئەوروپی بردۆتە پێشێ ، لەهەوڵی ئەوەدام سوود لەوە ببینم بۆ کردنەوەی لینکێك بۆ کورد و دۆزی کورد لەناو پەرلەمانی ئەوروپیدا بۆ گەیاندنی خەم و ئازارەکانی میللەتی کورد..

جگە لەوەی بەردەوام بەشداری کۆڕ و کۆبوونەوە و چالاکیەکان ئەکەم ، چ لەناو رەوەندی کورد ، چ لە هۆڵەندا و چ لە دەرەوەی هۆڵەندا ، هەروەها لەناو رەوەندی عەرەبی و هۆڵەندی و

ئـەوروپـیـشـدا ، هـەمـیـشـەش هـەوڵـم داوە وەكـو شـاعـیر و ڕۆژنامەنووسێكی كورد بناسرێم لە هەموو ناوەندەكاندا..

***سامان: ئەكرێ ئاگامان لە دوا پرۆژەی نووسینت هەبێت؟***

ڤینۆس: دوو كتێبم ئامادەیە بۆ چاپ ، یەكەم بەناوی (بلا رتوش) بریتیە لە كۆی ئەو دیمانانەی بە زمانی عەرەبی لەگەڵم كراون لە وڵاتە عەرەبییەكانەوە لەلایەن ڕۆژنامەوانە عەرەبەكانەوە و لە نیشتیمانی عەرەبی بڵاوبوونەتەوە ، دووەم: هێشتا ناوم بۆ دانەناوە بریتیە لە كۆی شیعرە عەرەبییەكانم كە ماوەی پازدە ساڵە ئامادەن بۆ چاپ.. بەڵام دوا پرۆژەی نووسینی گەورەم بریتیە لە ڕۆمانێك بە زمانی عەرەبی بەناوی (پایزی پەنجەكان) ، بۆیە بەزمانی عەرەبیش دەینووسم ، چونكە بەشێكی زۆری بەسەرهاتی مێژووی نوێی كورد باس دەكات ، هەموو شوێن و پاڵەوانەكان كوردن ، ناوەكان ، ڕووداوەكان ، ئەوەی گرنگە ڕۆمانێك بە ڕۆحێكی كوردی و ناوی كورد و بەسەرهاتی كوردییەوە بۆ عەرەب باس ئەكرێت ، چونكە تەنها چیرۆكێكی ئاسایی نیە ، ئەگەر وابووایە بە كوردی ئەمنووسی ، بەڵام گرنگ بوو بەلامەوە باسی كورد لەسەر زمانی پاڵەوانێكی ژنی كوردەوە بۆ عەرەب بكەم.. بە ئومێدم كۆتایی ئەمساڵ تەواوی بكەم و بەچاپی بگەیەنم..



**ڤینۆس فایەق لە چەند دێڕێكدا:**

**دەرچووی كۆلێژی ئاداب ، بەشی فەلسەفە ، دانشگای بەغدایە ، هەروەها زمانی ئینگلیزی لە پەیمانگای بەریتانی لە بەغدا خوێندووە ، لە هۆڵەندا بەشی (ئامادەكردنی بەرنامەی تەلەفزیۆنی) خوێندووە لە ئەكادیمی ڕاگەیاندن ، هەروەها بەشی (بەرهەمهێنانی رادیۆ)ی هەر لە هۆڵەندا خوێندووە ، جگە لە بڕوانامەیەك لە بواری كۆمپیوتەردا..**

**یەكەم شیعری لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا نووسی كە بۆ شاری سلێمانی بوو ، یەكەم شیعریشی لە دوای ڕاپەڕین بڵاوكردەوە لە ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ.**

**ئەو ڕۆژەی هێزەكانی سەددام پەلاماری شاری سلێمانیان دا ڕۆژی ٩ ی سیپتەمبەری ١٩٩٦ ڕۆشتوتە ئێران بۆ ماوەیەك و پاشان لەوێوە ڕۆشتۆتە دەرەوە هەتا گەیشتۆتە هۆڵەندا..**



## دیدارێك لەگەڵ نووسەر

# عـەتـا قەرەداغی

سازدانی:
ئارام سدیق و خەڵەف غەفور
دارشتنەوەی:
پاریا ئەحمەد

بەشی دووەم و كۆتایی



***پ/ئەم قسەكردنە لەسەر حزب، ئەم شێوە ژیانە كە حزب ئەیەوێ (طصمیمی) بكات بۆ سەركۆمەڵگا، تەنها لای حزبەعلمانییەكان یان لای حزبەئیسلامییەكانیشە؟***

وەڵام/ من پێم وایە حزبەئیسلامییەكان ئەگەر وەها سەیری ئەوە بكەن، حزبەئیسلامییەكان وەها سەیری خۆیان دەكەن، ئەوان با بڵێن هەمان ئەو بەرنامە



و پرۆژەیە جێبەجێ دەكەن، كە دین لەكۆمەڵگادا جێبەجێی دەكات، هەمووومان دەزانین لەلوتكەی هەرێمی ئاییندا خواوەند هەیە لەخوارەوەی ئەوەوە پێغەمبەر هەیە، لەخوارووی ئەویشەوە خەلیفەكان هەیە، ڕەنگە سكرتێری حزبی ئیسلامی بەڕەوای ببینێ بەلایەنی كەمەوە خۆی بباتە شوێنی خەلیفە، خۆی بباتە شوێنی خەلیفەی ئیسلامی، ئەندامانی مەكتەبی سیاسی ئەوانیش ئەسحابەكانن، بۆ ئەو كارێكی ڕەوابێت بەهەمان ئەقڵیەت ئیش بكات و كارێكی ڕەوابێت، بەڵام بۆ حزبێكی علمانی ڕەخنەیە، بەهەمان ئەقڵیەت ئیش بكات، چونكە ئێمە ئەوە دەزانین ڕاستییەكی ئەگەر بڕوامان ئەوەبێ، كە حزبی علمانییە، علمانیەت بەبێ بوونی دیموكراسیەت بوونی نییە، علمانیەت بەبێ بوونی ئازادی قسەیەكی پوچە و هیچ شێوەیەك بوونی نییە.

باشە تۆ حزبێكی علمانیت هەیە، بەهەمان كلتور و بەهەمان پرۆژە و بەهەمان ئەقڵیەتی حزبێكی ئیسلامی ئیش بكەیت و بەهەمان كلتور و ئەقڵ و بەڕێوەبردنی خێزانی داخراوی ناو كۆمەڵگەی كوردەواری ئیش بكەی، من پێم وایە لەهەردوو لایەنەكەدا ئەمە جێگیرە و من پێم وایە لەكۆمەڵگەی كوردەواریدا جیاوازییەكی ئەوتۆ نییە، حزبەئیسلامییەكان و حزبەئایینییەكان یان بابڵێین حزبەعلمانییەكان، تەنها لەو ڕووەوە جیاوازە، ئەوان نوێژ دەكەن، ئەوان دەچن بۆ مزگەوت، ئەوان بڕوایان بەخوا هەیە،

ئەوان بڕوایان بەکلتوری ئاین و پارێزگاری بنەمانی کلتوری ئاینی بەتایبەتی کلتوری ئیسلامی هەیە، ئەوان بڕوایان هەیە، کە نابێ تەجاوز بکرێ.

حزبەعلمانییەکان تەنها لەوەدا جیاوازە لەحزبەئیسلامییەکان، کە ئەم هەندێ جار قسە بەدین دەڵێ، قسە بەئیسلام دەڵێ و بەحسابی خۆی دژایەتی ئیسلام دەکات، بەڵام لەممارەسەی ڕۆژانەیدا لەپراکتیکی ڕۆژانەیا هەمان پراکتیکی ئەو دەکات و ئەم لایەنی خراپەکەی هەیە، ڕەنگە ئەو وەك حزبەئیسلامییەکە ئەگەر بەڕاست بڕوای بەخوا و ئاینەکەی هەبێ، ڕەنگە ئاینەکە ببێت بەبەربەستێك، هەندێ تەجاوز نەکات، ڕەنگە لەحەدێکدا بەڕاستی ئیسلام بێت، تەجاوزی ئەوە نەکات بەپێی دین مافی من بخوات، بەڵام ئەوە حزبەعلمانییەکەیە ئەو سنورەشی نییە خۆی کارەسات لێرەدایە، هەندێ جار ئەو سنورەش نییە ئەو ڕەنگە لەسەر بنەماکانی ئیسلام، لەسەر بنەماکانی دین، ڕەنگە هەندێ مەسئەلەی ئەخلاقی ئەو شتانە نەکات، لەترسی ئەوەی نەچێتە جەهنەمەوە زینا نەکات و شتی تر نەکات، بەڵام ئەوەی حزبەعلمانییەکە ئەو سنورانەشی نییە، لەبەرئەوە بەداخەوە حزبەعلمانییەکان لەکوردستان دەتوانم بڵێم بەجۆرێك لەجۆرەکان لەونبووندا دەژین، نەیتوانیوە وەك حزبەعلمانییەکە پارێزگاری لەهەندێ بنەما و سنوری کۆمەڵایەتی بکات و نەیتوانیوە ببێ بەحزبێکی علمانی



لەکۆمەڵگایەکی هاوچەرخ و بڕوای بەدیموکراسی بێ، بڕوای بەئازادی بێ، بڕوای بەماف بێ، بڕوای بەچەمکی هاوڵاتی بوون بێ، هیچ کام لەمانە جێبەجێ ناکات، لەبەرئەوە دەبینین حزبی علمانیی کوردستان لەقەیرانێکی زۆر زۆر سەختدا دەژی، لەقەیرانێك تا سەر ئێسقان لەبەردەمی مەترسیدایە، مەترسییەك کە خۆشی نازانێ ئایندەی بۆ کوێ دەڕوات و چی دەکات و پرۆژەی ئیشکردنی چییە، علمانیەت بەچی جیادەکرێتەوە، حزبی علمانیەت لەکوردستاندا ئەوەی ناوی ناوە علمانی، بەجۆرێك لەقەیرندا دەژی، دەیەوێ ئەڵتەرناتیڤی یان بەدیلی هەموو ئەوانەی دی بێ.

نموونەیەکی ئاشکراتری ئەو واقیعە لێرەدا یەکێتی و پارتی لێرە دوو حزبی گەورەن لەکوردستاندا و خاوەنی نموزەجێکی زۆرن و داهاتێکی زۆریان لەبەردەستایە و کوردستان لەبەر دەستی ئەوانن، یەکێتی و پارتی دەیانەوێ نەتەوەیی بن، دەیانەوێ هەموو بنەماکانی حزبی نەتەوەیی کە نوێنەرایەتی ناسیۆنالیزمی کوردی بکات، کە هەردووکیان دەیانەوێ، هەریەکەیان لەخۆیان کۆبکاتەوە، دەیانەوێ لەئیسلامییەکان بچن، دەیانەوێ ببن بەدەلیلی ئیسلامییەکان، مزگەوت دروست بکەن، سەیری ئەوە بکەن ئەوقاف دروست بکەن، قورئان چاپ بکەن و کتێبەئاینییەکان چاپ بکەنەوە، یەکێتی زانایان دروست بکەن، مەجلیسی بەربانگ کردنەوە دروست بکەن و بەدەیان پیاوی ئاینی و سەدان پیاوی ئاینی لەڕەمەزان بانگ



بکەن و بانگهێشتی بکەن، بۆئەوەی کە بەربانگیان بۆ بکەنەوە، باشە بەرۆژون، باشە ئەمە ئیشی حزبی ئیسلامییە یان حزبی علمانییە.

دەیەوێ سەرۆکی حزبی علمانی لەکوردستان، دەیەوێ مستەشار، ڕاوێژکاری ئاینی هەبێت، دەیەوێ چەند پیاوێکی ئاینی لەلای سەریەوە دابنشین، بۆئەوەی بەپێی ئەو ئیش بکەن، باشە ئەگەر تۆ حزبی علمانیت لەپلەی یەکەمدا، ناڵێم تۆ، تۆ پێ لەهەموو شتێکی کۆمەڵگا بگری، دین مەسائیلێکە دەبێت ڕێزی لێ بگیرێ، چونکە دین بەکۆ دەسەڵاتێکی کۆمەڵگای کوردی، تۆ ناتوانی تەجاوزی لێ بکەی، باوك و باپیری هەموو و من و تۆ ئیسلام بووە و بۆ خۆی ممارەسەی بنەماکانی ئیسلام و (تحصیص) ئیسلامی خۆی ئەکات، هیچ مشکیلەیەك دروست ناکات، بەڵام حزبی علمانی لێرە دەیەوێ تەجاوزی ئەویش بکات وانیشان دەکا لەویشی بەئیسلام تر بزانێ. من نوکتەی خۆشم هەیە لەوە (جارێ ئێمە لای جەنابی مام جەلال بووین لەساڵی ٢٠٠١ بوو و لەسەر مەسایلی یەکگرتوو و دین و ئەوانە قسەدەکرا، من هەندێ بەم شێوەیە قسەم دەکرد، مام جەلال کۆمەڵێ ئایەتی چاپکراوی گەورەی دایە من و وتی ئەمە ئایەتەکانی ( مام جەلالە)، داویەتی بەمن تا ئێستا هەڵم گرتووە، تۆ سەیری ئەم حاڵەتە بکە، ئەیەوێ ئەم بەدیلی (م. عەلی باپیر، م. بکر عوسمان، م. علی و هەروەها م. صەلاح الدین بهادین بێ)، بۆئەوە هەندێ ئایەتی داناوە، بەمانە ئیش دەکات.



کاك مسعود لەسەر مەسەلەی یەکگرتوو ئەوانە بوو، جارێك کە قسەی کرد ئێمە کەس لەخۆمان بەئیسلام تر نازانین، ئێمە لەهەموو ئیسلامییەکان ئیسلام ترین.

باشە ئەمە دوو حزبەدیارەکەن لەکوردستان، ئەمە ڕوویەکی لەهەمان کاتدا ئەم دوو حزبەی کە دەیانەوێ نوێنەری ناسیۆنالیزمی کوردی بن و بەدیلی هەموو ئیسلامی بن لەکوردستاندا، دەیانەوێ نوێنەری هەموو چینێ بن لەکوردستاندا، تۆ سەیری ئەمە بکە، دەیەوێ نوێنەری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بێ، نوێنەری ڕەوتی کۆمۆنیستی بێ، دەیەوێ لەویش تەجاوز بکات، لەوێش خۆی بەلیبڕاڵی تر بزانێ، یەکێتی دەیەوێ وا بکات و پارتیش دەیەوێ وا بکات، مەعنای وایە ئەم حزبانەی لەکوردستاندا خۆیان بەعلمانی دەزانن، جا من دوو حزبەگەورەکەم هێنایەوە، دەتوانم بڵێم حزبی شوعی قەیرانەکەی ئەو سەختە، زەحمەتکێشان و سۆسیالیست قەیرانەکەیان لەیەکێتی و پارتی سەختە.

لەو بوارەدا ئەم دوو حزبەن کە نفوسیان هەیە، بەحساب علمانین، وەها کاردەکەن باشە تۆ چاوەڕوانی چی دەکەی، کە ئەمە لەکۆمەڵگادا چۆن ممارەسە بکات، ئینجا دەگەڕێمەوە بۆ ئەو بەشەی پرسیارەکە ئەم حزبانە لەکوردستاندا کە دەیەوێ بەدیلی چەپ بێ لەکوردستان، دەیەوێ نوێنەری ڕاستەقینەی ناسیۆنالیستی کوردی بێت، دەیەوێ هەموو ڕووبەری کۆمەڵگا کۆنترۆڵ بکا، بۆ ئەو

مەبەستەش دەیەوێ چی بکات، بەپلەی یەکەم دەیەوێ هەوڵ بدات هەموو لاو و گەنجی کوردستان لەخۆی کۆبکاتەوە و لەناو ڕێکخستنەکانی خۆی بیان هێنێتە ناو ئەو ڕێکخراوانەی بەناوی ڕێکخراوی دیموکراسی و ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی دروستی کردوون، بۆئەوەی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی ئەوتۆ بکات بەحزبی، کە نەوەیەك نەهێڵێتەوە ڕای هەبێت، نەوەیەك نەیەڵێتەوە لەدەرەوەی خۆی پرسیاری هەبێ، من ئەو پرسیارە ئەکەم، بەڕاستییەکەی بەڕاستی ئەگەر ئەم حزبانە لەکوردستاندا حزبی علمانین، بڕوایان بەچەمکی هاوڵاتی بوون، بەدیموکراسی و بەکۆمەڵگەی مەدەنی هەیە، نابێ ئەو ڕێکخراوی دیموکراسی دروست بکات، ڕێکخراو بۆ خوێندکاران و قوتابیان و بۆ گەنجان و بۆ لاوان و بۆ ئەندازیاران و بۆ مامۆستایان و بۆ پزیشکان، ئەبێ لێگەڕێی ئەمە ڕووبەرە کراوەکانی کۆمەڵگەن.

ئەبێت تۆی لاو خۆت ڕێکخراوێك بۆ خۆت دروست بکەی و خۆت بەرنامەی بۆ دابنێی و خۆت پرۆژەی بۆ دابنێی، وەکو حکومەت نەك وەکو حزب، حکومەت وەك هەموو بەشەکانی دنیا مولزەمە بەو مۆڵەتەی لەڕووی ماددی ئەبێ پشتگری تۆ بکات، یارمەتی تۆ بدات و پارەت بۆ تەخان بکات، کە ئیشی پێ بکەی، بۆئەوەی پرۆژەکانی خۆت جێبەجێ بکەی، نەك بەپێی داواکاری ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتی یان ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی پارتی، ئەو



لەحزب پارەت بۆ وەردەگرێ، ئەگەر بەو شێوەیە بێ، تۆ ناتوانی پرۆژەکانی خۆت جێبەجێ بکەی، ئەبێ ملکەچی بڕیارەکانی حزبی بی، حزبیش هەر لەخۆ و بێ ئاگایانە ئەمەی نەکردووە، ئەمە پرۆژەیەکە بەشێوەیەکی بەرفراوان ئەوەی ناوی ڕێکخراوی دیموکراسی و ڕێکخراوی جەماوەری لەکوردستاندا بۆ بەحزبی کردنی کۆمەڵگا بەتایبەتی بۆ حزبی کردنی لاوان.

تۆی لاو کە پڕ کێشیت تێدایە، کە سەرکێشیت تێدایە، کە زیندوویت تێدایە، کە دەتوانی بازبدەی لەزۆر شت و گوێ لەزۆر شت نەگری، ئەو دەیەوێ لەڕێگەی ئەو ڕێکخراوە هەندێ بەرژەوەندی ماددی و مەعنەوی بخاتە بەر دەستت، بۆئەوەی ئیجبارت بکات و وردە وردە دەستەمۆت بکات، کە دەستەمۆی کردی، مەعنای ئەوەیە دەیەوێت پرسیار بکوژێت، بۆئەوەی بتکات بەئەوەیەکی بێ پرسیار.

من پێم وایە ئەوەی لەماوەی (١٤) ساڵی ڕابردوودا لەکوردستاندا دەکرێت بەناوی ڕێکخراوی دیموکراتی و کۆمەڵگەی مەدەنی و بەجۆرێك لەجۆرەکان بۆ کوشتنی پرسیارە لەکوردستاندا، تۆی لاو بۆ نموونە من ئەو پرسیارە دەکەم، ئێستا ئەوەی کە ناوی ڕێکخراوی لاوان یان ناوی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانە لای پارتی هەیە، لای یەکێتی هەیە، باشە ئەگەر ئەم دوو حزبەبڕوایان بەئازادی لاوان هەیە، نابێ ئەوان ڕێکخراویان هەبێ، نابێ مەکتەبی سیاسیی یەکێتی و مەکتەبی سیاسیی پارتی تەداخل بکەن، بیانەوێ بزانن



ئەمانە چی دەکەن، چۆن ئەڕۆن و بەرنامەیان چییە، چۆن ئەژین، بەپێچەوانەوە.

تۆی لاوی بەشێکی لەم کۆمەڵگەی ئێمە، تۆ مەترسیت نییە لەسەر ئەم کۆمەڵگەیە، تۆی لاو مەترسیت نییە لەسەر سیاسەتی ئەم کۆمەڵگەیە بۆ ئایندە بەپێچەوانەوە، تۆ ئەگەر تەجاوزیش بکەی، من پێم وایە هەر سوودت هەیە بۆ ئایندەی ئێمە، چونکە پرۆژەی لاو ئەگەر پرۆژەیەکی ناکاملێش بێت، پرۆژەیەکی ناتەواو بێت، من پێم وایە پرۆژەیەکی کۆنەپەرستانە نییە، پرۆژەیەکی نادیموکراتییانە نییە، پرۆژەیەکیش نییە بۆ تێرکردن، پرۆژەیەکیش نییە بۆ ڕووخاندن، مەعنای وایە تۆ لەئێستای خۆتا بەهەر شێوەیەك کار بکەی، ئەگەر کارەکانت زۆر جدیش نەبن، من پێم وایە بۆ ئایندە سوودی هەیە، بەلاّم بەپێچەوانەوە ئەوی حزبی، ئەوی دەسەلاّت دێت، ئەوپەڕی پشتگیری تۆ سەیری ئەمە بکە پشتگیری پیاوێکی پیری ئەقڵ بەستوو دەکات، دەزگای بۆ دەکاتەوە، دامەزراوەی بۆ دەکاتەوە، دامەزراوەی ڕۆشنبیری، دامەزراوە بەناوی ڕێکخراوی دیموکراتی و بەناوی ڕێکخراوی جەماوەرییەوە، پشتگیری ئەو پیرە دەکات، هیچی لەبارا نەماوە، ڕەنگە پرۆژەکەش ئەوە بێت، کوشتنی ڕۆحی گەنجایەتی و ڕۆحی ڕاپەرین و ڕۆحی شۆڕشگێڕانە بێت، هەزارەها و ملیۆنەها دۆلار بۆ ئەو سەرف دەکات، بەشی زۆریش بۆ ڕابواردن و بیناکردن و بەکۆشك دروستکردن سەرفی



دەکات، بەلاّم گەنج تموحی ئەوەی نییە، ئێستا کۆشك دروست بکات، تموحی ئەوەی هەیە ڕووبەری ئازادی فراوان بکات، ڕووبەری خوێندن فراوان بکات، ئازادی لەزانکۆدا هەبێ، کۆمەڵگایەك بنیاد بنێت، کە بەئاسودەیی مرۆڤ تیای بژی.

پرۆژەی گەنج پێم وایە ئەم پرۆژەیە، ئەوی دەسەلاّت، ئەوی حزب، نایەت پشتگیری تۆ بکات، وەلێت نەپرسێتەوە چی دەکەی، بەلاّم دەچێت پشتگیری ئەو پیاوە پیرە بکات و بەملیۆنەها دیناری بۆ سەرف دەکات، ڕەنگە بەوێ پارە بدات بەتۆ، خەریکت بێ، بەلاّم بۆ ئەو مەبەستەی دەستەمۆت بکات و بتخاتە ڕیزی ئەو پیاوە پیرەوە، کە هیچ پرسیارێکی نییە، بەپێچەوانەوە من پێم وایە لێرە ئەوە تاوانی گەنج نییە لەکۆمەڵگای کوردەوەریدا، کە پرسیاری نەبێ، کە خەونی نەبێ.

کلتوری کوردی کلتورێکە کە پرسیاری تێدانییە، قسەی تێدانییە بەحوکمی دەسەلاّتی باوك سالاری، بەحوکمی ئەقڵی خێڵ و ستراتجی خێڵی پێشووتر و ئێستاش حزبی کوردی لەسەر ئەو کلتور و ئەقلەدروستبووە، کە پرسیاری نییە، حزبی کوردیش ڕەنگە بیەوێ پارە بدات بەتۆ، ڕەنگە بیەوێ دەزگایەك بکاتەوە، دامەزراوەیەکت بۆ بکاتەوە، بۆئەوەی پرسیارەکان بکوژێ و تۆ بکاتە پێکهاتەی دەستەمۆبوو، تەسلیم بوو، بۆ ئەوەی پرسیارت نەبێ و مەترسی لەئایندەی ئەودا نەبێ.

من پێم وایە دروستکردنی هەموو ئەو ڕێکخراوانە بەناوی کۆمەڵگەی مەدەنی، بەناوی ڕێکخراوی دیموکراسی و جەماوەری لەکوردستاندا بەتایبەتی کە یەکێتی و پارتی دروستبووە، من پێم وایە بۆ کوشتنی پرسیارە، بۆئەوەی کە هەموو لاوان و گەنجان بکەن بەحزبی، کە تۆ چوویتە ناو ئالیەتی حزب وردە وردە ئەو حوکمی حزب وەهایە، بەتایبەتی لەم کۆمەڵگایانە وردە وردە دەتکاتە کەسێکی تەسلیم بوو، کەسێك کە خاوەنی ڕا نەبێت، کەسێك کە خاوەنی بۆچوون نەبێت، ئەم قسەیەی من ئەوە ناگەیەنێ کە حزبایەتی نەکات، بەڵام لەناو کۆمەڵگای کوردەواریدا بەداخەوە حزبایەتی کردن، بوون بەئەندام لەدەزگای حزبی و دامەزراوەی حزبیدا، بەبۆچوونە من وەهای لێهاتووە، کە ڕاوبۆچوون دەکوژێ، هیچ بوارێك بۆ قسەکردن، تەنانەت بۆ بیرکردنەوە ناهێڵێتەوە، بەڵگەشمان هەیە بەدەیان کوڕی گەنجی وەکو ئێوە و خەڵك تەسلیم نەبوون، خەڵکێك کە خاوەنی ڕایە، خاوەنی بۆچوونە، لەسەر ئەوە ڕای هەبووە، پاش ماوەیەك کە چۆتە ناو دەزگاکانی حزبەوە دەبینی وردە وردە بێدەنگ دەبێ، دەبێتە کەسێکی بێدەنگ بوو و لەئاکامدا دەبێتە کەسێکی مردوو، مردوو بەو مەعنایەی کە هیچ پرسیار نامێنێ، بەڵام بەپێچەوانەوە لەکۆمەڵگای کوردەواریدا ئەگەر حزب و دەسەڵاتی کوردی بیانەوێ گەنج و لاو خاوەنی پرۆژە بێ، خاوەنی مەشروع بێ، خاوەنی ڕوانین بێ، بۆ ئاییندە، دەبێ هەموو پاڵپشتێکی



ماددی و مەعنەوی بکەن، بۆئەوەی کاری خۆی بکات، بەڵام نابێ بەهیچ شێوەیەك دەست بپێچنە کارەکان و ئەمان ببن بەدەم ڕاست و ئەمان پرۆژەی بۆ دابنێن، بەپێچەوانەوە دەبێ ئەم خاوەنی پرۆژەی خۆی بێت و ئەوی دەسەڵات بەحزب بەحوکمەتەوە دەبێ ئیجبار بێت، دەبێ ملزم بێ، بۆئەوەی کە هەموو پاڵپشتێکی ماددی و مەعنەوی بکات.

***پ/ ئایین یەکێکە لەو چەمکانەی کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر سەرجەم مرۆڤەکان و گەنجیش بەدەر نەبووە لەو کاریگەرییانە، زۆرجار ئایین بۆتە هۆی ئەوەی کە گەنجێك سەلەفی و بەهەند وەرگرتن تا ئەو نموونانە بێت کە خۆیان تەقاندەوە؟؟***

***پ/ تۆ پێت وایە ئایین لەکۆمەڵگەی ئێمەدا چ ڕۆڵێکی نێگەتیڤی هەبوو لەسەر گەنج، لەسەر بیرکردنەوەی گەنج و گەنجی بەچ ئاراستەیەکدا ئاراستەکردووە؟؟***

وەڵام/ بێگومان هەموومان دەزانین ئاین لەهەموو کۆمەڵگایەکدا بەکۆمەڵگەی ئێمەش کە بووە بەکۆنەستی کۆمەڵایەتی، واتە (کۆی نەست) هەموومانی داگیرکردووە، تۆ ئەگەر بۆ خۆت کەسێکی (موئمیلیش) نەبی، کەسێك نەبی تەرەفە ئاینەکان جێبەجێ نەکەی، جاری وا هەیە وەك دابونەریتی کۆمەڵایەتی لێهاتووە، بەناچاری دەبێ هەندێ شت جێبەجێ بکەی، بۆ نموونە لەکاتێکدا کە ڕەمەزانە تۆ بەرۆژوو نیت، ڕەنگە زۆر ئیماندار نەبێت، بەڵام ناچێ لەبازاڕ



جگەرەیەك بگری بەدەستەوە، لەبەرچاوی خەڵك جگەرە بکێشی یان نان بخۆی. ئەبێ ئاین لەم حدودە دابنرێت و ئاین بۆ خۆی بەو شێوە لەکۆمەڵگای کوردی لەکۆنەوە هاتووە و لەکۆن باوباپیری ئێمە پەیرەوی ئاینییان کردووە.

من پێم وایە ڕاستە کلتوری ئاینی ئێمە کلتورێکی داخراوە، کلتورێکە فەرمان لەسەرەوە دێت بۆ خوارەوە، بەڵام بەو شێوە هێمنەی کە لەکۆمەڵگای کوردەواری پێشووتردا هاتووە و هەبووە، پێم وایە نالێم دەوری نەبووە، بەڵام دەورێکی ئێجگار نێگەتیڤی نەبووە بۆ بەرهەمهێنانی توندوتیژی، بۆ بەرهەمهێنانی کەسێکی شەڕنگێزی ئەوتۆ، کە خۆی بتەقێنێتەوە یان خەڵك بکوژێ، بەپێچەوانەوە هەندێ جار ئەو باسکردنانەی لەعەدالەتی کۆمەڵایەتی و بەزەیی لەسۆز و ئەوانەی کە لەئاین هەبووە، زۆرجار وای کردووە جۆرێك لەتەسامحی ئاینی لەناو کۆمەڵ دروست بکات و پێکەوەژیان و هێمنییەك لەناو کۆمەڵگادا بەرهەم بهێنێ، بەڵام لەدوای دروستبوونی حزبەئیسلامییەکان لەو دوو سێ دەیەی پێشوودا، کە ئاین بەتایبەتی لەکۆمەڵگای کوردیشدا لەشێوەی دینەوە گۆڕاوە بۆ (متەدەئین)، واتە لەپەیامی ئاینی گۆڕاوە بۆ ئایدۆلۆژیای سیاسی، هەر پەیڕەوێکی فکری هەر فەلسەفەیەك کە گۆڕا بۆ ئایدۆلۆژیا لەگەڵ خۆیدا تموحی دەسەڵاتی لەگەڵ ئەبێ کە تموحی دەسەڵات و ویستی دەسەڵاتی لەگەڵ بوو، بێگومان بۆ پاراستنی



دەسەڵات بوو یان بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات پێویستی بەوە هەیە، کە توندوتیژیش بەکاربهێنێ لەکوردستان، نەك هەر ئاین مارکسیەتیش بۆ خۆی بووە بەهۆی بەرهەمهێنانی جۆرێك لەتوندوتیژی و مەسەلەی نەتەوایەتی، بۆ خۆی جۆرێك لەتوندوتیژی و کوشتن بەرهەمهێناوە، بەڵام لەم قۆناغانەی دوایدا دەتوانم بڵێم لەڕێگەی حزبەئیسلامییەکان و مەسەلەی توندوتیژی و تیرۆر و تەقینەوە زیاتر ئتهامەکە یان تاوانەکە دەخرێتە ملی ئاین و ملی حزبەئیسلامییەکان، ئەمەش دیارە پێویستی بەلێکۆڵینەوە هەیە، بەڵام بێگومان ئەوانەشی پاڵپشتیان کردووە، لەوەدا نالێم هەموویان ڕەنگە حزبێکی مێژوویی یان یەکگرتووی ئیسلامی پێم وانییە هیچ دەورێکی سلبی هەبێ لەوانە، چونکە تا ئێستا چەکی بەدەستەوە نییە، پێم وانییە کە خەڵکی پەروەردە کردبێ، بۆئەوەی خۆی بتەقێنێتەوە یان خۆی خەڵك بکوژێ، بەپێچەوانەوە ڕەنگە هەندێ لەحزبەمیانڕەوە ئیسلامێکان تموحی ئەوەیان هەیە لەڕێگەی سنوقەکانی دەنگدانەوە کورسی پەرلەمان بێنە سەر دەسەڵات، بەڵگەشمان ئەوەیە یەکگرتووی ئیسلامی ئەوەتا ململانێ دەکات، ئاخر وای لێهاتووە نەك هەر لەکوردستان کورسی بەدەست بێنێ، بەڵکو لەعێراقیشدا کورسی بەدەست بێنێ.

***پرسیار. مداخەلە/ بەڵام حزبی زۆر توندڕەو نییە بەکۆمەڵەو بزوتنەوەشەوە؟***

وەڵام/ هەندێ ڕەنگە ئەوانەش کە بەشدارییان کردووە لەبەرهەمهێنانی توندڕەوی ئەوانە ئینکار ناکرێ، بەڵام ئەمەش هەم پێویست بەهەندێ بنەمای بابڵێین لێکۆڵینەوە هەیە کە چییان کردووە، بەڵام لەکوردستاندا من پێم وایە هەر ئیسلامییەکان نین، کە بەرهەمهێنی توندڕەویی و توندوتیژین، بەڵام بەپێچەوانەوە حزبەعلمانییەکانیش لەگەڵ ئەوان بەشدارن، تەنانەت حزبەمارکسییەکانیش بەشدارن لەگەڵ ئەوانەدا، لەوپەڕی چەپیانەوە بۆ ئەو پەڕی ڕاست لەکوردستاندا، لەبەرئەوەی حزبەکان بەهەر شێوەیەك دروستبوون کوڕی ئەم کلتورەی ئێمەن، ئەوەی کە خۆی ناوناوە حزبی شیوعی یان ڕشوتی کۆمۆنیستی یان حزبی کرێکاری کۆمۆنیستی ئەوە هەڵگری کلتورە توندوتیژەکەی کۆمەڵگەی کوردەوارییە، ئەو کلتورەی کە کلتوری خێڵەو پڕیەتی لەتوندوتیژی.

***پ/ ڕەئێك هەیە کە ئەڵێ لەکوردستاندا سەرەتایی تیرۆر و توندوتیژی لەحزبەعلمانییەکانەوە دەستی پێکردووە، تۆتا چەند لەگەڵ ئەمەی؟؟***

وەڵام/ جا ئەگەر من ئەوەی خۆم تەواوبکەم بەجملەیەکی کە جوابی ئەوە ئەدەمەوە، وتم حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کلتوری داخراوی کۆمەڵگەی کوردیی وەرگرتووە، بەهەموو توندوتیژییەکانی لەگەڵ بەشێك لەکلتوری مارکس کە بەشە داخراوەکەیەتی فکری



مارکسی وەرنەگرتووە یان فەلسەفەی مارکسی وەرنەگرتووە، حزبەئیسلامییەکانی ئێمە هەڵگری کلتوری داخراوی خێڵایەتی و باوك سالاری و توندوتیژی کۆمەڵگای کوردەوارین لەگەڵ ئەو توندوتیژیەی کە لەکلتوری ئیسلامی یان لەئیسلامی سیاسی هەیە، تۆ سەیری ئەوە بکە، حزبەنەتەوەیەکانی ئێمەش کە حزبەعلمانییەکان دەگرێتەوە، هەڵگری هەموو توندوتیژی ناو کۆمەڵگەی کوردەوارین، حزبەعلمانییەکان ئەوانیش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەموویان لەسەر ئەساسی مارکسیەت بنیادنراون، من پێموایە لەپلەی یەکەمدا توندوتیژی لەکۆمەڵگای کوردەواریدا توندوتیژی کلتوری کوردەوارییە.

کلتوری کوردەواری کلتورێکی داخراوە، کلتورێکە کەس قبوڵ ناکا، ڕای ئەوی دی ناخوێنێتەوە، بڕوای بەئەوی دی نییە، بڕوای بەڕای دژ نییە، ئەمەش شتێکی سادە نییە لەپەیوەندی خێڵایەتی کوردیدا، هەر سەرۆك خێڵێك ئەگەر ئەندامێك لەناو خێڵەکەیدا بەدڵی ئەو نەجوڵێتەوە ئەو بەلادەری زانیوە لەپشتەوە، خەڵکی ناردووە کوشتویێتی، تۆ سەیری هەموو ئەو شانۆگەری و تەمسیلانە بکەن، هەتا ئێستاش لەکوردستاندا ئەکرێ هەر لەوێ بۆمان دەرئەکەوێ، کە ئێمە کۆمەڵگایەکین هەتاوەکو ئێستا پێشکەوتنمان پێوە دیارنییە، هەتاکو ئێستاش لەو قۆناغەی جەنابت باسی (جیهانگیریت) کرد، تەمسیل و شانۆگەرییەکانی کورد هەموو باسی قۆناغی خێڵایەتی



دەکات ئاغاشە و لەپشتەوە دەنێرێ (ڕەنج بەرێك) (وەزیرێك) پیاوی خۆی بکوژێ، ئایا ئەمە بەشێك نییە لەتیرۆر، ئەمە بەرهەمی کلتوری کوردییە (سەیری ئەو بکە)، بەدوای ئەوەدا من نموونەیەکی سادەت بۆ دێنمەوە، لەسەردەمی میرنیشینەکان بەشی زۆری لەپشتەوە ئەم میرنیشینە خەریکی کوشتنی پیاوی ئەو میرنیشینە بوو، ئەویان خەریکی کوشتنی پیاوی ئەوی کەیان بوو، کە ئەمە جۆرێکە لەتیرۆر.

دیاردەیەکی سەیر هەیە، حەز ئەکەم ئاماژەی پێبکەم، یەکێك لەو کتێبانەش باسی ئەوەم لەسەردەمی میرنشینی بابانـدا (شێخ مارف نوێدێ) لەقەڵاچوالان لەم دوایدا لەم شارەی ئێمەدا بووە لەسەر وەختی ئەویش (مەولانا خالید نەقشبەندی) هاتووە، زۆر دیار بووە لەکاتێکدا کە مەولانە خالید نفوسی بەرفراوان و بڵاو دەبێت، شێخ مارف نوێدێ پرۆژەی کوشتنی دادەنێ. مەعنای ئەوەیە کوشتن شتێکە یان بڵێین کلتور توندوتیژی یان پرۆژەی کوشتن شتێك نییە لەدەرەوە هاتبێت بۆ ناو کۆمەڵگای کوردەواری.

پێموایە ڕەگ و ڕیشەکەی لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا بوونی هەیە، لەقۆناغەکانی دواتردا حەز ئەکەم ئاماژە بۆ ئەوە بکەم لەسەردەمی دەسەڵاتی (شێخ محمود)دا پێمان خۆش بێ یان نا ئەوە دەسەڵاتێکە ڕێزی دەگرین، شانازی پێوەدەکەین، بەڵام دووان لەنەوەرەکانی سەردەمی شێخ مەحمود، هەندێکیان تیرۆرکراون،



یەکێکیان (جەمال عیرفان)ە، ئەوی تریان (عارف سعید)ە.

ئەمە خەڵك لەئەفغانستان و پاکستان و لەجزیرەی عەرەبی و ئخوان موسلمین نەهاتوون تیرۆریان بکەن، ئەقڵی ناو کۆمەڵگەی کوردەوارییە، ئەو ئەقڵەی کە توندوتیژی بەرهەم دێنێ تیرۆری کردوون، لەسەردەمی (سمکۆی شکاکا)دا (مارشەم عونی) ڕابەری مەسیحییەکان تیرۆر دەکرێت، ڕابەری ئەوێ تیرۆر دەکرێ، لەبەرئەوەی کە ڕای پێچەوانەی هەیە، تۆ سەیری ئەم حاڵەتانە بکەن، لەقۆناغی دواتریشدا بۆئەوەی جەنابت وتت ئایا هەندێ ئەڵێن حزبەعلمانییەکان دەوریان هەیە لەتوندوتیژی و لەتیرۆر، ئەمە بۆ قۆناغەکانی پێشوو کە حزب دروست نەبووە، لەساڵی ١٩٦١ بزوتنەوەی کوردستانی دەستی پێکرد، کە شۆڕشی ئەیلول دەستی پێکرد، هەر لەسەرەتاوە دەبینین کە بزوتنەوەی چەکداری دەستی پێکردووە لەگەڵیدا جۆرێك لەتوندوتیژی لەناو کۆمەڵگای کوردەواریدا، بەتایبەتی هەر لەسەرەتای دەست پێکردنی شۆڕشدا هەموو ئەوە دەزانین، کە ژمارەیەکی زۆر لەکادرانی حزبی شیوعی لەلایەن کادرانی ئەو کاتەی پارتییەوە لەکانی ماسی و لەزۆر شوێنی تری کوردستان تیرۆرکراون و لەپشتەوە کوژراون، لەدرز بردنی مەکتەبی سیاسیی پارتی لەگەڵ سەرکردایەتی بارزانیا دەبینین بەردەوام توندوتیژی هەبوو لەشەڕی ڕووبەڕوودا خەڵکیان کوشتووە، بەڵام بەدەیان کەس لەپشتەوە مەکتەبی سیاسی لەوانی تیرۆر

کردووە، ئەوان لەمەکتەبی سیاسییان تیرۆرکردووە، باشە ئەم کلتورە کلتوری حیزبەعلمانییەکانی کوردە، لەدوای ساڵی ١٩٧٥ و لەشکستی شۆڕشەوە و لەو قۆناغەی کە شۆڕشی نوێ دەستی پێدەکات بەدەیان کەس لەشارەکانی کوردستان و لەناوەوە لەکادرانی پێشەوەی پارتی کوژراون، کە ئەوانەی شۆڕشی نوێیان هەڵگریساندۆتەوە، بەپێی زۆرێك لەسەرچاوەکان وا پێدەچێ، کە ئەوان ڕەنگە بەعسیش بەشداری کردبێ لەوەدا کوشتوونی، بەهەمان شێوە سەرکردایەتی پارتی ئەوەی کە ناوی (قیادە مۆقەتە) بوو دەستی نەپاراستووە لەوە، هەموومان دەزانین چەند کادری زۆر گرنگی یەکێتی لەپشتەوە تیرۆر کردووە، تۆ سەیری ئەم کلتورە کە هەمووشمان دەیزانین لەشەڕی ناوخۆدا.

لەشاخ خەڵك ڕیزکراوە و لەپشتەوە بزانن گوللەچەند کاری کردووە، باشە تیرۆر لەوە تیرۆرتر و توندوتیژی تر، لەوە توندتر و تیژتر دەبێ، لەقۆناغی دوایی ڕاپەرین بیرتان دێت، کە چەند کەس لەپشتەوە لەکوردستاندا بەژن و پیاو بەم لاو ئەولا بەشێکی زۆر حزبەکانی کوردی دەستیان هەیە لەتیرۆر، مەعنای ئەوە لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا کلتورێك هەیە بۆ توندوتیژیی و لەهەر شوێنێك توندوتیژی هەبێ، مەعنای ئەوە پرۆژەی کوشتنی ئەوی دی هەیە لەهەر شوێنێك ئەقڵیەتی نەخوێندنەوەی ئەوی تر و دانان بەئازادی بیروڕای ئەوی تر هەبێ، ئەگەر من نەتوانم دان بنێم بەبوونی تۆدا،



بەڕای تۆ مەعنای لەئەصڵدا پرۆژەی لەناوبردنی تۆم هەیە، ئیتر ممکینە ئەو پرۆژەیە بگەیەنمە ئاستی جێبەجێکردن یان نەیگەیەنمە ئاستی جێبەجێکردن، هەموومان دەیزانین لەکوردستانا هەموو ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی کە لەکوردستانا دروستبوون بەدینی و غیرە دینییەوە بەعیلمانی و چەپیانەوە بەعلمانی و ڕاستییانەوە، هەریەك بەجۆرێك لەجۆرەکان لەبەرئەوە هەڵگری پرۆژەی توندوتیژییە، هەریەك لەخۆیدا هەڵگری پرۆژەی تیرۆرە و لەو بوارەشدا دەتوانم کاری جێبەجێکردووە، هەریەکەش بەپێی قەواری خۆیان و بەپێی ئامادەبوونی خۆیان دەستیان هەبوو لەکوشتن و بڕین و تیرۆرکردن، چ بەشێوەی پراکتیکی بێت، چ بەشێوەی پرۆژە بۆ دانان بێت، بەڵام ئەوەی گرنگە لەکوردستاندا بەڕاستییەکەی سەرباری کلتوری داخراوی کۆمەڵگای کوردەواری، کە کلتورێکە توندوتیژی لەخۆیدا هەڵگرتووە، کلتورێکی داخراوە، کلتورێکە بەئاسانی ناکرێت بەکلتورێکی دیموکراسی، کلتورێکە بەئاسانی مافی مرۆڤ و مافی هاولاتی بوون تیا جێگەی تیانابێتەوە، بەم ئەقڵیەتەی ئێستاوە دەتوانم بڵێم تیرۆر پرۆژەیەکی ئامادەیە، بەڵام لەگەڵ ئەو حەقیقەتەدا دەتوانم بڵێم کۆمەڵگای کوردەواری بۆ خۆی ئەوەی کە ناوی کۆمەڵگایە، بەدەر لەدەسەلاتی کوردی، بەدەر لەحزبی کوردی کۆمەڵگایە، کە دەتوانم بڵێم تەسامحی زۆری تێدایە، لێبوردنێکی زۆری تێدایە و هەر کۆمەڵگایە وای کردووە، کە حزبی



کوردی بەعلمانی و بەئیسلامیانەوە بەچەپ و ڕاستیانەوە وەکو حزبی تیرۆریست دەرنەکەون.

کۆمەڵگاکە ئەوەی ڕاگرتووە، ئەگەر کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگایەکی ئەوتۆ بوایە تەسامح قبوڵ نەکات، لێبوردەیی قبوڵ نەکا، پێم وابوو هەموو بنەماکانی ئاژاوە و فەوزای کۆمەڵایەتی لێرە ئامادەبوونی هەیە، بەتایبەتی لەسیاسەتی حیزب و دەسەلاتی کوردیدا، بەڵام کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی بێ دەنگە، ئەو تەسامحەش پێم وایە کۆمەڵگەی لەڕووی هوشیاری و لەڕووی کارکردنی ئەقڵەوە بەدەست نەهێناوە، بەڵکو لەو ڕووەوە بەدەستی هێناوە، کە کۆمەڵگایەکە پرسیاری تێدانییە، قسەی تێدا نییە، کۆمەڵگایەکی دەستەمۆکراوە، کۆمەڵگایەکی ڕەنگ کراوە، کۆمەڵگایەك کە ناتوانێ تەنانەت پێ لەسەر داواکانی خۆشی دابگرێ، کۆمەڵگایەکە هەتاوەکو ئێستا نازانێ چەمکی ماف چییە و مافەکانی ئەوە چییە، هەتاوەکو پێ دابگرێ لەدەسەلات، مافەکانی بۆ دابین بکەن، پێم وایە ئەو ( تەسامحە) جۆرێکە لەبێ ئاگای نەك لەهوشیارییەوە هاتبێ.

***پ/ دوا پرسیار ( کتێبی جنسی یەکێکی تر لەو کاریگەرییانەی کە بۆشاییەکی فکری زۆری لای گەنج دروستکردووە، بەڕای تۆ چی بکرێ بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە یان ئایندەی ئەم کتێبەجنسیانە بەکوێ دەگات و ئەم کاریگەرییانە تا کوێ ئەمێنێتەوە )؟***

من بەڕای شەخصی خۆم پێم وایە، کە هەر ئەم کتێبەجنسیانە



وای کردووە لەناو ئێمەیا داهێنان نەبێ یان داهێنان زۆر کەم بێ یان ئێمە هونەرمان نەبێ، ئەمە ڕای شەخصی خۆمە.

بێگومان هەموومان دەزانین لەکۆمەڵگا سترانیشاڵەکانی وەکو کۆمەڵگای ئێمە یان کۆمەڵگا نەریتییەکان هەندێ پێی دەڵێ دابونەریتی کۆمەڵایەتی، کە کلتوری ئاین بەشێوەیەك تا سەر ئێسقان چەقیوە لەناو کۆمەڵگادا، ئەمەش دەبێت پێ لەو ڕاستییە بنێین، کە هەندێ دسپلینی کۆمەڵگای کردووە، ڕەنگە لایەنی پۆزەتیڤی هەبێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەش لایەنی نێگەتیڤی هەیە، لەم کۆمەڵگایانە هەموومان دەزانین تۆ بڕوات هەبێ یان بڕوات نەبێ، لێرە ئازادیی سێکس بوونی نییە، بەتایبەت بۆ نەوەی گەنج، بۆ نەوەی نوێ، ڕەنگە وەکو ئەوروپا نەبێ ئەوە واقیعێکە لەئەوروپا تێدا قۆناغی مێژووی خۆی بڕیوە و مەسەلەی سێکس مەسەلەیەکە ڕەنگە یەکلابووبێتەوە و ئەو گیروگرفتەی نەمابێ، بەڵام لەکۆمەڵگای ئێمەدا دەتوانم بڵێم سێکس لەبەردەمی نەوەی نوێدا بۆتە گرفتێکی هەمیشە ئامادەی شەو و ڕۆژ، کە بەهەردوو ڕەگەزەکە دەتوانم بڵێم پێوەی دەناڵێنن، لەبەرئەوەی دەتوانن بڵێم غەریزەیە، ئەو غەریزە شتێکە نکوڵی لێ ناکرێ، غەریزەیەکی بەهێزە و هەموو غەریزەیەك پێویستی بەپیادەکردن و جێبەجێکردنە، پێویستی بەخاڵی کردنەوەیە، لەکۆمەڵگای ئێمەدا گەنج ناتوانێ ئەو غەریزەیەی خۆی خاڵی بکاتەوە و ناتوانێ تێری بکات، کە نەتوانێ

تێری بکا بەدوو ئاراستە ئەمە دەور دەبینێ، ئاراستەیەکی ممکنە بەرەو (انطلاق) بەرەو لادانی بەئاراستەیەکی کە ڕەنگە بەئاقارێکی کەی ببات، وەکو ئەوەی هەندێ جار دەروونناسەکان باسی لێوە دەکەن، ڕەنگە بەرەو داهێنان و شتی گەورەی ببات.

ئەم دوو لێکدانەوەیە دەکرێت بۆ کەپتی سێکسی بێ، لەکۆمەڵگای ئێمەدا هەتاکو ئێستا دەتوانم بڵێم ڕەنگە چەپاندنی سێکس کەمتر توانیبێتی بەرەو داهێنانمان ببات، لایەنگری بۆ ئەو قسەیەی تۆیە، ڕەنگە لەکۆمەڵگایەکی تر لەسەر یان ڕەنگە لەسەر ئاستی تاکە کەس وای کردبێ، کەسێ بتوانێ داهێنان شەرت نییە، هەر لەبواری ڕۆشنبیری و فکری و ئەوان بێت، ڕەنگە لەبواری کۆمپیوتەردا بتوانێ داهێنان بکات، ڕەنگە لەبواری دارتاشیدا ئەوە بکات، ڕەنگە لەبواری میکانیکیدا کاربکات، گرنگ ئەوەیە داهێنان بێ، ڕەنگە لەبواری مۆسیقا هەموو ئەو توانا کەپتکراوەی خۆی کۆبکاتەوە و ببێ بەهێزێکی زۆر، کە داهێنانێکی گەورەی پێ بکات، بەڵام کەم حاڵەتی وا دەبینی لەکۆمەڵگای کوردەواریدا ڕووەکەی کەی لەڕووی ئەوەی کە لادانی پێ بکات، ئەوەش بەشێوەیەك من دەتوانم، کەپتی سێکسی لێرە زۆرجار وای کردووە، نەوەیەکی تووڕە دروست بکات، نەوەیەکی شەڕنگێز دروست بکات، نەوەیەك دروست بکات، کە هەست بکات هەموو شتێك بڕوخێنێ، هەر ئەوەیە لەکۆمەڵگای کوردەواریماندا یان نەوەك دروستی بکات، نەوەیەکی کەم تەرخەمی بێ مبالات، کە



باکی بەهیچ نەبێ، بەداخەوە دەتوانم بڵێم لەکۆمەڵگای کوردیمانەوە شەڕنگێزەکەش بەشێوەیەکی زۆر ئامادەبوونی نییە و نەوە داهێنەرەکەشی ئامادەبوونی نییە، بەڵکو تاڕادەیەکی زۆر دەتوانم بڵێم نەوەیەکی پشت کردوو لەژیان، پشت کردوو لەزیندەگانی بەرهەمهێناوە، ئەوەش بەڕاستی کارێکی زۆر ناخۆشە و دەتوانم بڵێم مەترسییەکی گەورەیە، هەم بۆ ئایندەی کۆمەڵگا، هەم بۆ لاوان خۆی، بۆ نموونە دەبینی لەو واقعە کۆمەڵایەتییەی ئێمەدا سەرباری هۆکاری تر، وەکو هۆکاری ئەوەی کە دەسەڵات لەبێ ئومێدکردنی گەنجان، دەسەڵات لەبێبەش کردنی تۆ، دەسەڵات لەدابین نەکردنی هەموو پێداویستییەکانی ژیان، (زائیدەن ئەوەش) مەسەلەی کەپتی سێکسی وایکردووە، نەوەیەکی بێ ئومێدبوو لەژیان، بەو واتایەی کە گەنجێك کەپتێکی زۆری سێکسی هەیە و ناتوانێ جێبەجێی بکات و تووشی جۆرێك لەحاڵەتی دەروونی دەبێت کە بگاتە ئەو ئاستەی بڵێ ئیتر من بێ ئومێدم لەژیان و هیچ شتێکم بۆ جێبەجێ ناکرێ، پشت لەژیان بکات و بەشێوەیەکی گۆشەگیرانە یان بەشێوەیەکی کەمتەرخەمانە ڕۆژانە ژیان بەڕێ بکات، هەموو تموحەکانی ئایندەی بکوژێ، هەتا لەبواری خوێندن من وەك مامۆستا تێبینی ئەوەم کردووە، ئەو خاڵەتەواوی کردووە، هەندێ لەگەنجان تەنانەت کە تموحی خوێندنیان نەبێت، ئەمە بەڕاستی گرفتێکی کۆمەڵایەتی زۆر زۆر گەورەیە و چارەسەری دەوێ، چارەسەری لێرە من پێم وایە



لەم کۆمەڵگا داخراوانەی ئێمەدا، لەم کۆمەڵگایەدا کە تۆ ناتوانی هەندێ تەجاوز بکەی، هەندێ سنوور بەزێنی ئازادیی سێکسی هەروا بەئاسانی لێرە جێبەجێ نابێ.

کەواتە لێرە دەبێ بەدوای ئەڵتەرناتیڤدا بگەڕێی، بۆ ئەم حاڵەتەش بەڕاستییەکەی گەنجێك لێرە گەیشتۆتە ٢٠-٢٥ ساڵ یان گەشتۆتە (٣٠) ساڵیش هەتاکو یەك ڕێگای هەیە بۆ تێرکردنی سێکسی خۆی، ئەویش لەڕێگەی دروستکردنی خێزانەوەیە، هەتا ئێستا لەم کۆمەڵگایەدا کە دەسەڵات بەپلەی یەکەم بەرپرسە لەوە هیچ بنەمایەك نییە، بۆئەوەی کە گەنج بتوانێ خێزانێك پێك بهێنێ، گەنجێك تەمەنی گەشتۆتە ٣٠ ساڵ کۆلێژی تەواوکردووە، دوای ئەو کۆلێژەی تەواو کردووە، کە تۆ لەدەزگایەکدا دایدەمەزرێنی، ئەوەندە پارەی نادەیتێ بەتەنها خۆی پێ بژێنێ، خێزانێ پێك بهێنێ . شوێن نییە تێیدا بژێ، ئەوە گەورەترین کارەساتە لەکۆمەڵگای ئێمەدا ژوورێك نییە کە تێیدا بژێ، بۆ نموونە ئەوە ئەرکی حکومەتە کە بەڕاستییەکەی دەبێ هەوڵبدات بینا دروست بکات، شوقە دروست بکات و بەشێوەی پرۆژە، لەو کاتەوە کە ساڵانە چەند گەنج لەم شارەی ئێمەدا، چەند گەنج لەم کۆمەڵگایەکی ئێمەدا لەهەردوو ڕەگەزەکە دەگەنە ئەو قۆناغەی کە ئیتر شایەنی ئەوەن دەبێ هەموو شتێکیان بۆ دابین بکەی و ژیانی خۆیان بۆ دابین ببێ، بۆئەوەی ئەگەر ویستی خێزان پێك بهێنێ،



ئەگەر ئەو هات شوێنی دابینکرد بۆ گەنجەکان لەڕووی داراییەوە، توانی هەموو پێداویستییەکانی گەنج دابین بکات، پێم وایە ئەو کاتە گەنج ڕەنگە گرفتی ئەوەی نەمێنێ، ڕەنگە بتوانی خێزان پێك بهێنێ و تاقە ڕێگایەك لەم کۆمەڵگایەدا ڕەنگە ئەوەبێت، بۆئەوەی بتوانێ کە ئەو کەپتەی کە جەنابت باسی ئەکەی خاڵی بکاتەوە، بەڵام بەداخەوە لێرە هیچ بوارێکی و هیچ پرۆژەیەکی لەو جۆرە نییە، لەوڵاتانی ئەوروپادا ناڵێم ئێمە لەپڕێك دەبین بەکورێك، بەڵام خۆ تۆ ئەگەر بڕوات بەئاینده بێت، لەئێستاوە پرۆژەی لەو جۆرەت هەبێ وردە وردە ئیشی بۆ بکەی، لەوڵاتان حسابی ئەوە دەکرێ ئەمساڵ چەند گەنج لەتەمەنی (١٧) ساڵییەوە پێ دەنێتە تەمەنی ( ١٨) ساڵی، لەوڵات گەنجێك تەمەنی گەشتە تەمەنی ١٨ ساڵی دەبێ کلیلی شوقەکەی پێشکەش بکەی و بڕوا بەکەیفی خۆی تیا بژی ئیتر ناکرێ ئەم گەنجە لەگەڵ دایك و باوکی بژی، تۆ سەیری ئەم خاڵەبکە، تۆ نەك هەر نەتوانیوە ئەمە دابین بکەی، بەڵکو گەنجێك تەمەنی گەشتۆتە (٣٠) ساڵان دەیەوێ خێزان پێکەوە بنێ، ئێستا یاسایەك نییە خانووی بەکرێ دەست بکەوێ، یەعنی ئەوە ئەرکی حکومەتە بەڕاستییەکەی دەبێت کاربکات، بۆئەوە ئەو بەوە ناتوانێ بڵێ هەموو گەنجان لەگەڵ ئێمە بن و ئایندەیان بۆ جێبەجێ دەکەین، بەوەی کە دەبێت ڕێکخراوی مەدەنی بۆ دروست بکات بەناوی ڕێکخراوی گەنجان و ڕێکخراوی ئازادیی لاوان و ڕێکخراوی

لاوان دروست بکات، بتخاتە ناو ئەوەوە و بتکات بەئالەت بەوە دەتوانی ئەو ئایندە مسۆگەر بکەیت، کە هەموو ئەو پێداویستییانەی بۆ گەنجێك پێویستە کە بەئاسودەی سبەینێ بژی کە خێزانی تیا پێك بهێنێ، کە بتوانێ دوور لەکەپتی جنسی، دوور لەحاڵەتی هەست بەکەمی کردنی سایکۆلۆجی بژی، دەبێت ئەو پێداویستییانەت بۆ دابین بکات، کۆمەڵگاکەی دەبێت بەکۆمەڵگایەکی تەندروست، کە نەوەکانی هەست بەنەخۆشی نەفسی نەکەن، کە نەوەکانی هەست بەگرێی کەموکورتی نەکەن، ئەو نایەت، بۆ نموونە شوقەیەك دروست بکات، عەمارەیەکی گەورە دروست بکا، کە بەلایەنی کەمەوە ئەمساڵ کە ساڵی ٢٠٠٦ لەشارێکی وەکو سلێمانیدا، حکومەت ئەبووایە پرۆژەی ئەوەی هەبووایە بەلایەنی کەمەوە لەم ساڵەدا (١٠٠) عەمارە دروست بکات، هەریەکەی ٥٠ خێزانی گەنج لەخۆ بگرێت، کە ئەمە بەشێکی لەو کێشەیە چارەسەرکرد، نایەت ئەمە بۆ گەنج دروست بکات، بەڵام دێت ئەو پیاوە پیرەی کە لەسەرە مەرگدایە دێت، بۆ ئەو پارەی دەداتێ بینای چوارقات پێنج قات شەش قات دروست دەکات، کە تجارەت و بازرگانی تێدا دەکات، تۆ سەیری ئەم حاڵەتە کە ئا لێرەوە ئیشی گەنج ئەوەیە، کە خۆی چۆن کۆبکاتەوە و پرۆژەکانی خۆی چۆن دابڕێژێ، هەم بۆ ئایندەی خۆی هەم بۆ ئیجباری کردنی حکومەت هەم بۆ ئیجباری کردنی دەسەڵات، بۆئەوەی پێداویستییەکانی ئەو بۆ ئایندە جێبەجێ بکات.



گەنجێك تەمەنی گەشتۆتە (٣٠) ساڵان هەتاکو ئێستە هیچ شتێکی نییە لەکۆمەڵگادا، باشە کەی خێزان پێك بێنێ؟ کەی خۆی بینا بکات؟ کەی بەشداری بکات لەبیناکردنی کۆمەڵگادا و لەئاوەدانکردنەوە و لەهەموو بوارەکانی کەدا ؟ ڕاستە ئێمە گلەیی لەگەنج دەکەین، بەڵام با ئەو پرسیارەش بکەین، تۆ چیت کردووە بۆ گەنج، هەتا گلەیی لێ بکەی، چ مافێکت داوە پێی، هەتاوەکو داوای ئەرکی لێ بکەی؟

بەڕاستی ئەوە ئەرکی حکومەتە، ئەرکی گەنجان خۆشیانە کە فشار بخەنە سەر دەسەڵات، کە بەشداری بکەن لەدەسەڵاتدا، کە حکومەت پرۆژەی هەبێت بۆ ئایندەی ئەوان، کە حکومەت پرۆژەی هەبێ، بۆ ئەوەی کە هەم لەبڕیاری سیاسی بەشداربن، لەبڕیاری ئیداری بەشداربن، بۆ ئەوەی کە ئەوەی پێداویستە و ئەوەی پێویستە بۆ گەنج جێبەجێ بکەن، ئەمە ئەرکی گەنج و داواکانی گەنج جێبەجێ ناکات، بلێی وەڵا من ئەوەم کردووە، کە سبەینێ خێزانی پێکەوەنا دوو هەزار دینار یان سێ هەزار دیناری ئەدەمێ، ئەوە هیچ بەوە ناکات (٣-٤) وەرەقەی بدەیتێ، گەنجەکە هیچی لەتۆ ناوێ، بەڵام شوقەیەکی بۆ ئامادەبکە، کە سبەینێ خێزانی پێکەوەنا و کلیلەکەی بدەرێ بچێتە ناوییەوە، بێگومان لێرە وتم ئازادیی سێکس بوونی نییە، بەئاسانی لەم کۆمەڵگایەدا ئەوە جێبەجێ نابێ، کەپتی سێکس لەکۆمەڵگای ئێمەدا بەهیچ شتێك خاڵی ناکرێتەوە،



تەنها لەڕێگەی پێکهێنانی خێزانەوە نەبێ.

ئەرکی حکومەتە کە هەموو ئەو بنەمایانەی پێویستن بۆ دروستکردنی خێزان و بۆ گەنجی دابین بکات، بۆئەوەی بەلایەنی کەمەوە لەقۆناغێکی سافەوە بتوانێ خێزان پێك بهێنێ، ئیتر هەموو توانا و تاقەت و بیرکردنەوەی خۆی لەخەمی سێکسی لەبیرکردنەوە لەسێکس بەفیڕۆ نەدات، بەڵکو ئەوە ببێت بەشتێکی ئاسایی لەژیانی و هەموو توانا و تاقەت و بیرکردنەوە و خەونەکانی خۆی لەپێناوی داهێنان و بیناکردنی کۆمەڵگا لەهەر بوارێکدا بێت، لەپێناوی ئەوەدا بخاتە کارەوە و هەوڵ بدات کۆمەڵگا بەرەو گۆڕانکاری گەورەتر و بەرەو بنیاتنانی نوێ و داهێنانی گەورەتر ئاڕاستە بکات، نەك ئەوەی ئەو و ڕۆژ تووشی نەخۆشی خەمۆکی بکەی و لەخەمی ئەوەدا بێت، کە ئایا ئەتوانێ سێکسی خۆی خاڵی بکاتەوە یان نا، ئەمە نەخۆشییەکی گەورەی کۆمەڵایەتییە و قەیرانێکی زۆر گەورەی دروستکردووە لەکۆمەڵگای ئێمەدا، بەتایبەتی لەلای گەنجان پێویست بەبەرنامە بۆ دانانەوەی نەخشەسازی ئەوتۆ هەیە، کە ئەبێ هەموو بارودۆخ زەمینەیەکی بۆ بڕەخسێنی، کە گەنج بتوانێ خێزان پێك بێنێ، بەئومێدی ئەوەی کە لەو کێشەیە ڕزگاری بێ و توانا و ئیمکانیەتی خۆی لەپێناوی بنیاتنان و شتی نوێدا بخاتە کارەوە.

**ئیتر سوپاس..**



**پزیشکێکی پسپۆڕی بواری نەخۆشییە میکرۆبییەکان:**

# زانیاریی زۆرێك لەلاوان سەبارەت بەئایدز هەڵەیە

**وەرگێڕانی:**
**عومەر عبدولکەریم قادر**

**لەسایتی www.health.com وەرگیراوە**

پزیشکێکی نەخۆشییە میکرۆبییەکان لەگفتوگۆیەکی درێژدا لەگەڵ ماڵپەڕی تەندروستی و دەرماندا، سەبارەت بەنەخۆشی ئایدز و ڕێگاکانی گواستنەوە و بەرگری و چارەسەرکردنی، دوکتۆر (حەمید عیمادی): لەگەڵ ئەوەی کە لەدونیادا بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ( h I V)دا گەلێکی جۆراوجۆر هەیە و ئەوەی دەربڕی، بۆ نموونە لەئەمریکادا بۆ دروستکردنی ستراتیژییەکی تاك کە هەموو شوێنەکانی دونیا ئەوەیان گرتۆتە بەر، ستراتیژی (A,B,C)یان داهێناوە، کە (A) کورتکراوەی (Abstinence)ە بەواتای خۆگرتن، خۆپاراستن و هەندێ جار پارێزگاری کردن و (B) کورتکراوەی ( Be faithful) بەواتای وەفاداری و (C) کورتکراوەی (Condom) کە بەواتای ئامرازەکانی بەرگری دێت، ناوبراو ئەوەشی دەربڕی کە لەئێراندا کۆمیتەی کیشوەری بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئایدز بەرنامەڕێژی کراوە و دانراوە بەبنەمای

ڕووبەڕووبوونەوە و بەرگیری لەم نەخۆشییە لەسەر پەروەردە و زانیاری گەیاندن ڕاوەستاوە، ناوبراو بەئاماژەپێدان بەبوونی سنووردارییەتی سەبارەت بەخستنەڕووی (نەخۆشێکانی جووتبوون) لەڕاگەیاندنە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکاندا وتی: تا دوو سێ ساڵ لەمەو پێش نزیکەی زۆرینەی خەڵکی سەبارەت بەئایدز زانیارییەکی ئەوتۆیان نەبوو، بەڵام خۆشبەختانە ڕاگەیاندنەکان (دەنگ و ڕەنگ) لەو کۆمەڵەیە بوون لەهەمووان ئەم مەسەلەیە قبوڵ بکەن، بەڵام دیسانەوە لەسەرەتاوە بۆ ڕوونکردنەوەی زۆرێك لەبابەتەکان سنووڕێکیان دائەنا، کە بەتێپەرینی زەمان ئەم مەسەلەیە کەم کەم قبوڵ ئەکرا، کە سەبارەت بەم نەخۆشییە بەبێ هیچ سانسۆرێك قسە بکەن.

عیمادی وتی: خۆشبەختانە لەئێستادا نزیکەی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا ناوی ئەم نەخۆشییەیان بیستووە و ئەزانن کە نەخۆشییەکە لەڕێگەی خوێنەوە ئەگوازرێتەوە، ئەم پزیشکە ڕوونی کردەوە، کە زانیاری گەیاندن سەبارەت بەنەخۆشی ئایدز لەئاستە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا تاڕادەیەکی پەسەند ئەنجامدراوە و ئەوەشی دەربڕی هەرگیز ئەم ڕێژە زانیارییانە بەس نییە، چونکە هێشتا زانیاری زۆریەك لەلاوان و گەنجان سەبارەت بەم نەخۆشییە هەڵەیە، ناوبراو بەئاماژەدان بەشێوازەکانی تر بەئایدز، باسی لەپەیوەندی شوێنی کرد و بەیەکێکی لەشێوازەکانی گواستنەوەی زانی و وتی: ئەم جۆرە پەیوەندییە ڕەگەزییە (جنسی) لەڕێگاکانی تری گواستنەوە کاریگەرترە، ئەمە لەکاتێکدایە کە هەندێك لەکچان گومان دەکەن،



کە پەیوەندییەکی وەها نابێتە هۆی گواستنەوەی ئایدز.

عیمادی دووپاتی کردەوە: ئەم بیروبۆچوونە هەڵەیەی کە ڕەگ و ڕیشەی لەنائاگایی تاکە کەسەکاندایە، ئەبێت لەکۆمەڵگادا بناسرێت، بەڵام بەداخەوە هێشتا نەمانتوانیوە لەم زەمینەی ئاگایی تاکە کەسەکاندا کار بکەین، ئەم پزیشکە جەخی لەسەر ئەوە کردەوە، کە دەبێت تێڕامانی خەڵکی سەبارەت بەم نەخۆشییە بگۆڕین، وتی: تەنها ئاگایی و وریایی خەڵکی ناتوانێت ئامانجدار بێت، چونکە تێڕامانی تاکە کەسەکان سەبارەت بەنەخۆشییەکە زۆر گرنگە، عیمادی لەگەڵ ڕوونکردنەوەی لەناوبردنی ئەم نەخۆشییە، کە دەبێت لەسێ زەمینەدا کار بکرێت و وتی: لەپلەی یەکەمدا بەشێوەیەکی ڕاست و دروست زانیاریی تەواو بگەیەنرێت و ئاگایی خەڵکی لەم زەمینەیەدا پەرەی پێ بدرێ، لەپلەی دووەمدا تێڕامانی تاکەکەسەکان، لەپلەی سێیەمدا کارکردن و کاردانەوەی خەڵکییە.

وڵاتی ئێمە لەقۆناغی یەکەمدایە، واتە ئاگایی و هەنگاوی دووەمی ئێمە ئەوەیە کە تێڕامانی خەڵکی بەرنامەی بۆ دابڕێژین و بیگۆڕین، کە پلەبەپلەلەقۆناغی ئاگایی سەختتر و گرنگتر دەبێت .

حمید عیمادی ئەوەی ئاشکرا کرد: هۆشیارکردنەوە و ئاگاگەیاندن بەگەنجان سەبارەت بەم نەخۆشییە، تەنها لێکۆڵینەوەی پزیشکی نییە، بەڵکو لەلێکۆڵینەوە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و باوەڕییەکاندایە و هەندێ جاریش لەلێکۆڵینەوەی ئابووریشدا هەیە، هەروەها لەدرێژەی قسەکانیدا ئەوەی زیاد کرد: ئەم کارە زۆر ئاڵۆز و دژوارە و هەر لەبەر ئەم دژوارییانەیە، کە زۆرێك لەکۆمەڵگەکان



نەیانتوانیوە کاریگەرییەکی پۆزەتیف لەزەمینەی نەهێشتنی ئایدزدا بکەن، بۆیە دکتۆر عیمادی هیوای خواست، کە بەرنامە ڕێژیەکی دروست لەزەمینەی گۆڕانی تێڕامان و کارکردنی خەڵکیدا لەئایندەیەکی نزیکدا، بتوانین ئەم نەخۆشییە ڕیشەکێش و بنەبڕ بکەین لەوڵاتەکەماندا، وەکو پێشەنگێکی گونجاو بۆ وڵاتانی تر دەرکەوین، عیمادی لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا کەچی هەنگاوێك بۆ نەهێشتنی شەرمکردنی ڕاگەیاندنەکان لەزانیاری گەیاندن بەخەڵکی پێویستە؟ وتی: شەرم و حەیا لەشوێنی خۆیدا کارێکی شایستەیە، بەڵام لەکاری فێرکردن و ڕاهێناندا دەبێت مەسەلەکان بەڕاشکاوانە و بەڕوونی باس بکرێن و سانسۆر و ئاشکرانەکردنی مەبەستەکان هیچ شتێ چارەسەر ناکات.

ئەم پزیشکە سەبارەت بەلەناوبردنی و نەهێشتنی مانسۆر لەسەر نەخۆشی ئایدز لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندندا ڕوونی کردەوە، بەڕێوەبەرانی ڕاگەیاندن ئەبێ ئەو کارەساتەی کە لەم نەخۆشییەوە لەکۆمەڵگادا ڕوودەدات درك بکەن، چونکە ئەگەر نەتوانن لەبڵاوکردنەوەی ئەوە بەرگری بکەن، بەجۆرێك یەخەی هەمووان دەگرێت . عیمادی ئەوەی زیادکرد: ئەگەر بەڕێوەبەران بەم کارەساتە درك بکەن و ڕەهەندەکانی لەبەرچاو بگرن، هەتا بچووکترین مەسەلەش بۆ فێربوونی هەموو خەڵکی ڕوون بکەنەوە.

دکتۆر عیمادی ئەوەی ڕوونکردەوە، کە پەروەردە و فێرکردنیش لەپاڵ ڕاگەیاندندا لەکاری زانیاری گەیاندن و گۆڕینی تێڕاماندا ئەرکێکی گرنگی هەیە، وتی: ئێمە لەمێژەوە لەزەمینەی پەروەردە و



فێرکردندا بەرنامەڕێژی دەکەین، بەڵام بەداخەوە لەگەڵ هەموو هەوڵەکاندا، پاشکۆی (کتێبی زانستی) ساڵی یەکەمی ناوەندی کە چەند بابەتێکی لەسەر ئایدز بڵاوکردەوە و ئەمساڵ نەگەشتە دەست خوێندکاران و هەتا لەساڵی ڕابردووشدا ئەم پاشکۆیە لەقوتابخانەکان دابەشکرا و هەندێ لەمامۆستایان لەپێشکەشکردنی ئەو بابەتانەدا خۆیان گرت و باسیان نەکرد.

ئێمە دەزانین کە پەروەردە و فێرکردن یەکێکە لەگرنگترین ئەو گۆڕانیانەی کە ئەتوانێت لەم زەمینەیەدا زانیاری بگەیەنێت، چونکە مامۆستا ئەتوانێت وەکو ڕێنمایەکی دڵنیا بۆ خوێندکاران دەرکەوێت و لەڕێگەی فێرکردنی ڕووبەڕوودا کێشەکانیان چارسەربکات و وەڵامی پرسیارەکانیان بەجوانی بداتەوە.

(عیمادی) تایتڵی هەندێك لەفلیمەکان کە لاوان حەزیان لێیەتی و هەتا پەخشکردنی ڕیکلامە بازرگانییەکان لەنێوان بەرنامەکاندا، بەیەکێ لەڕێگاکانی زانیاری گەیاندن بەخەڵکی زانی، ناوبراو لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە لابردنی ئەو جیاوازییەی هەیە بۆ دەست بەکاربوون یان سەردانی پزیشکی ددان یان تاقیگەکان ئەرکی سەرشانی وەزارەتی تەندروستی و ئۆرگانە بەرپرسەکانی ترە، وتی: ئۆرگانە بەرپرسەکان ئەبێت ئەم بیربۆچوونە بڵاوبکەنەوە و جێگیری بکەن کە نەخۆشی (ئایدز) نەخۆشییەکە و تەنها کەسی تووشبوو تاوانبار نییە، ئەوەی کە بەچ هۆیەك تووشبووە خۆی ئەزانێت، ئەم جۆرە نەخۆشییە ئەبێتە هۆی ئەوەی کە ئێمە دەربارەی توشبووان دادوەری بکەین و دادوەریە نەگونجاوەکانی ئێمە

ئەبێتە هۆی ئەوەی کە نەخۆش سەردانی پزیشك نەکات و نەخۆشییەکەی بڵاوبێتەوە و پەرەبسێنێت، (عیمادی) سەرباری ئەرکی ئەم نەخۆشانە ئەوەی دەربڕی: ئەم نەخۆشییە تایبەتمەندییەکی جیاوازی هەیە، ئەگەر کەسەکان هەڵسوکەوتێکی پڕ لەمەترسیدار ئەنجامبدەن تووشی دەبن و کەسی تووشبوو بەرەچاوکردنی هەندێك ئامادەکاری ئەتوانێت ببێتە بەربەستێك لەبەردەم گواستنەوەی ئەم نەخۆشییە بۆ کەسانی تر و ئەم هەستی هاوکاری و بەرپرسیارێتیە لەکەسەکەدا ئەبێتە هۆی بەرگری لەپەرەسەندنی (HIV )یدا.

هەروەها ئەوەی وەبیرهێنایەوە، کە زۆرێك لەنەخۆشانی تووشبوو بە(HIV) خەریکی تۆڵەسەندنەوە لەکۆمەڵگە نین، بەڵکو خۆیان بەقوربانی ئەو نەخۆشییە دەزانن و نزیکەی زۆرینەی ئەوانەش کەسانێکی بەشەرەفن.

(دکتۆر عیمادی) ڕۆشنبیریی نێوان پزیشکەکانی بەگرنگی زانی و ئاشکرای کرد، کە پزیشکەکان خۆیان بەدروستی لەچۆنێتی پەیوەندی لەگەڵ نەخۆشەکاندا ئەزانن، بەڵام ڕووبەڕووی کێشەگەلێکی ترن، کە ئەبێتە هۆی ئەوەی بەرخوردێکی نەگونجاویان لەگەڵ تووشبوونی (HIV)دا نەبێت، بۆ نموونە ئەگەر پزیشکێك یان خوێندکاری پزیشکی بەهۆی دەرکرنی خوێن لەنەخۆشییەکی وەها دەرزییەکە بچێت بەدەستیدا و تووشبێت، هیچ جۆرە پشتیوانییەکی لەلایەن دەوڵەتەوە یان هەتا بیمەکانیشی بۆ ناکرێت و ئەبێت بەتەنیایی باری ئەم نەخۆشییەیشیان بکێشێت.



# بۆ ئەوانەی ئەیانەوێت ژیانی هاوسەرگیری پێکەوە بنێن

شالاَو ـ کەلار

پێویستە پیاو دان بەوەدا بنێت، کە لەبەرامبەر ئەوەی کە خۆشەویستی دەبەخشێت، بۆئەوەی سێکسی دەستبکەوێت، هەروەها لەبەرامبەر ئەوەشدا ئافرەت سێکس دەبەخشێت لەبەرامبەر ئەوەدا خۆشەویستی پیاوی دەستبکەوێت وە ئافرەت لە پیاوەکەی دەوێت بەشێوەیەکی راست خۆشی بوێت، ئەگینا هاوسەرگیرییەکەیان تەنها بۆ کاتە و هیچ مانایەکی خۆش نابەخشێت، بۆیە ئافرەت لەدوای هاوسەرگیری بەتایبەتی ئەیەوێت بەقەدەر ئەو سێکسکردنە خۆشەویستی پیاوی دەستبکەوێت، ئەمەش خاڵێکی گرنگە، چونکە کاتێك پیاوێك داوا لەهاوسەرەکەی دەکات کە خۆی بڕازێنێتەوە بەجوانکردنی سیمای، یاخود جلوبەرگی جوان بپۆشێت، بۆئەوەی سەرنجراکێش بێت لەبەرامبەر ئەوەشدا ئافرەتان هەڵوێست وەردەگرن، بەوەی لێکدەدەنەوە کە ئەم هاوسەرگیرییە تەنها بۆ سێکسە و پەیوەندییەکە خۆشەویستی





نییە.

ئا لێرەوە پێویستە لەسەر پیاوان کاتێك داواکارییەك لەهاوسەرەکانیان دەکەن، دەبێت زۆر بەلێزانی و وریاییەوە هەڵسوکەوت بکەن وە لەهەمان کاتدا پێویستە لەسەر ئافرەتانیش زیاتر هەوڵی راکێشانی پیاوانیش بدەن، چ لەماڵەوە بێت، یاخود لە دەرەوە، بۆئەوەی بتوانن ژیانێکی ئاسوودە بەسەر بەرن.

لێرەوە چەند ئامۆژگارییەك پێشکەش بەو کەسانە دەکەین، کە دەیانەوێت ژیانی هاوسەرگیری پێکەوە بنێن:

⋆ پێویستە لەسەر لاوان ئەوە بزانن، کە ئافرەتان کاتێکی زیاتریان پێویستە، بۆئەوەی لێك نزیکبوونەوە رووبدات بۆ کاری سێکس و نابێت پەلە بکرێت، بۆ نموونە پیاو دەیەوێت بەدڵی خۆی و لەهەموو کاتێکدا سێکس ئەنجامبدات، بەڵام ئافرەت کە ئامادەبوو،



ئەوکات پێویستی بەکات هەیە تاوەکو بریاری شیاو بدات.

⋆ پێویستە لەسەر ئافرەتان کە دەستدان لەشوێنە وروژێنەرەکانی پیاو، هۆیەکە بۆ بەرزبوونەوەی توانای سێکس لای پیاوان.

⋆ پیاوان دوای ئەنجامدانی کاری سێکس حەزیان لەخەوە، چونکە ئەندامەکانی پەیوەندی سێکسی بەخێرایی دەگەڕێنەوە بۆ باری پێش ئەنجامدانی کاری سێکس، بەڵام ئافرەتان بەپێچەوانەوەیە و دوای ئەنجامدانی سێکس پێویستییان بەکات هەیە، بۆئەوەی ئەندامەکانیان بگەڕێنەوە باری ئاسایی خۆیان.

⋆ باشتر وایە دوای ئەنجامدانی کاری سێکس، پیاوان هاوسەرەکانیان لەباوەش بگرن بۆ چەند ساتێك و لەو ماوەیەدا پیاوەکە چەند وشەیەکی ناسك و خۆش بڵێتەوە، بۆئەوەی هاوسەرەکەی دڵنەوایی بکات، ئەمەش پێدەچێت بەس بێت بۆ ئەوەی هاوسەرکەی بگەڕێتەوە بۆ باری ئاسایی خۆی.

⋆ ئافرەت لەکاتی کاری سێکسدا حەز لەوە دەکات، لەگەڵ پیاوەکەیدا قسەبکات، بەڵام قسەکردن لەم کاتانەدا دەبێتەهۆی دوور خستنەوەی پیاوان لەکاری سێکسی، بۆیە پێویستە لەسەر پیاو لەو کاتانەدا هەڵبسێت بەئەنجامدانی چەند کارێکی وەکو قسەی خۆش و لەباوەشگرتن و ماچکردن.

⋆ پیاوان ئەیانەوێ لەکاتێکدا کاری سێکسی بکەن و ئافرەتانیش دەیانەوێت لەکاتێکی تردا کاری سێکسی بکەن، لەهەردوو حاڵەتدا پێویستە هەردوو پێکەوە دانیشن، بۆ ئەوەی چارەسەری تەواو بۆکات دابنێن.